تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

50 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی

1959-2009

خەبات XEBAT

KHABAT
*Daily Newspaper - Kurdistan*
*Organ of KDP*

# ئیدارەیەکی دیموکراسی و
# بێ گەندەڵی

کوردستان
2009

لە بڵاوكراوەكانی یادی یۆبیلی زێڕینی خەبات

* **ئیدارەیەكی دیموكراسی و بێ گەندەڵی**
* ئامادەكردنی: **بەرهەم شێخ عزەدین**
* هەڵەچن: **موحسین خالیدی**
* كۆمپیوتەر: **سامان زاهیر**
* نەخشەسازی و بەرگ: **شكار نەقشبەندی**
* سەرپەرشتی چاپ: **كوردۆ ئەنوەر**
* چاپی یەكەم ـ 2009
* چاپخانەی خانی – دهۆك
* تیراژ: 1000 دانە

## لە سەرنووسەرەوە

(خەبات) لە دەسپێکی وەرزێکی دیکەیدا هاوتا لەگەڵ هەل و مەرج و ئیمکانیاتی بەردەست هەوڵی بۆ درا هەندێ گۆڕانی لە هەردوو ڕووی شێوەو ناوەرۆک و ژمارەی لاپەڕەکاندا تێدا بێتەکردن. ئەوە بوو لە پاڵ کردنەوەی کۆمەڵێک فایلی تایبەت کە لەگەڵ پێداویستی و داخوازی ئەزموون و بنیاتنانەوەی وڵات و مرۆڤی کوردو کوردستاندا بێتەوە وەک فایلی؛ ئاوەدانکردنەوەو ژیانی لادێ، پەروەردەو خوێندن، IT (کە یەکەمین جار خەبات لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کرد)، منداڵان و نەوەی نوێ، گەشتوگوزار، ئابووری و بازاڕ، کۆمەڵایەتی، ئافرەت، سەندیکاو ڕێکخراوەکان، کولتوور، زانست، تەندروستی، ژینگە، کشتوکاڵ، مێژوو، یاسا ... تاد بە سەدان ڕیپۆرتاژو بە دواداچوونی بەرهەمداریشی هاتە

پاڵ کە بەبێ خۆپەسەندی لەگەڵێک کەناڵی دیکەی بیستراوو بینراوو نووسراوی ڕاگەیاندنی بەربڵاوی کوردستان هەندێ جار چاویشی لێ کراوەتەوە..

ئەم تەوەرانەش کە بەردەوام بە زنجیرە لە (خەبات)دا بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی تێبینی کردبێ لە هەموویاندا ئەو بابەت و بۆچوونانەی تێدا هەڵبژێرراون کە پرسیاری هەنووکەیی و پرسی ڕۆژ بوون...

بەم بۆنەیەوەو لە یۆبێلی زێڕینی (خەبات)دا بە باش زانرا ئەگەر بۆ هەمووشیان ئیمکان نەبێ، دووسێ زنجیرەی لێ دەستنیشان بکرێ و بەم بۆنەیەوە بڵاوبکرێنەوە..

هیواداریـن لەگەڵ گـزنگدانی یەکەمین ساڵی پەنجاییەی دووەمیدا (خەبات) بە گۆڕێکی دیکەو لالێکردنەوەو چاولێ بوونێکی ترەوە لە گرتنەبەری ئەم ڕێبازەیدا بەردەوام بێت.

دیارە تا ژیانیش بەردەوام بێ، خەبات بەردەوام دەبێت، کە (خەبات)یش وەک هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە خەباتی گەلەکەماندا.

نەوزاد عەلی ئەحمەد

ئاداری/ 2009

# ئیدارەیەکی دیموکراسی و بێ گەندەڵی

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە و بەرۆکی ئێمەشی گرتووە، وێڕای ئەوەی زۆر کێشەی مێژوویی و نەتەوەیی بەبێ چارەسەری ماونەتەوە، دەخوازرێ ئیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکرێ، بۆ ئەو مەبەستە لەتەوەرێکدا بەناوی ( ئیدارەیەکی دیموکراسی و بێ گەندەڵی) چەند بیرورایەک دەخەینەڕوو، بۆ گەڕان بەدوای میکانیزمێک کەبتوانێ چارەسەریی بۆ ئەو دەردە بدۆزێتەوەو بەشدارییەکی هەمەلایەنە بۆقسەکردن لەوبارەیەوە و گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو بخولقێنێ.

**ئامادەکردنی:**
**بەرهەم شێخ عزەدین**

# گەندەڵیی و دیموکراسیەت

حەسەن جەباری

**قسەکردن لەسەر گەندەڵی،پەیوەستکردنی بە دیموکراسیەتەوە لەم تەوەرەدا، ئەوە نیشان دەدات کە پێویست دەکات رۆشنبیران، سیاسەتمەداران، ئابووریناسان ...هتد راو بۆچوون، نەزەری خۆیان لەسەر ئەم دیاردەیە بخەنەروو، بە بۆچوونی من گەندەڵی دیاردەیەک لەگەڵ دروستبوونی دەسەڵات و دەوڵەت سەرییهەڵداوە، پێموایە گەندەڵی لەهەموو سیستەمە سیاسیەکان بەدەر دەکەوێت، چ دیموکراتی بێت و یا دیکتاتۆری بێت و ئاپینی بێت..هتد، رەنگە هاوکێشەیەک نەبێت بتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت و بڵێت ئەگەر دیموکراسییەت هەبێت، گەندەڵی نییە.**

بە گوزارشتێکی دیکەناتوانین دەستنیشانی سیستەمێکی سیاسی بکەین و لەوێدا گەرێنتی ئەوەبدەین کەگەندەڵی نییە، یاخود ئەگەر هاتوو ئەو شێوەیە هەبوو لەحوکمڕانی ئیتر گەندەڵی بابای دەکات، بەبڕوای من دەکرێت گەندەڵی لە

چەندین ڕەهەند وپتر ویستی جیاجیا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەرووی سوسیۆ وئابووریەوە، لەروی کۆمەڵناسی سیاسیەوە، لەرووی ئیداری ولەرووی زانستی سیاسیەوە، لەرووی ئایینیەوە، چونکە دیاردەیەک لە هەموو بوارێک لەبوارەکانی ژیان دەکرێت سەرهەڵبدات وجودی هەبێت، ڕەنگە بەرەنگاربوونەوەی ئاسان و ساکار نەبێت، ئەگەرچی بێت وەکو دروشمە، لەزۆربوونە و موناسبەدا لەسەر لافیتەکان و لەسەر رووپەری رۆژنامەکان دەیخوێنینەوە، بەکورتی لەم پێشەکیە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە گەندەڵی دیاردەیەکی ترسناکە و دژی بەرژەوەندی گشتی خەڵکە، ئالیەت وئامرازی بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری مەعلوم، بەڵام پراکتیککردنی قورس وگرانە بەتایبەتی لە کۆمەڵگا تەقلیدی وسونەتیەکاندا. لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا تەماشا دەکەین ئەم دیاردەیە بەزەقی بەدەر دەکەوێت، ئەمەش پەیوەست بەوەی هەندێ لەوڵاتانی بەرەو کرانەوەو دیموکراسیەت دەڕۆن و لە قۆناغێکی بونیادنانەوەدان وەکو ئەندونیسیا لەسەردەمی سوهارتودا لەساڵەکانی پەنجا دا پاوەلی کێشەوگرفتی سەرەکی لەتووش بوونی ئەم وڵاتانە بەگەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کۆمەڵێ داب ونەریتی سونەتی وکلاسیکی، کەوەها هاوکات روخسارەکانی گەندەڵی بەزەقی بەرچاو بکەن وەکو دزی، بەرتیل،واسیتە، مەحسوبیەت...هتد، ئەم دیاردەیە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت،بەڵام روخسارەکانی یەک روخسارن وەلی ڕەنگە موعالجە کردنی بەیەک رستەو یەک شێواز چارەسەر نەکرێن، لەهەندێ وڵاتدا تێبینی و سەرنجی ئەوە دەدەین کەسەکان لەناو یەک حزب وگروپی سیاسیدا، بۆیە بەهێز کردنی پێگەی خۆیان لەبری ئەوەی چارەسەری گەندەڵیەکان بکەن بەشێوەیەکی ئەقڵانی، بەڵکو پەنا دەباتە

بەرناوزەراندن، یاخود لەهەندێ وڵاتدا پرۆسەیەکی لەتوندوتیژی بۆنەهێشتنی گەندەڵی بەرپا دەکەن، هەڵبەتە ئەوەش زۆر بەزەقی دەردەکەوێت لەوڵاتانی دواکەوتوودا، حەز دەکەم لێرەدا ئاماژەبەوەبکەم، مەسەلەی گەندەڵی تەنیا ئەوە نییە لەدام و دەزگاحکومیەکان روودەدا، بەڵکو لەهەموو جێگایەک و شوێنێک بەدی دەکرێت و پەرستگا و شوێنە ئایینیەکانیش لێ بەدەر نین، بۆ نموونە چاکسازی پرۆتستان بەهۆی نارەزایەتی خەڵک دژی سوود وەرگرتنی خراپی قەستەکاتولیەکان.. بۆیە زۆرگرنگەبە دیقەتەوە دەستنیشانی هۆکارەکانی گەندەڵی بکرێت،رێگەی چارەسەر بدۆزرێتەوە بەشێوازێک دوور بێت لەتوندوتیژی و بەتونێڵی چاکسازیدا بروات بۆ ئەوەی بتوانین لە ئایندەدا لەو تۆنێڵدا بێ چرا هەڵبکەین.

خوێندنەوەی گەندەڵی لەچەند روانگەیەکەوە:

وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، دەکرێت گەندەڵی لەچەندین روانگەی جیاواز مشتومڕ و گفتوگۆی لەسەربکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەئایندەدا چارەسەرکان بخرێنەروو، لێرەدا مەبەستمان هەندێ روانگەیە تا قسەی لەسەر بکەین.

## روانگەی سیاسی

لایەنگرانی روانگەی سیاسی لەم رووەوە پێیانوایە،کە بنەمای گەندەڵی بەربلاو وپتر لەوەی،کەباسێکی کۆمەڵایەتی ئابووری بێت و لە ناوەڕۆکدا چەمکێکی سیاسییە، چونکەدەسەڵاتی سیاسی لەپشتەوەیە، بەهۆی میکانیزمە دیموکراتیەکانی، کە بەر چاو دێرەوە شیاوی کۆنترۆڵ کورتکردنەوە نییە. لەهەرکۆمەڵگەیەدا کە دەزگا چاودێرەکان و حزبە سیاسی ورێکخراوە مەدەنی، پیشەییەکان توانای چاودێری، کاریگەری و کورتکردنەوەی سیاسی بڕیارەکانی رێکخراو حکوومیەکانیان

نەبێت، لەوکۆمەڵگەیەدا دەزگاکانی دادوەری و زانیاری ئاسایشی لەژێرکۆنترۆڵ ودەسەڵاتی داسەپاوی سیاسی بن، بواری قوڵبوونەوەو بەردەوامی گەندەڵیی سیاسی زۆرپترە. هەروەها ئەم روانگەیە دروست بوونی سیستەمی ماستاوچێتی ونەبوونی شایستە سالاری و خزمایەتی ودۆستایەتی و دواخستنی بواری سیاسی بەهۆکاری سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی گەندەڵی سیاسی دەزانێت، کەئەم دیاردەیە خۆی بۆخۆی لەدواکەوتوویی سیستەمی سیاسییدا سەرچاوە دەگرێت.

### روانگەی ئابووری

ئەم روانگەیە هۆکاری گەندەڵیی سیاسی لە پێکهاتەی ئابووری پێشکەوتوودا دەبینێت، کە ئەویش لەلای خۆیەوە ئەو پێشنەکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی بێ سنووری دەوڵەت لە ئابووریدا، لەراستیدا ئابووری دەوڵەت بەتایبەتی ئابووری تاکە بەرهەم گرنگترین سەرچاوە گەندەڵی سیاسی بە ئەژمار دێت، کەبواری قۆرخکردن و دابەشکردنی سامانە گشتیە، یابە گوزارشتێکی دیکە ئیمتیاز گەلی تایبەتی و ئابووری و کۆمەلایەتی دەرەخسێنێت. ئەم دەسەلاتە تایبەتەیان ئەم ئیمتیازانە بەکۆنترۆڵ و بەرتەسکردنەوەی کاروباری بازاڕ و دیاریکردنی رەوتی بازرگانی دەرەکی و بواری چالاکی بۆ بەشێک لەهەوڵە چالاکییە پڕ سوودە ئابوریەکان فراوانتر دەکات. قۆناغی گواستنەوەی ئابووری دەوڵەتییەوە، بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد بەناوی دروستکردنی کەرتی تایبەت یان ئازادکردنی ئابووری. بەڵێ ئاسانکاری یاسایی وچاودێری کاریگەر، قۆناغێکی تری هاتنەئارای گەندەڵی سیاسیە، کە نەتەنیا دەبێتە هۆی دروستکردنی بەشی غەیری دەوڵەتی کارا، بەڵکو دەبێتە هۆی بەفیڕودانی سامانی گشتی بەنرخێکی نادروست بەبەشێک لەخزمان و نزیکانی حکومەتی،

ئەزموونەکانی پێشتری وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ڕووسیا و هەروەها وڵاتانی جیهانی سێیەم دەربڕی ڕاستیە ناخۆشەکانی قۆناغی گواستنەوە لەئابووری دەوڵەتیدان.

**ڕوانگەی عەقلانیەتی تاکەکەسی**

گەندەڵی سیاسی وەک ئاکامی لێکدانەوەی ئەقلانی خەرج، قازانجی فەرمانبەرانی حکوومی بە ئەژمار دێت، لەم مۆدێلەدا، تاکە بەدیار دەردەکات، کەسانێکن کە تێدەکۆشن بەرژەوەندیی خۆیان لەسامان و سەرچاوە دەگمەنەکان بەدەست بێنن بە کورتی لەم ڕوانگەدا، گریمان ئەوەیە کە سیاسەتمەداران، بۆرۆکراتەکان لەهەوڵی دەسەڵاتی سیاسی و دارایدان، بەم پێیە ئەگەر ئامانجی ئەو تاقمە، بەتەنیا دەسەڵاتی سیاسی بێت، ڕەوتی دروستی، ململانەسیاسییەکان، پرۆسەی بڕیاردان و چاودێری سیاسی تووشی کێشە و گرفت دەکات وسامان و سەرچاوەی سیستەمی سیاسی بەئاراستەی ئامانجەکانی خۆی ڕادەکێشێت. لێکۆڵەران و تیۆردارێژەرانی ئابووری سیاسی بەچەقبەستوویەکی تایبەت و بەگرنگییەوە لە گەندەڵی دەڕوانن، بە گشتی بنەمای بەشی زۆری ئەدەبیاتی ئابووریی سیاسی لەسەر ئەم گریمانەیە، کەکارکردنی مرۆڤە لەوانە سیاسەتمەداران، دەنگدەران، فەرمانبەرانی دەوڵەت و بۆرۆکراتەکان، دەسەڵاتی دادوەری، گروپەکانی گوشار یان کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، سوودمەند و لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئەو شتەدان کە تێوەربزانان پێدەڵێن، ئەوپەڕی داهات و قازانجخوازی. لە سەر بنەمای مۆدێلی بیت هام، لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا، بژارەیەکی بۆ دەسەڵات سیاسەتمەداران خۆشحاڵ دەکات، ئەم کارە لەبەرانبەردا دەبێتە هۆی بڕیاردان وداڕشتنی سیاسەت لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە، کەخۆشحاڵی خەڵکی بەدواوەیە، بۆیە هەموو کەسێک

خۆشحاڵە، بەڵام لە جیهاندا، راستیە سیاسیەکان بەو شێوە بەڕێوەناچن.

## ئامانج و مەبەستی باسەکەمان

بێگومان ئەوەی لە سەرەو باسمان کرد لەمەڕ گەندەڵی رەنگە وێنەیەکی لای خوێنەر دروست کردبێت لەسەر هۆکار و مۆتیڤەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی؛ وەکو ئاماژەمان پێی کرد، گەندەڵی پەیوەست نییە بە سیستەمی دیموکراتی و دیکتاتۆری...هتد، بەڵکو نەخۆشیەکە لەگەڵ بوونی دەسەڵات و دەوڵەتدا سەریهەڵداوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە نێو کایە سیاسی و حزبی و رێکخراوەیی ئێمەدا نەخۆشی و دیاردەی گەندەڵی هەیە و هۆکارەکانی چین؟ پێم وایە ئاسانترین وەڵام ئەوەی کۆمەڵی رووخساری بەدەرخەین دەپرسین لە واستە، مەحسوبیەت، خزمایەتی... ئەمانە وجودیان هەیە من دەڵێم: بەڵێ هەستی پێدەکرێت واتا رووخسارەکانی گەندەڵی زەق و دیارن ئەگەرچی ناتوانین بە شێوەیەکی رەها ئاماژە بەو بکەین لەم وتارەدا، چونکە بە بڕوای من ئەمە پێویستی بە دیراسەیەکی ئەکادیمی مەیدانی هەیە، بەشێک لەو گیروگرفتانەی وەها دەکات گەندەڵی سەرهەڵبدات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەمان، مەحکوم، بە جۆرێک لە سوننەتی و تەقلیدیەت کە ئەمانە وەها دەکەن خزمایەتی، کارلێکردنی هەبێت لەسەر ئیش وکارە گشتیەکان، بۆیە هەنگاونان بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدی  و کشتوکاڵی، بێتە کۆمەڵگای پیشەسازی بەرهەمهێن رۆڵ دەگێرێت لە کەمکردنەوەی  گەندەڵی، هەروەها ئەو قۆناغە راگوزەری ئێمە تێدا دەژین لە گۆڕان لە رژێمێکی تۆتالیتاری بۆ رژێمێکی دیموکراتی، ئیشکالیەتی گەورەی بۆ دروست کردووین، پێویست بە کارو بەرنامەی فراوان هەیە بۆ ئەوەی زهنیەتی تاک

بــگۆڕدرێت، هــەروەهــا گۆڕانــکــاری لــە بــواری چۆنــیــەتی حوکمکردنی وڵات، کە ئێستا لە قۆناغی گۆڕینی حوکمڕانین، لە وڵاتێک کە هەمیشە تاکەکانی فەرمانیان لەسەر بووە، بۆ پلانێک نیەت هەیە بەرەو سیستەم و حوکمڕانی دیموکراتی رەشید بڕوات، رەگە لەو وتارەدا بوار نەبێت ئەوەندە باس بکرێت لەسەر دیاردەی گەندەڵی، کە پێویستی بە سیستەم هەیە بۆ کەمکردنەوە نەک بە تەنیا نیەت و ئیرادە؟!.

سەرچاوە: دژی گەندەڵی ـ عەلی رەبیعی ـ رەفعەت موڕادی ـ **2006**.

# کێشه هەنووکەییەکان و فەراهەمهێنانی ئیدارەیەکی دوور لە گەندەڵی

عەلی میرزا عارف هەورامی

لەپێناوی پەرەپێدانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دیاریکردن و چارەسەری کێشە هەنووکەییەکان، دەبێ بە گیانێکی رەخنەگرانەوە سەرنج بخرێتە سەر کارو ئەرکەکان وبە شەفافیەتەوە تەواوی رەخنە بنیاتنەرەکان بنرخێنین. حکوومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، دامەزراندنی دەستی دەستەو تاقمێکی دیاریکراو نین، بەڵکو خاوەندارێتیان لەدەستی جەماوەری گەلەکەماندایە و ئەزموونێکە لەئەنجامی قوربانیدان و خوێنی گەشی هەزاران شەهیدو ئەنفالکراو و کاولکاری و چەوساندنەوە هاتووەتە بەرهەم.. بۆیە وەک پێویست پاراستنیان ئەرکی سەر شانی هەمووانە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە

**کێشەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان و چارەسەرکردنی ماددەی 140 و فەراهەمهێنانی ئیدارەیەکی دیموکراسی دوور لەگەندەڵی بکەین و ئەوەندەی لەتوانادا بێت هەوڵی ڕێگاچارەی دڵسۆزانەیان بۆ بدەین.**

لە ئەمڕۆدا ئەوە بەدی دەکرێت کێشەی ئاساییکردنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان لە سنووری کوردستان مشت و مڕیان لەسەرەو بەو ئەندازەیەی پێویستە چارەسەر نەکراون و دەقیان بەبارودۆخی خۆیانەوە گرتووەو بێ چارەسەر ماونەتەوە. ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێتە لێدوان وتارە گەرمەکانی هەندێ لە دەسەڵاتدارانی بەغدا وسەرچاوە جۆراوجۆرەکانی بڕیار بەدەست، سەبارەت بە کێشەی عەرەبی هاوردە و گێڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان و گەڕاندنەوەی کوردەکان بۆ شوێنەی بنەڕەتیەکانیان وئاساییکردنەوەی بارودۆخیان و جێ بەجێکردنی ماددەی140 ی دەستوور، دەبینین هەڵگری هەمان لۆژیک و هەمان ئایدۆلۆژیای بەعسن و هەندێ کات لەوێش توندتر نیازی ڕەگەزپەرستیان بەرامبەر بە گەلی ستەمدیدەی کورد دەردەخەن و بەهیوانین جارێکی تر ئەو واقیعە لە بەرژەوەندی کورد و خاکی کوردستان بگۆڕن.

کارکردن لە سەر ماددەی 140 وەک ماددەیەکی دەستووری جێگیر و پراکتیزە کردنی بەگەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاو وکێشە دارەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ دواکەوتنیدا خەریکە کاتەکە بەسەر بچێت، هێشتا هەنگاوی عەمەلی سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەوە نەنراوە، دەبینین عەرەبی هاوردە نەک لە لایەن حکومەتەوە ناچار بە گەڕانەوە ناکرێن، بەڵکو زیاتر کەندو کۆسپیش لەڕێی گەڕانەوەی ئەو خێزانانەدا دادەنرێت کە بیانەوێت بگەڕێنەوە،

ئەمەو جگە لە کارنەکردن لەئاستی گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان و دواخستنی ئەو پرۆژانەی بڕیارە لە کەرکووک دا ئەنجام بدرێن و بە بیانوی جۆراوجۆر دوادەخرێن. لێرەو لەوێ لێپرسراوانی بەغدا و لەخودی سەرۆک وەزیران( نوری مالیکی) دەبینرێت، دەبێ لە ماوەی دیاری کراوی خۆیدا ماددەی140 وەک دەستوور دیاریکردووە جێ بەجێ بکرێت ئەم بەڵێنەو لەگەڵ کۆتایی ساڵدا بەڵێنێکی (نەعیم حەداد) ی ئەندامی سەرکردایەتی بەعسم هاتەوە یاد لە کۆتایی ساڵی 1973 لە سەردانی بۆ سلێمانی و بەئامادەبوونی ژمارەیەک فەرمانبەرو لێپرسراوانی پارێزگا لە دیوانی پارێزگادا بەڵێنی سەرۆک کۆمارو سەرکردایەتی بەعسی وەک مژدەیەک بە خەڵکی کوردستان دا، کەلە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ساڵی 1974 دا دەبێت ویستی گەلی کورد لە جێبەجێکردنی بەیاننامەی 11 ی ئازاری 1970 و ڕێکەوتنی نێوان (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی) بێتە دی. بەرانبەر بە هەر دوو بەڵێنەکە ئەو پەندە عەرەبیە دێتەوە یادم( الطیور علی اشکالها تقع). مەخابن ئێستا هیچ هەنگاوێکی جیدی و عەمەلی لەهەگبەکەیاندا بەدی ناکرێت. ئەوەی جێی رامانە حکوومەتی نوری مالیکی لەئاستی کەرکوک و دواخستنی کارکردن و ماددەی دەستووری 140 کەوتووەتە ژێر فشاری توندی لایەنی ناو پەرلەمان و حکوومەتەکەی خۆیەوە بەو نیازە سوود لەکات وەربگیرێت و دواجار لەدەستدانی کێشەی کەرکووک، کە یەکێکە لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی بەعس و هەندێ کەس ولایەن لە ڕەگەزپەرستانی عەرەبی ناودەسەڵاتی ئێستای بەغدا.. کەئەمەیش هیچ وەخت جێی ڕەزامەندی گەلی کورد نابێت و بە زیانێکی گەورەی پەیوەندی کوردو عەرەب دەشکێتەوە. دوا مەبەست سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و

ماددەی 140ی دەستوور ئەوەیە، ئاخۆ تا چ پلەیەک کوتلەی هاوپەیمانی کوردستانی پەرلەمانی ئێراق و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بەئاراستەی راستکردنەوەی ئەو مەسەلانە هەنگاویان هەڵگرتووە و تاکەی بە یەکجاری مەسەلەکان لەژێر تەم ومژی سیاسیدا دەهێڵنەوە و بە ڕوونی و بەئاشکرا ناخەینە بەردەستی رای گشتی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان تا ئاستێک لێیان بێ ئاگان. وەک لە هەندێک روخساروسیمادا دەرکەوتووە هەندێ جار دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان وەک بیانوویەک بۆ پەردەپۆشکردنی سەرنەکەوتنی سیاسی و بە ئەنجام نەگەیاندنی ئەرکەکان، هەڵواسراوی کێشەکان دەخاتە ئەستۆی لایەنی بەرامبەر.. دەکرێت بووترێت مالیکی نایەوێت ئەجیندای کورد بێتە دی، یان بە واتایەکی تر کەرکووک وناوچە کێشەدارەکان وەک باری ئێستایان بهێڵتەوە.. ئەکرێت تا ئاستێک ئەم وتە یەراست بێت. پرسیار لێرەدایە. بۆچی هاوپەیمانی کوردستان و دەسەڵاتی هەرێم بۆ فشاری هەڵوەشاندەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی یەکگرتووی شیعەو هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی (مالیکی)ە... یان لانی کەمی رووگیرکردنی هەوڵنادات؟ هەرهیچ نەبێت بەمەستی کاراکردنی ماددەکە

لە راستیدا لایەنی بەرانبەر چەند رێگرە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140، دوو هێندە دەسەڵاتی کوردی کەمتەرخەم و هەڵویست لاوازە و پێویستی بە خۆگورجکردنەوەو خۆسازدان هەیە لەو ئاستەدا. نالۆژیکیە ئێمە چاوەڕێ بین مالیکی و لیستی یەکگرتووی شیعە لە ئێمە زیاتر خەمخۆری کورد بن و بەتەنگ کێشەکانیەوەبن و کار بە ئاراستەیەک بکەن لەبەرژەوەندی ئەجێندای ئێمەدا بێت. بەپێ رێنماییەکانی لێژنەی سەرپەرشتیاری ماددەی 140 پێویستە هەنگاوی

داهـاتـوو لـه 15-10-2007 بـارودۆخی کـەرکـووک ئـاسـایی کـرابێـتـەوە، عـەرەبی هـاوردە گـەڕابـنـەوە وکـوردەکـانـیش لـە شـوێنەکانی جـارانی خۆیـان نـیـشـتەجێ کـرابـنەوە و هەنگاوی عەمەلی بەرەو سەرژمێریکردن بنرێت کەدەبێ لە 17-11-2007 ئـەنجـام درابێت و ئـامـادەسـازی تـەواوبـکـرێت بـەرەو کـردەوەی راپرسی لەسەر چارەنووسی ناوچەکێشـەدارەکان، کە بڕیارە لە نـاوەڕاسـتی کـانـوونی یـەکـەمی ئـەمسـاڵدا ئـەنجام بـدرێت. لـە کـاتێـکـدا بـەرەو مـانـگی ئـاب دەچـین هێـشـتـا فۆرمی ناونووسکردنی گەڕانەوەو قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان لە هەر یەکەیەکی ئیداریدا لەچەند فۆرمێکی پڕکراوە تێپەڕی نەکـردووە. ئەگەر ئـاوڕێک بەلای راسپـاردەکـانی راپۆرتـەکەی بیکەر– هاملتون بدەینەوە، هەست بەوە دەکرێت وەردە وردەو بەهەنگاوی ژێر بەژێر وهەندێ جار بەئاشکرا سەرەداوەکانی پراکتیزە کردنیان رێگایان گرتووەتەبەر، ئەمەیش لەکاتێکدایە دەسـەڵاتی هـەرێـمی کـوردسـتـان دوورە پـەرێـز شـەفـافـیـەتی زانیاریەکان بۆکۆمەڵانی کوردستان دەگوازێتەوە تەنها بە وتەو لێدوانی لێرەو لەوێ دەوترێت ( سووربن لەسەر پراکتیزەکردنی ماددەی140 لەکاتی خۆیدا.. دیارە ئـەمـەیش هیـچ ئاکامێک بەدەستەوە نادات.. خۆ ئەگەر بە وتەی (سووربن) بێت دەبێ چ هەڵوێستێک زامنی ئەو سووربوونە بکات. هەر چەندە ئەم مەسەلەو کێشە بەدوا داچوونی زۆرتر هەڵدەگرن، پێویستە لە ئاستی چۆنیەتی فەراهەمهێنانی ئیدارەیەکی دیمکراسی دوور لەگەندەڵی هەڵوێستەیەک بکەین، کە رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پێناسەی گەندەڵی دەکات بە ( خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی، یان پایەی سیاسی لە پێناوی بەرژەوەندی تـایـبـەتی و تێـکـەڵاوکـردنی پـایـەی سـیـاسی و بـازرگـانی). بەمەبەستی فەراهەمهێنانی ئیدارەیەکی دوور لە گەندەڵی، یان

کەم گەندەڵ، دەکرێت لە سێ رەهەندی گرنگەوە چارەسەری گەندەڵی بکرێت، کە رەهەندەکانی- سیاسی وئابووری و ئیداری) دەگرێتەوە. بۆ چارەسەرکردنی رەهەندی سیاسی سەرەتا نەک هەر پێویستە بەڵکو دەکرێت دەستێوەردانی حیزبی لەکاروباری ئیدارەدا بێتە کۆتایی و دەستووری هەرێمی کوردستان پراکتیزە بکرێت، لەگەڵ فەراهەمهێنانی بەیاساکردنی ژیانی سیاسی وچالاکی سیاسی و بەشداریکردنی هەڵبژاردن بەیاسای کێبڕکێی لایەنە سیاسییەکان ودوور لەیەک کوتلەیی... پاش هاتنەدی و بەئاکام گەیشتنی ئەم کارانەو گرتنەبەری رێگای کارا هەوڵبدرێت پسپۆری سیاسی لە بوارەکانی کایە سیاسییەکان وپسپۆڕی ئێداری بە شێوازێکی ئەکادیمی بۆ دەزگا حکومیەکان پەروەردە بکرێن. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو دەستنیشانی خاڵە لاوازەکان و چارەسەرکردنی گەندەڵی بکرێت، دەکرێت هەر لەسەرەتای چوونە ناو ئەم پرۆسەیەوە، هەموولایەنەکان هاوکارو هەماهەنگ بن لە چالاککردنی ( لێژنەی نەزاهە ) و بە کەسانی یاساناس و پسپۆڕ لە بواری ئیدارەو دارایی و ئابووریدا بە هێز بکرێت و تەواوی دەسەلاتی پێ ببەخشرێت، دەسپێکی ئەم کارەیش لە چەند هەنگاوێکی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە:

1- کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر بوودجەو چارەسەرکردنی خەرجی بێ جێگەو نەهێشتنی زیادە میلاک.. هەروەک دەبینین ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەرو کارمەندو مووچەخۆر جێ و رێی بێ کەڵکیان داگیر کردووە بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێ بدەن بەدەست.

2- حکومەت دەتوانێت ئەو فەرمانبەرو کارگوزارو مووچە خۆرانەی تەمەنیان لە سەرووی شەست ساڵەوەیە خانە نشینیان بکات و خاوەن بڕوانامە بالاکان لە شوێنیاندا دابنێت.

3-لەپێناوی کەمکردنەوەی گەندەڵی و بنبڕکردنی لە ئیدارەکاندا، پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرایەتێکی گشتیدا لێژنەی پشکنین وبەدواداچوون لە پسپۆڕانی بواری ئیدارەو دارایی و ئابووری دابنرێت و وابەستە بکرێت بە لێژنەی سەرەکی پارێزگاوە، بە مەرجێک ئەندامانی لێژنەکان بێ لایەن بن لەکاروباری حیزبیدا و کەسانێکی رابردوو پاک و دەست پاک و تواناداربن لە دەستنشانکردنی هەر کێشەیەکی دارایی بە شێوەیەک لەشێوەکان گەندەڵی لێکەوتبێتەوە.

4- لە پێناوی بەهێزکردنی باری ئابووری و لەناوبردنی گەندەڵی وراهاتن لەسەر ژیانی مەدەنی و دیموکراسی، پێویستە بوودجەی هەرێم بەهیچ شێوەیەک لەدەستی حیزبدا نەبێت و پەرلەمان تەحەکومی پێ بکات و بوودجەی سەرجەم حیزبەکان بەشێوازی یاسایی رێک بخرێت.

5- زۆرگرنکە لەدەستووردا یاسای ( من این لک هذا) پەیڕەو بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

6- بۆ زیاتر بەهێزکردنی بواری ئابووری دارایی و دەست کێشانی حکوومەت بەسەر بازاڕ و چاککردنی گوزەرانی خەڵکی کەم دەرامەت، چاودێری نرخی کەل وپەل وکالاو خۆراک کاریگەری توندی دەبێت لەسەر بژێوی خەڵک و کەمبوونەوەی گەندەڵی، بەم ئاراستەیەوە دەبێ دەسەڵاتی حکوومەت و کەسانی سیاسی و کەسانی نزیکیان مامەڵەی بازرگانیان لێ قەدەغە بکرێت ومووچەی سەرجەم فەرمانبەرە پلە بەرزەکانی دەوڵەت بە یاسا رێکبخرێت،

7- بۆ زیاتر دەست بەسەردا کێشانی دەسەڵات وکارکردنی لەسەر بنبڕکردنی هەرکارێکی دزێوی دژ بەیاسای ئیدارەو دارایی وبەهێزکردن و کاراکردنی لێژنەی چاودێری دارایی و

بەرپرسیارکردنی لەبەر دەم پەرلەماندا.

8- کرانەوەی سەرجەم دام ودەزگا ئیدارییەکان لە پێش رۆژنامەنووسان وەک دەسەڵاتی چوارەم، تا ئاستی سوودبەخشین و زانیارییە ئیداری و داراییەکان بخرێتە بەر دەستیان، لەکۆتاییدا دەڵێم بەرامبەر بە چارەسەرکردنی گەندەڵی ئیداری، گەر چارەسەری هەردوو رەهەندی سیاسی و ئابووری کراو پەرلەمان ئەکتیڤ کرا لە رووی چاودێری و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێ بەجێکردن، ئەو وەختە ئیدارەیەکی تۆکمەو بێ گەندەڵی.. یان راست تر بڵێین کەم گەندەڵ فەراهەم دێت.

# گەندەلی واتە خراب بکاربرنا دەسەلات و ب هەدەردانا سەروەت و سامانێ نەتەوی و نیشتیمانی

**مبەشەر حەسەن حدو***

**واژەیا دیموکراسی وەک تێگەه گەلەک مێژەیە هاتییە دناڤ قاموس و فەرهەنگا گەلێ کورددا، سەرکردایەتییا سیاسیا کوردستانێ ژی دروشم و ئامانجێت خو لسەر ڤی شەنگستەی ئاڤا کرینە.هەر لسەر شەنگست و بنەمایێت دیموکراسیێ هەرێما کوردستانێ ماوەی(١٦)سالانە دەسەلاتا خو دامەزراندییە و گەلێ کوردستانێ هەڤرێ دگەل خەباتا خویا نەتەوی کار بو دیموکراسی کرنا کوردستانێ و عێراقێ و دامەزراندنا موئەسساتێت ئیداری ب ئاوایەک دامەزراوەیی دکەت.**

دڤان چەند سالێت خو برێڤە برنێدا سەرباری پیلان و دوژمنایەتییا رژێما بەعسا هەرفتی و هەرەشە و دورپێچ کرن و گڤاشتنێت سیاسی و ئابوری و ئیدارییێت وەلاتێت هەرێمی ل دژی ئەزمونێ کوردستانێ،ئیرو کوردستان شیایە خو وەکی هەرێمەک ئارام و دیموکرات بناسینیت و ببیتە جهێ پویتە پێدان و هیڤییەک مەزن بو پراکتیزەکرنا دیموکراسیەتێ ل عێراقێ و

روژهەلاتا ناڤینا موزن دچارچوڤێ سیستەمێ نوییێ جیهانیدا.

ناهێتە ماندەلکرن کو کارتێکەری و باندورا کلتوورێت هەیی ل روژهەلاتا ناڤین نەمازە سیستەمێت توتالیتاری و هەروەتوڤ فیندەمێنتالیزمێ ب تایبەتی ژلایێ وەلاتێت داگیرکەرڤە، رەنگڤەدانەک نەرێنی و نیگەتیڤ هەبویە لسەر نێرین و تێفکرینا گەلێ کوردستانێ و بەرکار و دەرئەنجامێت خراب هەبوینە لسەر کلتورێ مە کو ئێک ل وان دیاردەیا گەندەلییێیە.

گەندەلی دیاردەیەکا نەرێنییە کو ل سەرانسەری جیهانێ بەلاڤ بویە و وەکی نەخوشیەک و ڤایروسەک کوژەک کەفتییە گیانێ گەلان و وەلاتان و ل پرانیا وەلاتێت جیهانێ دهێتە دیتن،لێ قەبارە و رێژە و جورێت وێ ل وەلاتەکێ بو وەلاتەکێ دیکە لگوری کاودانێت سیاسی ، ئابوری ،کلتوری، چاندی،هەروەتوڤ ئاستێ پێگەهشتنا جڤاکی و تەکنولوژی و..هتد،جیاوازی هەیە. لەورا فەرە ببێژین ب لبەرچاڤ گرتنا جیاوازیا جور و ئاستێ گەندەلیێ ل وەلاتەکێ بو یێ دی خویاکەرێ هندێیە کو شێوازێ بەرڤ روو بونێ ژی دڤێت جیاوازی هەبیت و ئەڤ جیاوازییەش لگوری جورێ گەندەلیێ،دڤێت ب دیراسات و لێکولینێت زانستی و ئەکادیمی و رێک و پێک دچارچوڤێ پلانەک ستراتیژی و بەرنامە دارێتی و گشتگیر بهێتە دەستنیشانکرن پێخەمەت نەهێلان و چارەسەرکرنا گەندەلیێ. لدویڤ وان لێکولین و دیراساتێت کو هاتیە کرن خویا بویە کو رێژە و ئاستێ گەندەلیێ دناڤ وەلاتێت پێشکەڤتی و دیموکرات(پەرەسەندوو)گەلەک کێمترە ل وەلاتێت پێشڤەروو(پەرە ئەستێن)لبەر کو وەلاتێت پێشکەفتی ژبەر سیستەمێ خو یێ رێک و پێک و سەروەریا یاسایێ و چەندین ئەگەرێت دیکە شیاینە سنورەکێ بو گەندەلیێ ب هەمی جورێت خوڤە(گەندەلیا سیاسی،ئابوری،ئیداری)دابنێن.ئەڤ ژی

خوباکەرێ هندێیە کو دیموکراسی و گەندەلی دوو تێگەهێت جیاواز و هەڤدژن.ژبەرکو هندەک فاکتەرێت ب هێز دناڤ دیموکراسییێدا هەنە کو رێگرن ل بەردەم گەندەلیێ و ڤێ دیاردەیێ ناپەژرینن. دکارین بێژین چێنابیت ل ئێک دەمدا وەلات و سیستەم و کلتورێ جڤاکەکێ دیموکراسی بیت و گەندەلی ژی هەبیت و نەهێتە چارەسەر کرن.

ـ گەندەلی و بنەمایێت وێ چنە ؟

گەندەلی واتە خراب بکاربرنا دەسەلات و پلە و پایا سیاسی،ئیداری،ئابوری،کومەلایەتی و واستە و واستەکاری،ب هەدەردانا سەروەت و سامانێ نەتەوی و نیشتیمانی،نەبوونا ئێکسانی و وەکهەڤی ل هەمبەر یاسایێ و دەسەلاتا دادوەرییێ ....هتد.ئەڤە هەر هەمی و چەندێت دیتریش نیشانە و پێکهاتەیێت گەندەلییێنە.

راستە ل کوردستانێ گەندەلییا هەی لێ گەلەک ل بنەمایێت دیموکراتیەتێ ژی یێت هەی و زور ب هێزن و هەڤتەریب دگەل گەندەلیێ روژ بو روژێ بازنە و سنورێت تێگەهـ و بنەمایێت دیموکراسی و شارستانیەتێ بەرفرەهتر و فراوانتر دبن.

دیارە ئێکەم پێنگاڤ بو بنەبرکرنا گەندەلیێ دان نانە ب هەبونا وێ،خوشبەختانە خاست و نیازێت بەرەڤ روو بونێ و بەرسینگ گرتنا گەندەلیێ ب سەر و سیمایێت دەسەلاتا سیاسیا کوردستانێ ڤە ددیارن ب تایبەتی خودێ جەنابێ سەروک بارزانی کو ب بەردەوامی دان ب هەبونا گەندەلیێ کریە و بانگەشا پێدڤی بون ب موئەسساتی کرنا دام و دەزگەهێت میری و چاکسازیێ دکەت و ئەڤ کارە هەڤرێ دگەل بەرپرسیارەتی و خەباتا خوبا نەتەوی و نیشتیمانی کرینە سەرپشکا (ئەولەویتا )شولێت خوو بەرنامێت پاشەروژێ.بێگومان بو جێگیرکرنا دیموکراسی و چون بەرەڤ جڤاکەکا شارستانی و مودێرن پێدڤی ب پرۆژەیەک گشتگیر و

تەڤ ئالی هەیە و دکارین دچەند خالێت خارێدا کوم بکەینەڤە:

١ـ چالاک کرن و ئەکتیڤ کرنا پەرلەمانێ کوردستانێ وەکی مەرجەعەک شەرعی و یاسایی ب نوێنەرایەتی کرنا تەخ و چینێت کومەلگەهێ پێخەمەت چاڤدێریکرنا دەسەلاتا جێبەجێکرنێ.

٢ـ هەبونا راستی و باوەری و ل هەمیا گرنگتر هەبوونا شەفافیەتێ دناڤبەرا دەسەلات و جەماوەرێ کوردستانێ.

٣ـ چالاک بونا رێکخراو و کومەلێت مەدەنی وەکی ئامرازەک بو گوشار خستن و چاڤدێریکرنا کریارێت حکومەتێ.

٤ـ سەروەریا یاسایێ و پاراستنا سەربخویا دەستهەلاتا دادوریێ ل کوردستانێ و هەبونا ئێکسانی دناڤبەرا وەلاتیاندا ل هەمبەری دادگایێ.

٥- ب موئەسساتی کرنا دام و دەزگەهێت حکومی دوور ل بەرژەوەندیێت کەسوکی،تایفی،ئایدیولوژی،ئایینی و پارتێتی.

٦ـ ب هێز کرن و بەلاڤ کرنا کلتور و هەستا بەرپرسیارەتیێ ل جەم وەلاتیێلن. ب ڤێ چەندێ ئەم دکارین بێژین دێ دیاردەیا گەندەلیێ بەرەڤ نەمانێ بەین ،هیڤیدارین ب هەڤکاری و هەماهەنگییا هەمی لایەکێ ل پاشەروچەکا نێزیکدا هەڤدەم دگەل بدەستخستنا مافێت خوێت نەتەوی ببینە خۆدانێت جڤاکەک دیموکرات و شارستانی و مودێرن کو گەندەلیێ چ پایە بهایەک نەبیت.

*** ئەندامی دستەی کارگێڕی سەنتەری روشنبیری بلێ لە دەڤەری بارزان**

# گەندەڵی سرووشتییە،
# یان نەخۆشییە، یان ناهۆشیاری

**سەروەر فەتاح**

**ئەگەر ئێمەی کورد مێژووی خۆمان لەبەرچاوبگرین، بیرکردنەوەیەکی خەباتی نەتەوەو نیشتیمانی خۆمان هەبێت و دووژمنانی نەتەوەو نیشتیمانی خۆمان بناسین. کەچی تەماعێکی شۆڤێنی لەسەر سەروەتی نیشتیمانیمان هەیە، تەنانەت مافی مرۆڤیش لە وڵاتی ئێمەدا پێشێل کراوە، وانەی رۆژانەمان لە رۆژنامەکان راگەیاندنەکان ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژییە هێشتا فرمێسک وشکی نەکردووە.**

* ئەگەر مرۆڤی کورد هەستی نەتەوەیی نیشتیمانی مرۆڤایەتی لە ناخیدا هەبێت. دەبێ پارێزەری لەم بەرەو پێشچوونە بکات کە بە خەبات و ماندوو بوون وبەخوێنی سەدان شەهید بەرهەمهاتووە و هەر مرۆڤێکی کورد لە سیاسەت و دیموکراسیەت و مەدەنیەت وسەروەری یاساو پاراستنی مافی مرۆڤ دەدوێ. داوای مافی تاکی مرۆڤەکان دەکات، هەموو مافێکی لە حکوومەت دەوێ.

* ئەگەر مرۆڤەکان ئەوانەی وەک مافی خۆیان دەزانن ئەرکی

خۆشیان بزانن کە پاراستنیکردنە لە حکوومەت دەستوور سەروەری یاساو پاراستنی ژینگە و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ژیانی خۆش بۆ تاک مرۆڤەکانی کوردستان بەدەست بهێنن.

* ئەگەر بە سیستەمێکی دیموکراسی رێزگرتن لە دەستووری وولآت و جێبەجێ کردنی. پارێزگاری لەهەموو نەتەوەو دین ومەزهەب و چین و توێژێک دەکات. لە دەرگای وتووێژدا و رێزگرتنی لەدەنگی زۆرینەی گەل دوورمان دەخاتەوە لەدەسەلآتێکی تاکە حیزبی و دیکتاتۆریەت و ئەو سیستەمەی هەشتا ساڵە گەلی ئێراق ئازاری پێوە دەکێشا.

* ئەگەر ئەرکی خۆمان زانی دەبێ هەموو تاکێکی کورد پارێزگاری سەروەت و سامانی نیشتیمانی خۆی بکات دەبێ پارێزەری ولآتەکەی خۆی بێت. هەتا هەموو چاوەکان یەک چاو بێ بۆپاراستنی ولآت هەتا هەموو دەستەکان هێزبن بۆ ئاوەدانی و خزمەتگوزاری کوردستان.

* ئەگەر بیرکردنەوەمان یەک بخەین بۆ گەڕانەوەی شارو شارۆچکە دابڕاوەکان هەتا بەهێزێکی نەتەوەیی پارێزگاری لە نیشتیمانی خۆمان بکەین ببینە خاوەنی ولآتێکی کوردستان بۆ هەموومان کە تێیدا بژین بیکەینە ولآتێکی پێشکەوتوو بۆ نەوەکانی ئایندەمان.

* ئەگەر ئاوڕێک بدەینەوە لە جەنگەکانی ولآتە گەورەکانی جیهان کە چیان کردووە لەکاتی جەنگدا. ئێرانیەکان هەموو فەردێکیان مادییەن هاوکاری حکوومەتی خۆیان دەکرد. لەنوێژی جومعاندا بە ملیۆن وملیار تمەنیان لە مزگەوتەکان کۆدەکردەوە بۆ بردنەوەی جەنگی ولآتەکەیان، دیکتاتۆریەتی بەعسی رووخاوی پێشوو ماڵ بەماڵی ئێراقیەکان دەگەڕان وزێڕ

و پارەیان کۆ دەکردەوە بۆشەڕی نێوان ئێراق – ئێران.

* ئەگەر سەیری  وڵاتێکی پێشکەوتوو بکرێ ئەو نەفەق و پردانەی کە دروستیان کردووە ئەو جادەو ئۆتۆبانەی دروست کراوە، هەرچی هاووڵاتییەک یان بێگانەیەک داخل بە شارەکانیان دەبن دەبێ پارە بدات. بۆ ئاوەدانی  وڵاتەکەیان هەتا ژێرخانی ووڵاتەکەیان پارێزراوبێت.

* ئەگەر لەهەر  وڵاتێکدا(مرۆڤ ئەرک و مافی خۆی زانی پەروەردەیەکی درووست و تەندروست بوو) (ئەرکی پاراستنی نەتەوەیی خۆی دەزانی حکوومەت فەرزی بڕیارەکانی خۆی کرد( کارو فێرکردن هەبوو)(دەستخۆشی ولێکۆڵینەوە هەبوو) ئەوا گەندەڵی نەشونما ناکات وپاشا گەردانی نابێ( ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی).

* ئەگەر ویستمان حکوومەتەکەمان و  وڵاتەکەمان بەگشتی دووربێت لە گەندەڵی حیزبی و ئیداری.

1–دەبێ مەحسووبیەت و مەنسووبیەت دووربخرێتەوە، مرۆڤ بە شارەزایی و تواناو پلەی خوێندنی کاری پێبدرێت ( کەس لە پرێک نەبێ بەکوڕێک) ماڵی خۆشی و خزمەکەشی و حکوومەتەکەشی وێران بکات.

2– نابێت پانزە ساڵ حکوومەت بەڕێوەببرێت هەموو میللەت دادو بێدادی هەبێت لەدەست گەندەڵی و تەنها یەک کەس گوناه بارنەکرێت، ئەگەر وابێت مانای ئەوەیە گەندەڵی لە حکوومەت بەگشتی هەیە.

* ئەگەر لەلایەن حکوومەتەوە ئیجرائات کراو لێپرسینەوە هەبوو گەندەڵی و مرۆڤە لاوازە هەڵپەرستەکان دوور دەخرێنەوە.

ئاگاداری کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی خەڵکی بێت، هەتا

حکوومەت بزانێت ئەو سەروەت و سامانە شەرعیە، یان ناشەرعیە. کە لەهەموو حکوومەتاندا لێپرسینەوەی دەوڵەمەندی زۆر بەپەلە هەیە.

ئەگەر دەزگایەکی نەزاهەی بەدواداچوون ولێکۆڵینەوە هەبێ و حکوومەت لە ماڵی خۆیەوە دەستی پێکرد، دیموکراسی وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا و دەست نیشان کردنی کەم و کوڕیەکان بەچاکسازی لە مەسەلەی شەفافیەت و بوونی متمانە لەبەینی میللەت و دەوڵەتدا. بەدڵنیاییەوە ئیدارەیەکی دیموکراسی و بێگەندەڵی دروست دەبێت.

# گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی...
# هۆیەکی گرنگ بۆ نەهێشتنی گەندەڵی

حوسێن جاف

مێژووی دەستپێکردنی خەباتی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیست و پێشتریش بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراسی بوو، بە ئەمڕۆشیەوە، هۆکارەکەی روونە، چونکە بەدرێژایی ئەو رۆژگارانە کورد ئازاد نەبووە، گەلێکیش ئازاد نەبێ ناتوانێ مومارەسەی دەسەڵاتی دیموکراتی بکات، کە کورد هەرگیز لەدەسەڵاتدا نەبووە، ئەگەر سەیری دروشمی شۆڕشیش بکەین لەشەستەکانەوە تا ساڵانی 1992 دیموکراتیەت بۆعێراق و ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان بووە. دیاریشە لە پارچەکانی تریش هەر وابوو، ئەویش دوای سەرنەکەوتنی مەلیک مەحمود، لەکوردستانی باشوور و رووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بە دەستی دوژمنانی دوای هەردوو جەنگی جیهانی بەرژەوەندی ئەوانە جێبەجێ بوو کە وەکو نەتەوە، بەرنامەیان هەبوو، بۆ خۆیان و هاوپەیمانانیش، بەمەش بە درێژایی ماوەی جەنگی جیهانی تا 2003/4/9 و کەوتنی رژێمی عێراق،

**کورد لەپێناوی دیموکراتیەت بۆ عێراق شەهیدی داوە، بەڵکو ئەمە خوایە حکوومەتێکی دیموکراتی بێتە سەر حوکم و کەمترین ماف بە ئێمەش بدات کە ئێستا لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا خۆمان حوکمڕانی خۆمان بکەین.**

لەساڵی 1970-1947 ماوە بوو بۆ جێبەجی کردنی مافەکانمان، بەڵام بە نەبڕاوەیی کێشەی کەرکووک وناوچەکانی تر، لەگەڵ بەغدا نهۆکاری ناکۆکی بوو کە بارزانیی نەمر بە دڵی کوردستانی ناوزەد کرد. وەستان وتێکشکانی شۆڕشی لە وازهێنان لە کەرکووک و شوێنە بەعەرەبکراوەکانی تر پێ باشتر بوو لە دواخستنی و بەشکردنی...هتد. دوای کەوتنی رژێم بگرە و بەردەی دەستوور دانان بۆ عێراقی تازە، لەسەرکەرکووک و شوێنەکانی تر بۆ کوردستانیەتکردنیان جارێکی تر لە دەستووری کاتی عێراق و دەستووری هەمیشەییدا، بەدوو ژمارە و بە هەمان ناوەڕۆک، دانیپانراوە، ئەمە سەرەتای بەدیموکراتیەت بوونی عێراقە، جێبەجێ بوونی سەرەتای پیادەکردنی بنەما دیموکراتییەکان دەگەیەنێ بۆ عەقڵی تاکی و کۆی فەرمانڕەوا لەعێراقدا، ئەمەش تەنیا کێشە نییە لە عێراق کە رژێم دوای خۆی بەجێی هێشتبێ، بەڵام لە بەر ئەوەی بابەتەکە لەسەر دروستبوونی ئیدارەیەکی دیموکراتییە کە هێشتا ماددەی 140 جێبەجێ نەکراوە و شوێنەکانی تر نەگەڕاونەتەوە بۆ سەر ئیدارەی کوردستان، باش وابوو پێشینەیەک لەسەرئەو رووداوانە هەبێ کە بوونە هۆی بەرپا بوون و دروست بوونی دیموکراتیەت لەعێراقدا.یەکێک لەهۆکارەکانی دروست بوونی دیموکراسیەت بەردەوامی عەقڵیەتی شوڤێنیانەی حوکمڕانە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقە لەلایەک وپشتگیری کردنی دەوڵەتە زلهێزەکانە، بۆ بەردەوامیەتی مانەوەی ئەم کێشەیە، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لەلایەکی ترەوە نەچوونی

کورد و کۆدتاچیەکانی عەرەبی عێراقیش بۆناو بازنەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. ئەمانە و گەلێ هۆکاری تر هەبوون بۆ بەردەوامیەتی ئەو رژێمانە لەعێراق کە ناکرێ لێرەدا باسیان بکەین لەبەر درێژنەکردنەوەی باسەکە نموونەیەکیش بەسە بۆ ئەوانی تر...هتد.

لە ئەنجامی لەدەست چوونی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان و زیادەرۆیی سەددام بەداگیرکردنی کوێت لە 1990/8/2 لە دوو تۆی شکاندنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، بەپێشێل کردنی سەرەوەری وڵاتان وای لێهات رۆژبەرۆژ بە بڕیاری نێودەوڵەتی وبەچاوسورکردنەوەی ئەمەریکا زۆر بڕیارجێبەجێ کران، خۆشبەختانە بەسوودوبەرژەوەندی کوردستان وعێراق گەڕانەوە. هەوڵ و تێکۆشانی کورد بۆدیموکراتیەت بنەمای شۆڕش وراپەڕینەکانی بووە، چونکە ئەوکات دیموکراتیەت بۆ کورد واتا رزگاربوون لە چەوساندنەوەی نەوەیی. دیاریشە زەمینەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کورد بۆ دیموکراتیەتی باشترین بەرنامە بووە بۆ ئەو کاتە، کەکورد خۆشی بەگەلانی ئازادیخوازی جیهان و شۆڕشگێڕانی بناسێنێ. لەبەرئەوەی خەباتی نەتەوەیی ئێمە بۆ دیموکراتیەت بووە کەواتە پێویستە تاکەکانی کورد لەبنەماکانی حکومەتی دیموکراتی بگات. کە بەدیموکراسی ناراستەوخۆ دەژمێردرێت و لەسەر ئەساسی نوێنەرایەتی وپەرلەمانتاریەتی دامەزراوە نوێنەری جەماوەرەکەیەتی، کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە ئازادیە مەدەنی و سیاسییەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵات وچۆنیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتی حکومەت لە سیستەمی دیموکراتی داو چۆنیەتی بڕیاردانی سیاسی و بەرپەرسیاریەتی حکومەت لەپاراستن و بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و حسابکردنی بۆ رای گشتی و بەتەنگەوە چوونی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و سیاسییەکان.

بۆ ئەوەی حکوومەتێکی دیموکراتی دروست بێت کە لەبنەڕەتدا لەسەرناسینی کۆمەڵێک لەمافە مەدەنییەکانی خەڵک دادەمەزرێ، چونکە میللەتی ژێر دەست وچەوساوە لەرێگەی سیستەمێکی دیموکراتییەوە بەمافەکانی دەگات لەوەندەی حکوومەت پێی دەستەبەر بکرێ. روونیشە مافە مەدەنییەکان، ئەو مافانەن کەهاوولاتی بە پێی یاسا بنەڕەتی و یاساکانی تریش بۆی دیاری کراوە، کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مافە مەدەنییەکان هاوشێوەی مافەکانی مرۆڤە بە شێوە گشتییەکەی.دیاریشە مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافانەن، کەهەر تاکێک لەبەرئەوەی کەمرۆڤە، ئەو مافانەی هەیە. ئەمەش بەدرێژی لەجاڕنامەی مافی مرۆڤ لەساڵی 1948 لەلایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بلاوکراوەتەوە.ئەگەر مەرەکەبی سەرکاغەز نەبێ!!

بۆیە پێکهاتەی حکوومەتی دیموکراتی دەبێ شێوازی کارکردنی دیموکراسی دیراسە و پەیڕەو بکات، لە چۆنیەتی کارکردن و بەشداریکردنی لەگەڵ گروپ و رێکخراوە سیاسی و پارتەکان لەهەڵبژاردن وجۆری مامەڵەی کە بەپێی سەردەم گونجاو بێت بۆیە پیرۆزی راگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ وئازادی تاک و...هتد. دەسەلاتدارانی حکومڕانی یان بەشێوەیەکی تر براوەی هەڵبژاردنەکان لەپەرلەمان و پێکهێنانی حکوومەت، دەبێ ئەو پێکهاتەیەی لەزۆرینە لەپەرلەمانی حکوومەتدا بەیەکێک لەهۆکارەکانی دڵسۆزی و بەوەفاییان بێت بۆ جەماوەر بەبێ گوێدانە ئینتیمای پارتایەتی و جۆروپێکهاتەی نەتەوەی وئایینی..هتد. کەئەمەش بکەنە، بنەمای کارەکانیان بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاکەمان. هەمیشە حساب بۆ لایەنی فشار ورای گشتی بکەن. کە ئەمانە گرنگترین نیشانەکانی کۆمەڵگەی کراوە و ئازادە کە بەکەناڵی رەنگدانەوەی

بەرژەوەندییەکان وخوازەکانی جەماوەر حساب دەکرێ لەژیانی سیاسیدا.

هەموو یاسا بنەڕەتیەکانی دیموکراسی لە ئازادی تاک و لە چۆنیەتی خۆسازدانی لەناوگرووپ و ڕێکخراوی جیاجیادا پشتگیری دەکات. لەئەنجامی ئەوگرووپ ورێکخراوانەوە، تاک دەتوانێ پارێزگاری و داواکاری لەمافەکانی بکات، کەئەمەش ڕەنگدانەوەی واقیعی دیموکراتیانەی فرە ڕەنگی و ئالۆزی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وئابووری توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەمان دیاری دەکات. بەدروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی کە کاتێک بنەما و بنەڕەتی ژیانی دیموکراتی بێ، ناگونجێ بەبێ گرووپەکانی بەرژەوەندیدار و دەستڕۆیشتووەکان ئەو بوارە هەبێ کەببێتە بنەما وبنەڕەتی دیموکراتی ئەم کۆمەڵگایە لەبەر ئەوەی دەستە و تاقمەکانی بەرژەوەندیدار دەبنە سەرچاوەی زانیاری دەسەڵاتداران و بڕیاردان لەهەمان کاتدا دەبنە کەناڵی بەیەک گەیاندنی تاکەکان بەدەسەڵاتداران، وەک دیارە ئەوەی سەرمایەدارە لە دەسەڵاتەوە نزیکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش. لە ئەنجامی بوونی بە ڕژێمێکی دیموکراتی وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، بێ گومان بەبوونی ڕای ئازاد و زۆری پێداویستی ژیان وکەمی بەرهەم ونارێکی لە جێبەجێ کردنی دەبێتە هۆی دروست بوونی شێوە و شێوازی بیرکردنەوە لەناو کۆمەڵگاکەماندا لەوانەش- یەکەمیان: ئەو کەسانەی کە بەتواناو ماندووبوونی خۆیان دانەنراون لەو شوێنانەی کەدانراون و پلەو پایەیان پێ دراوە، لە ڕوانگەی خەڵکە ماندووبووەکەوە. بە ناپەیڕەوی حساب دەکەن. وا تێ دەگەن لەسەرحساب و ماندووبوونی ئەوانەوە ئەوە کراوە، لەبەرکارکردنیان لە ڕابردوو بە دڵسۆزی بۆ ئەو ڕێباز ونەتەوەیە، لەو پێناوەش وا ماڵ و حاڵیان بە درێژایی شۆڕش ئاوارە و

دەربەدەر بووە. لەگەڵ پاشماوەکانی رژێم کە لەهەمان شوێنی خۆیان ماون بەدەسەڵاتیشەوە، چونکە لەسەردەمی رژێمدا لەوانەیە خەڵکێک بەرپرس بووبێ، بەڵام دەسەڵاتی دامەزراندن و ئیستیغلال کردنی کەس نەبووە، وەک ئەوەی ئێستا هەیە...هتد. لەمەوە کەسە دانراوەکان کە دەوروبەری خۆیان گەندەڵ دەکەن. بەشێوەیەک دەبات، دەخوات کە. رووسوری حکوومەتەکەش ناشیرین دەکات لای جەماوەر. ئەمانەش کە ئەم کارانە دەکەن بەهۆی مانەوەی بەردەوامیان لەوجێگایەوپێدانی پلەی تازە کەدوای دزیکردنیان دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنێکی تر...هتد. ئەمانە لەناو هاوولاتیان و لەهەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا باس دەکرێ کە دیاردەی دروست بوونی گەندەڵییە. لەوانەیە ئەگەر لەیەکێک لەو بەرپرسانە پرسیار بکرێت ئەم وەزعە بۆ وایە؟ لەوەڵامدا بڵێ: بابە ئێرە باشە ئەمە پەتایە، هەموو جیهانی گرتووتەوە، دیارە ئەم برادەرە کەوا دەڵێ خۆشی شانی لێ شلکردووە بەراست و بە چەپ دەخوات! دەکرێ بڵێین لەبەر نەبوونی باری ئاسایی لەکوردستان و کێشە و ململانێکانی ناوخۆ و دەرەوە نەتوانراوە دەستنیشانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بکرێ. بەڵام دڵنیام ئەوەی ئەو هەموو نەهامەتیانەی ئەم نەتەوەیەی دیبێت بەتایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەحاڵە رێگە بدات تاسەر دزی، تاسەر گەندەڵیبەردەوام بێ. و دڵنیاشم لەهەموو بارێکی نائاساییدا ئیدارە و حکوومەتێکی نائاسایش دروست دەبێ، بەڵام هەموو ئەمانەو، ئەوەی تریش کە داهاتووە بە (اعصابی) سارد و دڵێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە چارەسەر دەکرێ، نەک بە دڵێکی ساردو (اعصاب)ێکی گەرم. دیاریشە هەموو شتەکان بەبەرنامەی دروست پێویستە هەنگاویان بۆ بنرێ، چونکە بە تێپەڕبوونی 30ساڵ زیاتر لە داگیرکاری و چەوساندنەوە و زۆر زەحمەتە بە (کون فیکون)ێک ئەوەی هەموومان دەمانەوێ ببێ

و بکرێ؟! دووەمیان: ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بە ماندوو دەزانن بۆ ئەو پەرلەمان و حکوومەتەی کە دروست بووە، کە ئەوان لەو رۆژە نەهامەتی و ناخۆشەکاندا، خۆیان تەرخان کردووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و لەم پێناوەشدا کەس وکاریان کردۆتە قوربانی، پێیان وایە دەبێ لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەوریان هەبێ، ئەم جۆرانە لە روانگەی دڵسۆزیان بۆ پاراستنی ئەزموونەکە زۆرجار شتی بچووکیش گەورە دەکەن و هەندێ شتی بێ بنەماش دەوروژێنن، لەو بۆچوونانەوە لایەنی گەندەڵی جێ پێ لەق دەکەن. دیارە ئەمەش لە ئەنجامی مانەوەی بەردەوامی ئەو جۆرە کەسانەیە لە شوێنێ بمێننەوە، کە دەبینین کەسی ناشیاو لە شوێنی بەرزتردایە خەبات و ماندووبوونیش هیچ نییە و دڵسۆزیش نییە دەڵێن چۆن گەیشتە ئەو پلەیە، بۆچی ئەو خانووی باش و سەیارەی باش وگەشتی بەردەوام وڤیلای باشی هەبێ و ئەمانیش نەیانبێت، دوودڵی و دڵەڕاوکێی لەلا دروست کردوون. بەردەوامیش خۆیان لەنەبوونی ئەو شتانەدا دەبیننەوە. کەواتە باشترین چارە بۆ کەم کردنەوە و بنبڕکردنی هەر دیاردەیەک پێویستی بە ئاماری دروست و بەرنامەیەکی گونجاو و سەردەمیانە هەیە، کەهەموو بوارەکان رەچاو بکات. ئەگەر بمانەوێ ئیدارەیەکی دیموکرات و بێ گەندەڵ بین. لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد کیانمان نییە لەرووی یاساییەوە بڕوا پێ نەکراوین لەلایەن قانوونی نێودەوڵەتییەوە، جگە لەمەش عێراق و ئێمەش داگیر کراوین بەبێی قانوونی نێودەوڵەتی. کەواتە زۆر زەحمەتە لەخودی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانماندا شکست بخۆین و تاوای لێ بێت بەرەو گەندەڵی بڕۆین. ئیدارە بەڕێوەبردن هونەرە، هەروەک چۆن سیاسەت کردنیش هونەری کاری کردەیە. بە دڵنیایەوە، دەبێ وردەکاری بکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەویش بەهۆی ئەو یاسا ناوخۆییانەی لەهەموو ئیدارەیەکدا هەیە. کە بەرامبەر هەموو

کەموکورییەک سزایەک دانراوە. ئەویش بەکەسی دڵسۆز بۆ گەل و نەتەوەکەی و بەهێزکردنی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و لێپێچانەوە و دروست کردنی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی گەندەڵی... دەسەلاتدان بەهەر بەرپرسێ بە پێی دەسەلاتە ئیداریەکەی مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکانی دا بکات، چاو نەپۆشین لەکەس و کەس بەتاوانبار نەزانێ تا گومانەکە نەسەلمێنرێ بە بەڵگەوە. گۆڕین هۆکارێکە بۆ کەم کردنەوەی گەندەڵی، وشیاری و هەست بە بەرپرسیارەتی بەرامبەر بەگەل ونەتەوە، هۆکارێکی ترە بۆ بەهێزبوونی دەسەلات و کەمکردنەوەی گەندەڵی. بەردەوامی و بەدواداچوون و لێپرسینەوە وچاکردنی بژێوی ژیانی فەرمانبەران وکارمەندان، هەرکەسێ بە پێی پلەو پایە ئیداریەکەی نەهێشتن وکەم کردنەوەی وابەستەی فەرمانبەران بە دۆستایەتی و رێکخستنی ژێربەژێریان لەگەڵ ولاتانی دەوروبەر...کە بەهۆی بوونی کۆمپانیا و سەرمایەکانیانەوە هاتووچۆ دەکەن. لەلایەکی تریشەوە فەرمانبەران لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم دا. نزیک نەبوونی خەڵکی ماستاوچی و گەندەڵ لە مەرکەزی بریار، چونکە ئەوجۆرە کەسانە، رەوتی سیاسەتی ئیدارەی حکوومەت بەرەو ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیان دەبەن. نەبوونی ئەوانەی کە وازیان لە جنسیەی نیشتمانی هێناوە واتە (اسقاط) جنسیەیان کردووە، لە شوێنە بریاردەرەکاندا،چونکە زۆرجار وا نیشان دەدەن کە ئەوان ئیشیان بەم کارە نییە. تەکلیف کراون کە بێنەوە کوردستان بۆ کارکردن، ئەگینا لە شوێنی خۆیان کاریان باشتر بووە، بەلام مەرج نییە هەموویان وا بیر بکەنەوە ئەمەش پێویستی بەدیراسەتی ورد هەیە ناکرێ لەخۆڕا خەڵک گوناهبار بکرێ. بۆیە بۆ دروستکردنی ژیانی دیموکراسیانە دەبێ بەدوای بەرژەوەندییە گشتییەکاندا بگەڕێین کەلەراستی دا. هەماهەنگ ساز کردنی هەموو بەرژەوەندی و

بەهاکانە لەگەڵ یەکتردا. کارێکی ئاسان نییە و جاری واش هەیە مەحاڵە، ئەنجام بدرێت، بەڵام ئابووریناسان دەڵێن: دواکەوتن وبەدواداچوونی بەرژەوەندییە تایبەتەکان، بەشێوەیەکی ئاساییانە دەبێتەهۆی دابینکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان. کەواتە ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە تێربن، دەکرێ رێگری لە دزی و گەندەڵی کەمتر بکرێتەوە، هەروەک چۆن ،زانایەک دەڵێ: (مرۆڤەکان تێرکەن تا بتوانن بیروباوەڕیان بگۆڕن). پێغەمبەر (د.خ)لێ بێت دەفەرموێ: (هەژاری مرۆڤ دەبات بەرەو رووی کوفر و بێ باوەڕی). دەکرێ بڵێین دزی و گەندەڵی لە کەلتووری هەموو نەتەوەیەکدا بووە وهەیە. ئەگەر سەیری مێژووی هەموو گەلان بکەین و بەتایبەت گەلە داگیرکەرەکان، لە تەواوی دونیادا بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بڕیاریانداوە (سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە) ئەم کولتوورە تا ئێستا هەیە وبگرە زیاتر شێوە و شێوازی تازە تریش بەرێوەدەبرێ.خۆ ئەگەر سەیری یاساکانیش بکەین زۆر وردەکاری کردووە بۆ کەم کردنەوە و بنبڕکردنی ، لەسەر ئەو بنەمایە زۆر ماددەی یاسای دانراوە بۆ دزی و گەندەڵی و سەرپێچیەکانی تر کە دەکرێ لەو رێگایانەوە باری هاوسەنگ رابگیرێ، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی گشتی. بۆیە پێویستە لەکوردستان هەمان شێوازی یاسایانە بگیرێتەبەر بۆ کەم کردنەوەی ونەهێشتنی گەندەڵی، ئەوکات لەکوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، بێ چەوسانەوە لە ئیدارەیەکی دیموکراتی دا هەموومان بە ئاسودەیی بژین .

# پێناسە و هۆکار و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری

مێهدی مێهرپەروەر

**ئەو ئەزموونانەی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا وەدەست هاتوون، دەریدەخەن کە گەندەڵی دیاردەیەکی ئاڵۆز، شاراوە و هەمە چەشنە. هە بۆیە خەبات دژی ئەم دیاردەیە دەبێ بەردەوام، درێژخایەن و ئاڵۆز بێ. لە راستیدا گەندەڵی وەک ئیلتیهابێک وایە ئەگەر بچێتە ئەندام و جەستەی کۆمەڵگاوە، ئەندامەکانی دیکە یەک بە دوای یەک نەخۆش و پاشان لە کار دەکەون و ئەگەر ئەم ئیلتیهابە پەرەبستێنێ، بە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگا گەندەڵ دەکا. چەمکی گەندەڵی ماوەیەکی زۆرە بووەتە جێگای سەرنجی پسپۆڕان و خاوەنڕایان و هەوڵیان داوە بە پێشکەشکردنی پێناسەی ئەم دیاردەیە، ڕێگا چارەیەک بۆ نەهێشتنی دەستنیشان بکەن. خاڵی هاوبەشی زۆربەی ئەو پێناسانەی سەبارەت بە گەندەڵیی ئیداری پێشکەش کراون، بەرتیل خۆری و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پۆستی دەوڵەتییە.**

### پێناسەی گەندەڵیی ئیداری

وشەی گەندەڵی کە بە لاتینی (**rumpere**)ی پێ دەڵێن بە مانای شکاندنە، کەوابوو لە گەندەڵیدا شتێک دەشکێ یان پێشێل دەکرێ کە ڕەنگە هەڵسووکەوتی ئەخلاقی یان شێوازی یاسایی و زۆرتر ڕێوشوێنی ئیداری بێ. بە پێی پێناسەی

بانکی جیهانی و ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەیی، گەندەڵی کەڵکی خراپ وەرگرتنە لە بەرپرسایەتی دەوڵەتی (دەسەڵاتی گشتی ) بۆ وەدەستهێنانی قازانجی تاکەکەسی (تایبەتی). ئەم پێناسەیە کە بە گشتی لە سەری ڕێککەوتوون کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێنی دارێژراوی ئیداری لە خۆ دەگرێ کە چوارچێوەی چالاکیی ئیزن پێدراوی ئیداری دیاری دەکا و هەر جۆرە هەڵسووکەوتی ئیداری کە بە پێچەوانەی ئەم یاسایانە بێ و لەودا بەرژەوەندی تاکەکەس بێتە گۆڕێ دەچێتە خانەی گەندەڵیی ئیدارییەوە. ئاشکرایە پێناسەیەکی ئەوتۆ کاتێک تەواوە کە یاسا و سنوورەکانی روون و گشتگیر بن. گەندەڵیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕێژەییە و بە پێی بایەخەکانی هەر کۆمەڵگایەک پێناسە دەکرێ.

بانکی جیهانی و ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەیی بەمجۆرە گەندەڵیی ئیداری پێناسە دەکەن: گەندەڵیی ئیداری بریتییە لە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی گشتی بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتیی ئیداری، لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی تاکەکەسی یان نزیکایەتی بنەماڵەیی.

گەندەڵیی ئیداری، دیاردەیەکە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا بە تایبەت لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا، وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکاری پێشنەکەوتنی کۆمەڵگا هاتووەتە بەر باس و ئەم دیاردەیە توانیویەتی زیانێکی قەرەبوونەکراو لە خێرایی پەرەسەندنی کۆمەڵگا بدات.

لەم سەردەمەدا کە کۆمەڵگا بە کۆمەڵگای بەکاربەر ناسراوە، گەشەی لە رادەبەدەری پێداویستی مادی و حەزی مرۆڤەکان بۆ وەدەستهێنانی هەرچی زیاتری ئەم پێداویستییانە خێراییەکی زیاتری بە خۆوە گرتووە و لەم بارودۆخەدا پارە قسەی یەکەم بۆ

دەستڕاگەیشتن بەم پێداویستییانە دەکات. بۆ کەسانێک کە دەرەتانی بردنەسەری داهاتی زۆرتریان بۆ نارەخسێ و ڕێگا ڕەواکانی وەدەستهێنانی داهاتی زۆرتر لە سەریان داخراوە، چ ڕێگایەک هەیە کە بتوانێ دەستی بە پێداویستیە ڕوو لە گەشەکانی ژیان ڕابگا ؟ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە سەر ڕێژەی پێداویستی و داهاتی تاکەکەسی کۆمەڵگا بە تایبەتی فەرمانبەران بەڕێوە چوون، دەریدەخەن کە بە تێپەر بوونی زەمان و چوونەسەری ئاوسانی ئابووری، نە تەنیا ئاستی داهات نەیتوانیوە زاڵ بێ بە سەر پێداویستیە مادیەکاندا، بەڵکو ڕەوتێکی پێچەوانەی بە خۆوە گرتووە.

**ڕابردووی گەندەڵیی ئیداریی**

**لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا**

بابەتی گەندەڵی بەردەوام لە سەرەتای بوونی شارستانیەتەکانەوە هەبووە و داوێنی دەوڵەتەکانی گرتووە و حکوومەتەکان و دەوڵەتەکان لە سەدەکانی پێشووەوە لە گەڵ کێشەی کەڵکی خراپ وەرگرتنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە پۆستەکانیان بەرەوروو بوون. تاوانگەلێک وەک دزی، بەرتیل خۆری و ساختەکاری تاوانی نوێ نین و ڕابردوویەک بە ئەندازەی دەوڵەتەکانیان هەیە. بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو بەردەوام پێوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان کەڵکی وەرگرتن لە دەسەڵات و چوارچێوەی گەشەی گەندەڵی هەبووە هەر کاتێک بە باشی لە دەسەڵات کەڵک وەرگیراوە، ڕێژەی گەندەڵی هاتووەتە خوارەوە.

**پێویستی و گرینگی ڕووبەڕوو بوون**

**لە گەڵ گەندەڵیی ئیداری**

گەندەڵی دیاردەیەکە کە کەم تا زۆر لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا

هەیە. بەڵام جۆر، شێواز، ڕێژە و بەربڵاوی ئەو لە هەر وڵاتێکدا جیاوازە، هەر وەک چۆن ئاکام و ئاسەوارەکانی ئەو بە پێی جۆری ڕێکخستنی سیاسی و ئاستی پەرەگرتوویی جیاوازە.

لە هەر حاڵەتێکدا گەندەڵی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە، سیاسەتەکانی دەوڵەت لە دژی بەرژەوەندی زۆرینە رادەگرێ، دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دابەزینی کاریگەریی دەوڵەتەکان لە کاروبارەکاندا کە لە ئاکامدا دڵنیایی خەڵک بەرامبەر بە دەزگا دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان کەم دەکاتەوە، کەمتەرخەمی و تەمبەڵی و لێنەهاتوویی دەچێتە سەرەوە.

گەندەڵیی ئیداری دەبێتە کۆسپ لە سەر ڕێگای وەگەرخستنی سەرمایە و ڕێرەوی گەشە و پەرەسەندنی ئابووری لە گەڵ ئاستەنگ بەرەوروو دەکا و لە ڕێگای ڕێنوێنی نادروستی سەرچاوە بەهێزە ئینسانییەکان بەرەو چالاکیی ناشیاو بۆ وەدەستهێنانی داهاتی زۆر بە بێ زەحمەت، بواری راوەستانی کاروبارەکان لە هەموو روویەکەوە دەرەخسێنێ. لە لایەکی دیکەوە لە هەر جێگایەک گەندەڵی پەل بەهاوێژێ، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەستێنێ و بەربەرەکانی کردن لە گەڵیدا زۆر دژوار دەبێ و ڕەگەکانی هەر ڕۆژە قووڵتر دەچێتە ناخی کۆمەڵگاوە. کەوابوو بەربەرەکانی کردن لە گەڵ گەندەڵی لە بوواری ئیدارییەوە پێویستییەکی جیددی و حاشاهەڵنەگرە.

**دەرئەنجام و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری**

١- بەفیڕۆدانی سەرچاوەی نەتەوەیی لە ڕێگای خەوشدارکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت و ڕاگرتنی دەوڵەت لە بەرامبەر قازانج و ئامانجەکانی زۆرینە.

٢- بێ کەڵک بوونی هەوڵەکانی دەوڵەت لە پێناو

کەمکردنەوەی هەژاری و هەڵاواردندا.

٣- زیانی کۆمەڵایەتی و لاواز بوونی دامەزراوەکان، زیانی سیاسی و دابەشکردنی ناعادیلانەی سەرچاوەکان و زیانی ئابووری.

٤- کەمبوونەوەی کاریگەریی و رەوایی دەوڵەتەکان و خەوشدارکردنی بایەخە دیموکراتیەکان.

٥- لاواز بوونی دڵنیایی خەڵک بە توانایی و ئیرادەی سیاسی دەوڵەت.

٦- کەمکردنەوەی رێزلێنان لە یاسا.

٧- لەنێو بردنی شەفافییەت و وەڵامدانەوە.

٨- کەمکردنەوەی دەرەتانی سالمیی پێشکەوتن بۆ تاکەکان، دامەزراوەکان و رێکخراوەکان.

٩- بردنە سەری هەزینەی ژیانی خەڵک، لە وانە زیاد بوونی نرخی کاڵاکان.

١٠- بێ کەڵک بوونی رەوتی پەرەسەندنی وڵات.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی**

ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر دیاردەی گەندەڵیی ئیداری بەرێوە چوون ئاماژە بە ئاڵۆز بوون و بەر بڵاوبوونەی هۆکارە کاریگەرەکان دەکەن لە دروست بوونی ئەم دیاردەیە. بە گشتی دەتوانین هۆکاری سەرەکی دیاردەی گەندەڵی بەمجۆرە پۆلین بەندی بکەین :

**- هۆکاری فەرهەنگی:** لە سیستەمی ئیداریی گەندەڵدا دامەزراندن و پسپۆری لە پۆستە دەوڵەتییەکان لە سەر بنەمای خزمایەتی و دۆستایەتی یان بەرتیل خۆرییە.

ڕێککەوتن و سازانی کەسانی سەرمایەدار، سیاسەتمەدار و هتد... بۆ تێپەڕ بوون لە بەربەستەکانی سیستمی ئیداری، ڕەوتێکی ئاساییە کە ئاکامەکەی سەرهەڵدانی گەندەڵی بە تایبەت لە ئاستی سەرەوەی کۆمەڵگایە.

– **هۆکاری کەسێتی:** لە تەواوی وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی پەرەگرتوو، بۆ پۆستە ئیداری و ڕێکخستنەکان کۆمەڵێک مەرج دەستنیشان دەکرێ کە هەڵبژاردن و دیاریکردنی تاکەکان لە سەر ئەو پرەنسیپانە بەرێوە دەچێ. ئەو مەرجانە کە بۆ وەرگرتنی پۆستەکان دیاری دەکرێ بەشێکی تایبەتە بە تایبەتمەندیی کەسێتی بەرێوەبەر. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی و ڕۆڵی تایبەتمەندی کەسێتی بەرێوەبەران لەو هەڵسوکەوتانە کە لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەگەر کەسێک لە سەر بنەمای دۆستایەتی و خزمایەتی و بەرتیل خۆری، بۆ پۆستێک دیاری بکرێ و خاوەن توانایی پێویست نەبێ، لێرە دایە کە سەرهەڵدانی گەندەڵی حاشاهەڵنەگرە.

– **هۆکاری ئیداری :** یەکە ئیدارییەکان زۆر جار لە گەڵ زۆر یاسا و ڕێوشوێنی نادروست و ناپێویست بەرەوروون. ئەم دۆخە دەرەتانی هەر جۆرە بڕیاردان و هەڵوێستی سەرەڕۆیانە بە فەرمانبەران دەدا. لە گەڵ ئەمەشدا، ڕەوتی ئاڵۆزی کاروباری ئیداریش هۆکارێکە بۆ هاندانی ئەو کەسانە کە ڕوو لە دامودەزگاکان دەکەن بە پێشنیار کردنی بەرتیل بۆ خێرا ڕاپەراندنی کارەکانیان. لە لایەکی دیکەوە کەمیی مووچەی کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاری هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی بەرەبەرەی بەرگری و ڕاهاتنی دواتریان بە قبوولی ئەم پێشنیارانە.

– گرینگترین هۆکاری سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری گەورە

بوونی دەوڵەتە. کەوابوو بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە روخساری سیستمی ئیداریی وڵات، پشتبەستن بە دەوڵەت کارێکی هەڵەیە. چونکە دەوڵەت بۆ ئەم کارە دەبێ بە سەرفکردنی هەزینەیەکی یەکجار زۆر دەست بە دامەزراندنی دامەزراوەی نوێ بکا. ئەم کارەش پێویستی بە دابین کردنی پێداویستی، دارشتنی یاسا و رێوشوێنی تایبەتە.

- هەژاریی ئابووری و هەژاریی فەرهەنگی، نەبوونی رێوشوێن و یاسای پێشگیرانە و سیستمی چاودێریی کاریگەر هۆکارەکانی دیکەی سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیدارییە. بەڵام رەنگە گرینگترین هۆی تەشەنە کردنی گەندەڵیی ئیداری نەبوونی پێکهاتە شەفافەکانی لە بەرێوە بردنی کاروبارەکاندا بێ. لە شوێنە ئیدارییە نا شەفافەکاندا، دەرەتانی کاری نایاسایی ئیداری دەچێتە سەرێ و بەرێوەبردنی هەڵسووکەوتی تێکەڵ بە گەندەڵی ئاسان دەبێ. کەوابوو رەنگە کاریگەرترین شێوازی خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری دەرباز بوون لە کەشی تاریک و لێڵ و شەفاف کردنەوەی شوێن و پێکهاتە ئیدارییەکانە.

زۆربەی خاوەنڕایان لە لێکدانەوەی رێژەی کاریگەری گەندەڵیی لە گەشەی ئابووریدا پێیان وایە کە گەشەی ئابووریی هەر وڵاتێک دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و لاواز بوونی گەندەڵی و پێوەندییەکی نزیک لە نێوان هۆکاری ئابووری و هۆکاری سیاسی لە سەرهەڵدانی گەندەڵیدا هەیە.

**خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری**

لە وڵاتانی پەرەگرتوو پرسی گەندەڵیی ئیداری ئاڵۆزییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. سیستمی سیاسی ئەو جۆرە وڵاتانە دیموکراتیک نییە یان دیموکراسی لەواندا سەقامگیر نەبووە. لەم وڵاتانە ئابووری هەروا دەوڵەتییە، پێکهاتەی فەرهەنگییان نەریتیە و ئەم پێکهاتە نەریتیە کاریگەری راستەوخۆ لە سەر

قەوارەی سیاسی و ئیداری دادەنێ. شێوازی خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری لە وڵاتانی پەرەگرتوو لە چەند روویەکەوە جێگای سەرنجە.

**١- بە تایبەتی کردن :** دەوڵەتی بوونی ئابووری یەک لەو هۆکارانەیە کە بە پێی ئەزموونی وڵاتە جۆراوجۆرەکان، پێوەندی راستەوخۆی هەیە لە گەڵ پەرەسەندنی گەندەڵی. ئەوە کە دەڵێن دەوڵەت بازەرگانی باش نییە، ماناکەی ئەوەیە کە سوود و زیانی چالاکیی ئابووری کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بۆ بەرێوەبەرانی ئەم کۆمپانیانە یەکسانە. کەوابوو ئەگەر شێوازەکانی چاودێری نەبێتە رێگر لە بەرامبەر پەرەسەندنی گەندەڵی و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە یاساکان، هەر ئەویکە بەشیان لە قازانجی کۆمپانیا دەوڵەتییەکاندا نییە، دەتوانێ وەک هۆکارێک بۆ گەندەڵیی ئیداری لێکبدرێتەوە. هەر بۆیە لە ئابووری دەوڵەتیدا، دەوڵەت ناچارە کە لە رێگای بردنەسەری مووچە و پاداشی فەرمانبەران و بەرێوەبەرانی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، لە رێژەی گەندەڵیی لەم جۆرە کۆمپانیانە کەم بکاتەوە.بەڵام زیادکردنی بەرچاوی مووچە بە سەرنجدان بە چالاکیی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، زیان دەگەیەنێ و لە لایەکی دیکەوە پێویستی بە چوونە سەری دابینکردنی پاڵپشتیی بودجەی گشتی بۆ ئەم شوێنانەیە، هەر بۆیە بە پێی لۆژیک هەزینەی سوودی ئەم کردەوەیە ئابووری نییە. بەڵام بەرێوەبەران لە کۆمپانیا تایبەتییەکان لە بەر ئەوەی بۆ خۆیان بەشیان هەیە یان لە لایەن خاوەن سەرمایەکانەوە هەڵبژێردراون، وردبینی و حەساسییەتی تایبەتی لەبەرچاو دەگرن هەتا دامەزراندنی تاکەکان لە گەڵ لێهاتوویی و توانایی زانستی و بەرێوەبەریی ئەوان گونجاو بێ، بە جۆرێک کە ببێتە هۆی چوونەسەری کارایی و سوودی زیاتر لە لایەن کۆمپانیا

تایبەتییەکانەوە.بەڵام ئەزموون نیشانی داوە کە لە ڕێکخراو و کۆمپانیا دەوڵەتییەکان پێوانەی دیکە لەوانە خزمایەتی، دۆستایەتی، ئۆگریی سیاسی و هتد... لە دیاریکردنی هێزی ئینسانی کاریگەرە.

چڕکردنەوەی چالاکیی ئیداری و ئابووری لە لایەن دەوڵەت بۆ خۆی هۆکارێکە بۆ چوونەسەری گەندەڵیی ئابووری و ئیداری.

ئەگەر دەوڵەت بچووک بکرێتەوە و بە تایبەتی کردن بە ئاکام بگا و دەوڵەت ڕۆڵی چاودێر لە کاروبارە گرینگەکان بگرێتە ئەستۆ و سەربەخۆیی و بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی دەزگای دادوەری بۆ ڕووبەڕووبوون لە گەڵ گەندەڵی قبووڵ بکرێ، دەتوانین چاوەڕوان بین کە گەندەڵی بەرەبەرە کەم دەبێتەوە و لە نێو دەچێ.

**٢- میکانیزە بوونی سیستمی ئیداری :** یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەگرتنی گەندەڵیی ئیداری لە وڵاتە پەرەنەگرتووەکاندا دەرەتانی پێوەندی ڕاستەوخۆی ئەو کەسانەیە کە ڕوو لە دام و دەزگاکان دەکەن لە گەڵ فەرمانبەران و تەنانەت بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە هاووڵاتیانی کۆمەڵگا بە ناچاری بۆ بە دوادا چوونی کارەکانیان بۆ خۆیان ئامادە دەبن، بۆ ڕزگاری بوون لە سەرئێشەی هاتووچوی بەردەوام و درێژخایەن، ناچار دەبن بەرتیل بە فەرمانبەرانی ئیداری بدەن بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی خۆیان لە ماوەیەکی کورتدا. بەڵام ئەگەر سیستمی ئیداریی نەریتی گۆڕانی بە سەردا بێ و کاغەزبازی نەمێنێ و سیستمی میکانیزە جێگای بگرێتەوە، دەتوانین چاوەڕوان بین بە کەمبوونەوەی پێوەندی ئەو کەسانەی ڕوو لە دام و دەزگاکان دەکەن لە گەڵ بەڕێوەبەران و کارمەندانی دەوڵەت کە لە ئاکامدا

گـەنـدەڵـیی ئـیـداری و کەڵـکی خـراپ وەرگـرتن لـە یـاسـا و ڕێوشوێنەکان کەم دەبێتەوە، زۆربەی چالاکیی و خزمەتگوزاری ماڵیی و ئیداری و هتد... لەم ڕێگایەوە ئەنجام دەدرێ.

**٣- بـە هێزکردنی دامـەزراوە نادەوڵـەتـییـەکان :** لـە زۆربەی وڵاتانی پەرەنەگرتوو و نادیموکراتی، دامەزراوەکانی چاودێری دەوڵـەتـین. لـەم جۆرە وڵاتـانـەدا چـاپـەمـەنی، ڕێـکـخـراوە مەدەنییەکان و حزبە نەیارەکان گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە و یان چاودێری ئەم جۆرە دامەزراوانە لە سەر چالاکیی سیاسی و ئـابـووری دەوڵەت و بـەڕێوەبـەرانی دەوڵەت کـاریگـەر نـیـیـە و نابێتە ڕێگر لە بەردەم پەرەسەندنی گەندەڵیی سیاسی، ئیداری و ماڵیی. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بۆ چاودێری کردن تەنیا توانایی مەرج نییە.

لـە حـاڵێـکدا لـە وڵاتـانـی پـەرەگـرتـوودا چـاودێـری ڕێـکـخراوە مەدەنییەکان و سەربەخۆ لە دەوڵەت یەکێک لە گرینگترین فـاکـتـەرەکـانـی چـاودێـری بـە سـەر چـالاکـیی دامـەزراوەکـان و بـەرپـرسـانـی حـکـوومـەتی، بـەڕێـوەبـەرانی دەوڵـەتی و نـاوەنـدە ئابوورییەکانە.

چاپەمەنی، حزبەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە ئاراستەی جۆراوجۆر، چـاودێـری هـەڵـسـوکـەوتی ڕێـکـخـراو و دامـەزراوە گشتییەکانی دەوڵەتی دەکەن و تێدەکۆشن هەتا چالاکییەکانیان شەفاف بێ.

هەروەها هەزینەی کەمی چاودێریی دامەزراوە نادەوڵەتییەکان هۆکارێکی دیکەیە کە چاودێری ئەوان لە سەر هەڵسوکەوتی ئیداری، ماڵی و سیاسیی بەرپرسان و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان لـە لایـەن کۆمـەڵـگـاوە قبـووڵ بـکرێ و هۆکـاری سـەقـامـگـیـری و بـەردەوامـیی ئـەم جۆرە دامـەزراوانـە لـە وڵاتـە پـەرەگـرتـووەکـانـدا

دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە. کەوابوو بۆ خەبات دژی گەندەڵیی ڕێگـایـەک بێـجـگـە لـە قـبـووڵ کـردنی ڕۆڵی کـاریـگـەری دامەزراوەکانی چاودێری نادەوڵەتی لە تەنیشت ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی چاودێری دەوڵەتی نییە، نابێ ئەم ڕاستیەش لە بـیر بکەین کە پشت بەستنی تەنیا بە چاودێریی دامەزراوە دەوڵـەتـیـیـەکـان کـە بۆ خۆی لـە ڕێـکـخـراوی پـان و بـەریـنی بروکـراتیـکی دەوڵـەتیدا بـەرەبەرە بووەتـە خاوەنی پێوەندی و تێبینی ئیداری و سیاسی، ڕێگا چارە بۆ خەبات دژی گەندەڵی نییە. بەرەبەرە ئاشکرا دەبێ کە ڕێکخراوەکانی دیکە دەبێ بۆ کۆنـتـڕۆڵ و چـاودێـری ڕێـکـخـراوەکـانی چـاودێـری دەوڵـەتی دابمەزرێ.

ئەگەر بمانەوێ لە کۆمەڵگادا بارودۆخێک بڕەخسێنین کە هەر جۆرە شاردنەوە و پەنـامەکی کارکردن دژوار بێ، بێگومان لە گەندەڵیی ئیداری کەم دەبێتەوە. دەبێ قبووڵی بکەین کە لە شوێنە شەفافەکاندا کە یاسا و ڕێوشوێنەکان بۆ هەموو لایەک بە ڕاشـکـاوی و بـە ڕوونی دیـاریـکـراوە و دەتـوانن دەسـتـیـان پێ ڕابگا، ئیتر بە ئاسانی ناتوانرێ گەندەڵی بکرێ.

دەسـتـڕاگـەشـتـنی ئـاسـان بـە زانـیـاری بۆ هـەمـووان، بـوونی ڕاگەیەنەری ڕەخنەگر و کارلێهاتوو، پێکهێنان و پەرەپێدانی فـەزای ڕەخنـە لـە ڕێـکـخـراو و بەڕێـوەبـەرانی لە کۆمەڵـگادا، برەوپێدانی ڕاهێنانەکانی دژی گەندەڵی لە ئاستی جۆراوجۆری خوێندندا، هاوکاری نێونەتەوەیی لە خەبات دژی گەندەڵی، بـەهێـزکـردنی ڕێـکـخـراوە نـادەوڵـەتـیـیـەکـان و ڕێـکـخـراوە خەڵکییەکان بۆ خەبات دژی گەندەڵی، بەشداری خەڵک لە خەبـات دژی گـەندەڵی و سـەرئـەنجام پێنـاسـەی گـەنـدەڵی بـە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون لە کۆمەڵگا، لەو کارانەیە کە لە زاڵبوون بە سەر گەندەڵیدا دەتوانێ کاریگەربێ.

**ئاكام**

خەبات دژی گەندەڵی بە دروشمدان نایەتەدی. ئەم کارە پێویستی بە توانایی و ورەیەکی نەتەوەیی، خواستی گشتی و لێبڕاویی دەوڵەت هەیە.ئەم خەباتە دەبێ هەماهەنگ و بەرنامەبۆدارێژراو بەرێوەبچێ. ئەم خەباتە دەبێ سەرەتا لە بەشە حاستەمەکان دەستپێبکا و ئامانجی وشک کردنی رەگ و ریشە بێ نەک قرتاندنی پەل و پۆکان. مەبەست لە رەگ و ریشە، تەواوی ئەو کەسانەیە کە هۆکاری رەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ تووشبوون بە گەندەڵین. سزادانی تووشبووان بە گەندەڵی و بردنە سەری لە رادەبەدەری هەزینەی تووشبوون بە گەندەڵی (وەک هەڵوێستێک پێش تووشبوون ) و چاکساریی شێوازەکان، چاککردنی سیستمی لێهاتوو، ناساندن و لابردنی ئەو شوێنانەی ئامادەی گەندەڵین، بردنە سەری شەفافییەت و وەڵامدانەوە لە هەڵسوکەوتی رێکخراوە دەوڵەتییەکان و بە گشتی چاکسازی سیستمی ئیداری ( وەک هەڵوێستێک بۆ پێشگیری ) دوو رووی دراوی خەباتی سەرکەوتوو دژی گەندەڵی دێنە ئەژمار و تەواوکەری یەکترن و هیچیان بە تەنیایی ناتوانن بە کەڵک بن.

**سەر چاوەکان:**

**١- گۆڤاری تدبیر ژمارە ١٥١**

**٢- هەمان سەرچاوە ژمارە ١٦٠**

**٣- همشهری ژمارە ٣٥٣٢**

**٤- دنیای اقتصاد ژمارە ٥١٩**

**٥- مدیریت تحول : ابراهیم خلیل خانی**

**٦- رۆژنامەی اعتماد ژمارە ١٢٥٨**

بەبێ دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی...

# ناکرێت بە شوێن مەرهەم و دەرمانی ڕیشەکێشکردنیدا بگەڕێین

**سالار توتمانی**

**کاتێک توانیمان خاڵی سەرەتای سەرهەڵدانی گەندەڵی دەست نیشان بکەین، بێگومان چارەسەری گەندەڵیشمان کردووە. بۆ دۆزینەوەی خاڵی سەرەتاییش پێویستە لەناساندنی جۆری ڤایرۆسەکە بدوێین، دەبێت بزانین ڤایرۆسەکە لە چ جۆرێکە، لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، جۆری ڤایرۆسەکە هەناردەیە، یاخود نزمی بەرگری لەشی هەیکەل دروستی کردووە، لەرێگەی پژمینەوە گواستراوەتەوە، یان سکماک و مێژوویی و بۆماوەییە، نوێیە تازە نەشونمای کردووە، گەشەکردنی بازنەییە، لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە جوڵەی یان بە پێچەوانەوە وزەی پێویستی وەرگرتووە، بەبێ زانینی ئەمانە، ناتوانین ڕێژەی**

**گەشە وچالاکی دیاری بکەین، کەواتە ناتوانین شێوەی کۆنترۆڵ کردنی سنووردار بکەین. بۆ دۆزینەوەی ئەم ڤایرۆسە گەیشتین بەوەی ئەرکی خۆمان لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە. سەرچاوەی دروست بوونی ڤایرۆسەکە، ناوو چەشن وجۆری ڤایرۆسەکە، سەرچاوەکانی وەرگرتنی وزەی پێویستی ڤایرۆسەکە، ئاستی گەشە وبالآی ڤایرۆسەکە، شوێنی لەهەیکەلدا مەترسییەکانی و ئەوسا هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دژە ڤایرۆسەکە.**

### 1- سەرچاوەی دروست بوونی ڤایرۆسەکە:

بۆ هاویشتنی یەکەم هەنگاو دەبێت چەند هەنگاوێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە، گەڕانەوە بۆ ئەو دیو سنوورەکانی بەر لەراپەڕین. گەر ئەم گەڕانەوە نەکەین، لەیەکەم هەنگاودا شکست دەهێنین و راستە رێگەکە بزر دەکەین و بێ ئەنجام دەبین لەم هەوڵەدا، ئەوەندەش ناگەڕێینەوە کە زۆر دوور بکەوینەوە لە سیم خاردارەکانی سنوری راپەڕین. پێم وایە زۆر دوورکەوتنەوە جگە لە کولاندنەوەی برینەکانی جەنگی نێوخۆ، شتێکی دیکە شین ناکەن کە بۆ بابەتەکەی ئێمە گرنگ بێت. بۆیە دەکرێت ئێمە لەهەنگاوی ئاشتەوایی نیشتمانی واتەدروست بوونی بەرەی کوردستانی پێ دابنێین و بەخاڵی جەوهەری بابەتەکەوە گرێیبدەین کەلایەنە کوردستانییەکانی لەساڵی **1988** دا لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆ کردەوە. گەر بەوردی ئاشتەوایی نیشتمانی، بەرەی کوردستانی بخوێنینەوە لەو کات و ساتەدا دروست بوو..دەتوانین سەرچاوەی دروست بوونی ئەوڤایرۆسە بدۆزینەوە کە ئێستا لەناو خوێنی هەیکەلدا نەش ونمای کردووە و خانەکانی شی دەکاتەوە چونکە لەئەنجامی

ئەوخوێندنەوەیە بەزەرەبین وشەیەکی زۆر ورد و بچووک دەدۆزینەوە لە نێو خاڵبەندییەکانی ریککەوتنی لایەنەکاندا ئەو وشەیە وشەی زەروورەتە. کەواتە ئاشتەوایی نیشتمانی لە هەلومەرج وسات و کاتدا لەئەنجامی دەرئەنجامی هەڵەکانی رابردووەوە لەدایک نەبووە و نەخوڵقاوە، واتە سک و زایەکی سروشتی نەبووە کە قۆناغی جەنگی براکوژی هەزم کردبێت و نۆ مانگ و نۆ سەعات و نۆ چرکەکەی تێپەڕاندبێت و بەدنیای ماچ و موچ و دەست لە مل کردن گەیشتبێت، دەتوانین بڵێین لە دایک بوونێکی ناچاریبوو، چونکە پەلەپروزێبوون بەلەدایک بوونەکەوە دیارە ئەم راستیە دەسەلمێنێت ئەو بەشەش مانگی هاتنەی بەرەی کوردستانی تەنها مەبەستێکی هەبوو، ئەویش پەرینەوەی لە سنورەکانی راپەرین. چونکە پەرینەوە لە سنوورەکانی راپەرین بەنەزۆکی بەرجەستە نەدەبوو، بۆیە لێک بوونێکی لەوچەشنە و دەرخستنی جەماڵ و کەماڵی زاوایەتی بوو، زەروورەت بوو، سەلماندنی هەبوونی تۆوی برایەتی لەپشت مێژوودا، گەر لە ناوەوەی ناوەرۆکیشدا درۆیەکی شاخدار بووبێت دەکرێت لە رووی فەلسەفەی سیاسییەوە ئەو زەروورەتە بەپۆزەتیڤ بناسێنین، بەڵام تا ئەو دیو تا پەرینەوە لە سیمە خاردارەکانی راپەرین. پشت راستکردنەوەی خستنەپاڵی زەروورەت وەکوپێشگرێک لەبەردەم بەرەی کوردستانی دەتوانین بە هەڵبژاردنەکەی کۆمەڵانی خەڵک لەساڵی **1992** دا بۆدامەزراندنی حکوومەتی هەرێم بسەلمێنین. دەرکەوت کە دروستبوونی بەرەی کوردستانی جگە لە پردی عبور هەڵگری هیچ دروشمێکی برایەتی و پێکەوە ژیانی قبوڵکردنی یەکتری نەبووە، کەشف بوونی دەستەکانی لەسندوقەکانی هەڵبژاردن دا، ئاشکرای کرد و دڵخوازی لایەنەکان عەشقێک نەبووە کە لە

سەرووی کەمەرەوە بووبێت. بەڵکو پێکەوە ژیانێکی نا ئارەزوومەندانە بوو، مارەییەکی کاتی و سیغە شێوەیی بووە. ئەوە بوو لەیەکەم هەنگاو هاویشتن بۆجێبەجێکردنی یەکەم دروشمی دیموکراسی کە هەڵبژاردن بوو لەژێر دەرەوە و رووە راستەقینەکەی خۆی وەرگرتەوە، ئەوەبوو هیچ لایەن و گرووپێک لەسەر قبوڵکردنی بەرامبەرەکەی هەنگاوێکی نەهاوێشت، ئەم قبوڵکردنە وئاشکرانەکردنی دەنگەکان پێویستی بە ئارایشت کردنی دیموکراسی هەبوو، ئەم میکیاج کردنەی دیموکراسیش پێویستی بە ئاوێنەی تەوافوق هەبوو تا لەناویدا خۆیان بە دابەشکردنی کورسییەکان جوان بکەن.

## 2- ناو و چەشنی ڤایرۆسەکە:

بەم شێوەیە توانیمان ناو و چەشنی ڤایرۆسی گەندەڵی بدۆزینەوە و بیناسێنین ئەویش ڤایرۆسی تەوافوقە تەوافوق سەر بە بنەماڵەی دیموکراسی نییە، تەنانەت بەخوێی چێشتیش ناگەنەوە بەیەک لەگەڵ دیموکراسی، بەم شێوەیە دەتوانین تەوافوق بەرووە راستەقینەکەیدا پێناسە بکەین کە سەر بە بنەماڵەی دیکتاتۆریەتە، گەر زۆر وردی بکەینەوە جیاوازییەکی بەرچاو نابینین لە نێوان هەیکەلی تەوافوق وهەیکەلی دیکتاتۆری بۆ ئەوەی ئەم لێکچوونە بسەلمێنین. دەتوانین بڵێین دیموکراسیەت پەتێک بێت تەوافوق وەک هەبوونی هێلکەیەک وایە بەسەریەوە و بارکراوە. کەواتە جێگیربوونی تەوافوق بەسەر شانی دیموکراسیەتەوە دەرئەنجام هەرکەوتنەخوارەوەی تەوافوقی لێدەکەوێتەوە جەنگی ناوخۆیی چوار ساڵەی پێدا هەڵپژانی رەنگەکان، ئەوگریمانەیان بۆ سەلماندین بۆیە پەنجەمان راکێشا بۆ تەوافوق و ناومان نا ڤایرۆسی گەندەڵی، چونکە پێکهێنانی بنەمای حکوومەت لەسەر ئەم بنچینەیە، بۆ مکیاج کردنی دیموکراسی بوو، مکیاج کردنی دیموکراسی، خودی

گەندەڵـیـیـە و پەردەپۆش کردنی دیکتـاتۆریـەتی گچـکـەیـە لەژێریدا چونکە خەڵکی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداری کردو پاشان نەیزانی کێ بەرندە بووە، لەبری جاڕدان بۆ بەرندەبوونی فلان لایەن، بەبەش کردنی دەنگەکان وپێکهێنانی هەیکەل و شاردنەوەی راستیەکان بووە هۆی دروست بوونی باڵ و دەست و چاو وقاچی ڤایرۆسەکە... لەناو جەستەی هەیکەلدا..

### 3- وەرگرتنی وزەی پێویستی ڤایرۆسەکە:

دانپیانەنانی هەیکەل بە نەخۆشیەکەیدا و بەهەبوونی ڤایرۆسی گـەنـدەڵی لـەنێـو خـانـەکـانـیـدا وهـەمـیـشـە لـەهـەوڵی پەردەپۆشکردنیدا، وزەی پێویستی دابین کرد بۆ ڤایرۆسەکە دەرئەنجام ئەم ڤایرۆسی تەوافوقە کە بەدایکی گەندەڵی خۆی ناساند گەیشتە نێوخوێنی هەیکەل و ئاڵودەی کرد کەتەنها لەخەمی وەرگرتنی ڤیتامیندابێت بۆ سەلامەت بوونی سەر. تا ئەم ڤایرۆسە دەستی گەیشتە خڕۆکە سوورو سپیەکان. ئەوەبوو هاوسەنگی خڕۆکەکانی تێکدا و جەنگ و کوشتنی خڕۆکەکان دەستی پێکرد وهەیکەلی تووشی نەزیف و خوێن بەربوون کرد، بۆماوەی چوار ساڵ خڕۆکەکان یـەکتریـان کوشت، هەندێجار خڕۆکەی سپی زاڵ دەبوو هەندێ جاریش خڕۆکەی سوور بەهۆی ئەوەوە هـەیکەلی تەوازنی فـەرمانی بەسەر سـەرجەم ئەندامە چالاکەکانی خۆیدا لەدەست دا، وەک هەیکەل رووبەڕووی ئەم نەخۆشییـە کوشـندەیـە بـوو، بڕوایشی بـەچارەسـەری خۆماڵی نەبوو، هەر جارە رووی لە ولاتێک دەکرد و دەرزی هاوسەنگی خڕۆکەکانی لەخۆی دەدا، جارێک لەئەنقەرە و جارێک لە دبلن و جارێک لەتاران، ئەوەندە لاواز بوو بوو بڕوای بە چارەسەری سـوریـا وئـوردن و سۆمـاڵـیش هێـنـابـوو جـارجـارەش رووی لـە بـەغـدادیش دەکـرد دیـسـانـەوە بـە بـەنج و کـردنی زەرووڕەت هاوکێشەی جەنگی خڕۆکە سوور و سپییەکانی ناو هەیکەلی

راگرت. ئاشتەوایی نیشتمانی لەدایک بووە... پلەی گەرمای هەیکەل کەگەیشتبووە چل و دوو پلەو بەردەوام جەستەی هەیکەل خوێنی دەسووتاندو بەم دەست بەو دەست خوێنی پێدەبەخشرا. بەم زەروورەتەی دیکە کە ژێر پاڵەپەستۆی مەرگدا... ئەو جورعەیەی وەرگرت دابەزی و هاتەوە بۆ 37.

**4 – ئاستی گەشەو باڵای ڤایرۆسەکە:**

زەروورەتی یەکەم کە بەرەی کوردستانی بوو هەڵگری پردی عبووری پەڕینەوەی سیمە خارداری سنووری ڕاپەڕین بوو دەرکەوت لەم دیوی سنووری ڕاپەڕینەوە پێویستی بە میکیاج کردنی دیوکراسیەت هەیەو ئەو مکیاج کردنەش بە تەوافوق مەیسەر دەبێت، هەموو ئەو لێکدانەوانە سەرجەم ئەندامەکانی ڤایرۆسەکەیان خولقاند کە بە ڤایرۆسی گەندەڵی ناساند، سەرچاوەی وەرگرتنی وزەی پێویستیشمان دەستنیشانکرد، بەڵام دیسانەوە لەدایکبوونەوەی زەروورەتێکی دیکە وەستاندنی جەنگی ناوخۆی چوار ساڵ بوو لەسەر دەسەڵات راستە جەنگی خرۆکەکانی راگرت، بەڵام بیرمان نەچێت جەنگی ڤایرۆسەکەی گواستەوە بۆ جگەرو بۆ دڵ بۆ ئەوە زەروورەتی دووەم و وەستاندنی جەنگی ناوخۆی 1998یش پشت راست بکەینەوە دووبارە کردنەوەو تۆخ کردنەوەی هەیکەل بوو لەسەر بنچینەی تەوافوق خولقاندنەوەی تەوافوق ئەوەی پێ راگەیاندین کە ئاشتەوایی نیشتمانی دووەمین جاری پاش ڕاپەڕینیش هەڵگری پردی عبور بوو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لەنێو ئێراقی پاش رووخانی دیکتاتۆر کەواتە دەست لەملکردنەوەو لەحیم کردنی هەردوولاکەی هەیکەل پێکەوە گرێدانەوەیەکی نائارەزوومەندانەبوو دەتوانین بڵێین لەرێگای چارەسەرێکی موسەکینەوە بوو لەلایەن ئەمەریکاو بەریتانیاوە درا بە هەیکەل ئەمەش دیسانەو زەمینەی بۆ ڤایرۆسی گەندەڵی خۆش کردو

ڤایرۆسی بەرەو سەرەوەی هەیکەل برد. ئەوەندەی دیکە چالاکی کرد، چونکە هەیکەل نەگەڕا بەشوێن سەر هەڵدانی ڤایرسی گەندەڵییەکەداو بڕوای بەچارەسەری خۆماڵی نەبوو.

**5- شوێنی هەنووکەیی ڤایرۆسەکە لەهەیکەلدا:**

وەک وتمان راوەستانی جەنگی ناوخۆ جگە لە دابەزاندنی پلەی گەرمای هەیکەل و راگرتنی نەزیف و خوێن بەربوون، زیاتر نەبوو، ئەمەش دڵنیایی کردین کەڤایرۆسەکە هەر ماوە، بەڵام شوێنی ونکردووەو جێگایەکی دیکەی هەڵبژاردووە. زەرووریەتی پێکەوە ژیانی نا ئارەزوومەندانەی دوای جەنگی ناوخۆ و دامەزراندنەوەی هەیکەل بەشێوەی تەوافوق و میکیاج کردنەوەی دیموکراسی و ڤایرۆسەکەی چالاکتر کرد و ئەمجارەیان لەبەشی سەرەوەی کەمەر هەیکەلیش لەترسی خانەکانی مێشک و لەدەستی ڤایرۆسەکە بەکەمەوە. ئەندامەکانی خوارەوەی فەرامۆش کردووە. هەیکەل تووشی ونبوونی بیرکردنەوە بووە ئەو دەبوایە لەبیری دڵدا بوایە، بەڵام لەبیری سەردایە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند دەمارەی کە گیرۆدەن بەم ڤایرۆسەوەو لەتەنیشت سەری هەیکەلەوە هەمیشە خەریکی درۆکردنن لەگەڵ سەرداو بەم دەست و بەودەست سەری هەیکەل لەخشتە دەبەن و نوقڵانەی هەستانەوەی پێدەدەن و پێیدەڵێن تۆ بەم دەردەوە نامرێت و چەند هەستانەوەت هەیە. ئەم بڕوابوونەی سەری هەیکەل بەمارەکانی شان و ملی وزەی پێویستی هەنووکە دابین دەکەن بۆ ڤایرۆسەکە کە بەرەو خوێنبەرو خوێنهێنەری دڵی هەیکەل بچن و بەلایدا بهێنن. کەواتە دووبارەکردنەوەی دامەزراندنەوەی حکوومەت لەسەر بنەمای تەوافوق خۆ گەندەڵییەو گەڕانەوەش بۆ دیموکراسی و لێکردنەوەی ئەو میکیاژەی بۆ دیموکراسیەت کراوە باشترین دژە ڤایرۆسی گەندەڵییە گەر ئەمەمان کردو توانیمان و بوێرین

کەواتە لێمان  روونە دەنگمان بەکێداوە گەر زانیمان کێمان هەڵبژاردووە کەواتە زانیومانە کێ سامانیی نیشتمانی بەهەدەر دەبات و  لوشی دەدات ئەم بەرچاو روونیە لەحکوومەتی تەوافوقیدا دەست نادات و قۆڵی رەش و سپی لەبواردا ناناسینەوە، چونکە بەردەوامبوونی دروشمی تەوافوقی بەدەست هەیکەلی ئەم حکوومەتەوە بێمنەتی هەیکەل دەبات بەرێوەو پێویستیان بە پەنجەکانی گەل نابێت ئەو پێویست نەبوونەش واتە هەنگاونان بۆ دیکتاتۆریەت لەدەسەڵاتی دیکتاتۆریەتیشدا چارەسەرکردنی گەندەڵی مایەی پێکەنینە.

بە داخەوە.. لە پاش توێکاری و شیکردنەوەو کردنەوەی ناوسکی هەیکەل (فتح بطن) دۆزینەوەی ناو و گەشەو شوێنی ڤایرۆسی گەندەڵی لە هەیکەلدا.. گەیشتینە بەردەم خاڵێک کە زۆر دژوارە، خاڵێک کە لە بری بە دەستەوەدانی دەرئەنجام.. تا لە رێگای ئەو سۆنارەوە کردمان بۆ هەیکەل  چارەسەری بۆ وەدۆزین..خاڵێک رامانەدگرێت و دەست و پەنجەمان خاو دەکاتەوە.. چونکە هاتنە پێشی ئەم خاڵە لە شێوەی پرسیاردا قوت دەبێتەوە.

پرسیارێک کە زۆر ئێسک قورس و گرانە و وەڵامەکەی نادیارە.. ئەو پرسیارەش دەپرسێت، (چ کاتێک خرۆکەی سوور لە باتی (ئیلتهاب) هەوڵی لە ناوبردنی خرۆکەی سپی دەدات.. یا خود بە پێچەوانەوە.؟) .

سەرەتا بۆ دەستکەوتنی سەرە داوێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، شتێک دێتە پێشەوە کە ئێمە مامەڵەی لە تەکدا بکەین، ئەویش نەخۆشی (کورت بینی) یە.. دەرکەوتنیشی دەست ودیاری گەندەڵییە.

ئەم (کورت بینی)یە لە سۆمای هەیکەلدایە.. لە دەرئەنجامی

دابەزینی بەرگری (مناعە) هەیکەل کە بەهۆی ڤایرۆسی گەندەڵییەوە دروست بوو خەتی دا.. ئەم نەخۆشییە.. نەخۆشییەکی ترسناکە لە دەرئەنجامی دۆزینەوەی زەروورەت و تەوافوقەوە لوتمان تەقی بەلوتیەوە.. گەرنەهاتایەتە پێش لێکۆلینەوەکەمان، دەمانتوانی ئەنتی ڤایرۆسێک بدەین لە مێشکی هەیکەل و فایلەکان ڕێک بخەینەوە، بەلاّم کە گەیشتینە ئەوەی چارەسەر بدۆزینەوە و دەرمانەکان بخەینە سەر ڕەختە، ئازمایشێک کە دواجار گرتمان بۆ دڵنیابوون، دەرکەوت کە گەشەی ڤایرۆسی گەندەڵیەکە ئەوەندە بالاّی کردوە داویەتی لە چاوەکانی هەیکەل و تووشی نەخۆشی (کورت بین)ی کردووە..

پێشتر لە شیکاریەکاندا بە شوێن تروسکاییەکدا دەگەڕاین کە گەندەڵی بە شێر پەنجە نەگەیشتبێت . بەلاّم کە سەیری (بینایی) هەیکەلمانکرد.. توشی شۆک بووین.. بینیمان تۆڕەکانی گلێنەی هەیکەل ئالودەبوون و گەندەڵی کار خۆی کردووە...

ئەمەیش وایکرد. کە کاریگەری دەرکەوتنی ئەم نەخۆشیە (کورت بینی) نەختی ڕونتر بکەینەو ە تا لەوە حاڵی بین چ ئاستەنگێک لە بەردەم چارەسەردا دادەنێت.. کە ئێمە تووشی بەردەم دوڕیانێک بکات. نمرەی دابەزینی ئەم(کورت)بینیە ئەوەندە ڕوو لە خوارە.. کە بە دانانی چاویلکەیەک دەربازبین تاچەند هەنگاوێکی دیکە بە هەیکەل ببەخشین .

دەبینین بەم چاوانەی هەنووکەیی هەیکەلەوە ناتوانین جگە لە ئەمرۆ...سبەینێ و دوو سبەی ببینین .ئەم خەم خواردن و خۆ خواردنەوەیە بۆ چاو بۆچی...؟ !!چونکە لاقەکانی هەیکەل.. چیتر لە خەمی هەڵگرتن و بە ڕێکردنی ئەم هەیکەلە لە

خەیاڵیاندا نەماوە... تا هیچ نەبێت بە دار و دیواردا دارە دارە بە هەیکەل بکات و چەند هەنگاوێکی دیکە لە مەرگ دوری بخاتەوە.. نەهێڵێت بکەوێتە نێو ئەو زەلکاوانەی کە هەڵیکەندووە... .. دەمێکە پچرانێک ڕوویداوە لە نێوان سەرەوەی هەیکەل و خوارەوەی هەیکەلدا...

ئەم پچڕانەش ڕێگرە و ناهێڵێت ئەو وزە و تاقانە سەرەوەی کەمەر.. بگەن بە بەشی خوارەوەی کەمەر ئەمەش لاقەکانی هەیکەلی سست کردووە و هێزی ئەژنۆی هەیکەلی بڕست لێبڕیوە.. چونکە لاق تەماشای چەنصی دەستەکان و باڵەکانی هەیکەل دەکات.. کە پڕن لە ڤیتامین و ئەوەندە زۆر و زەبەندەن لە بەینی قامکەکانەوە دەڕژێن و بەسەرعەردی بەر پێکانی هەیکەل دەکەوێت...لە ڕێگای دەمارە ناوەندیەکانی هەیکەلەوە ناگەن بەلاق..

کەواتە هەیکەل خانەکانی سەری باش کارناکەن.. ئەرکی لاقی بیر چووەتەوە کە چەند گرنگە... نازو ڕێزو پیرۆزی لاقەکانی داون بە باڵەکانی و بە دیار عەرزی عەزەلاتی باڵەکانییەوە.. شانی لێداداوە و مێشێک میوانی نییە . هەنووکە گەیشتووە تە ئەو بڕوایەی کە بەباڵ بڕوات و لاقەکان بە دووی خۆیدا کێش بکات.

ڕۆیشتن بەباڵ و بە خشۆکی بەسەر عەردا.. مەعلومە سەری هەیکەل شۆڕ دەکاتەوە بۆ خوارەوە... لێوی هەیکەل ناچار دەکات ماچی دڕکەزی بکات... ئەمەش وا دەکات کە دەوروبەری خۆی نابینێت..

دەکرێت بپرسین.. ئەم باڵانە.. تا چەندی دیکە دەتوانن ئەم هەیکەلە ڕابکێشین و بیگەیەننە شوێنێک کە پشووبدات !!

بگەیەنێت تا... بیمارستان و باخچەکان و گوڵەکان ببینێت..

بێگومان لەپی دەستی باڵەکان.. تلۆقیان کردووە.. دەکزێنەوە.. تا بێت ئاستی بەرزی لوتی هەیکەل کە شۆڕ بۆتەوە دادەبەزێت.. چونکە سوێی تلۆقی لەپی دەستی باڵەکان وامان پێ دەڵێت.. کە خەریکە ئانیشکی باڵەکانیش لینجاویان تێدا نامێنێت و سەری هەیکەل.. نزیک دەکاتەوە بە تەسلیم بوون.. کەواتە لێرەوە وەڵامی قوت بوونەوەی پرسیارەکە وەردەگرینەوە کەدەپرسێت بۆ لە بری دۆزینەوەی دەرمانی لە بەین بردنی (ئیلتیهاب) کە سەرچاوەی هەموو گیرو گرفتەکانی هەیکەلە خرۆکەکان یەکدی لە ناو دەبەن... لاقەکان فەرامۆش و پەراوێز دەخرێن بۆ باڵەکان؟

ئەی باشە بۆ دەوری لاقەکان تا سنوری سیمە خاردار و پەڕینەوەی سنوری سیمە خاردارەکان پڕ بایەخ بوو... بۆ ئەم گواستنەوە و گۆڕینەوە روویدا.. لاقەکان بوون بە سفری دوای فاریزە و بەشی لاقەکان درا بە باڵەکان.. کەواتە دەرئەنجام ئەمەیە... دکتۆری زانا خەساری مەکە مەرهەمێکی تر.... زەروورەت دیموکراسی مکیاج کراوی خواست و دیموکراسی مکیاج کراویش بەبێ تەوافوق نەیتوانی دوو باڵی هەبێت بۆ فڕین و کار بە(کورت)بینی گەیشت.. دەبێت ڕەچەتەی سپی واژۆ بکەین و بینێرین بۆ دەرمانساز... ئەدی کام دەرمانساز.. دەرمانخانەی ئێشکگری ئەمشەو... لە ئەستەنبوڵ و لە تهران... لە دیمەشق... لە واشنتن... لە ریاز و لە بەغدا و جگە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووک . هیوادارم کەس پێویستی پێنەبێت چونکە بۆ چارەسەری شێر پەنجە لە هەموو دنیادا.. تەنها جورعەی کیمیاوی (لۆکیمیا)هەیە.. ئەوە تاکە ڕێگایە.. کە... بۆ مەرگێکی هێواش بەکاردێت.

# مروڤ سازی مینا رێبەک بو نەهێلانا گەندەلیێ

رشید ملا عەلی کۆلەکی

**گەندەلیێ ئەڤرۆ بویە بابەتێ هەرەمەزن و بەرچاڤ ل پرانیا ولاتێن جیهانێ کو بەرەف ریێ دەسەلاتا گرتیە , ,نەخاسمە د ولاتێن تازە پێگەهشتێ ئانکو باشتر بێژین ولاتێن جیهانا سێیێ و ئەو ولاتێت نهوکەتینە سەر رێکا گەشکرنێ و پێشکەتنێ . گەندەلیێ برەنگەکێ تەمام دەسەلاتا لڤان ولاتادا یا دەوردایێ و بەروکێ سیستەمێن سیاسێ یا گرتێ برەنگەکێ کو وەختە ببیتە مەترسێ بو هەرفینا دەسەلاتێ لڤان ولاتادا ,هەرچەندە ئاست و رێژا گەندەلیێ ل ولاتەکێ و ل جڤاکەکێ و بو ولات و جڤاکەکێ دێ یا جیاوازەو دهێتە گورین.**

گەلەک ئەگەرو فاکتەر ژێ یێت هەیٚ کو دبنە ئەگەرێ سەرهەلدان و پەیدابینا گەندەلییٚ کو رەنگە لێرە دەلیڤا وێ چەندێ نەبیت بەحس بێتە کرن ,بەلێ پێدڤێ ب رێکێن چارەسەرکرن ,نەهێشت یان کێم کرنا گەندەلییێ بهێتە دیتن و بزاڤ بێتە کرن ئەڤ نەساخیا کوژەک دناڤ جڤاکان دابێتە قەتاندن پێشکەتن و گەشەکرن ل ولاتان ب گشتێ ل ولاتێن جیهانا سێیێ دا ب تایبەتێ گرنکترین بابەتێ بەردەستێ

دەسەلات و سیستەمێ، سیاسیە و مەزنترین مەترسیدارترین ئەگەرو کوسپ ژێ کو دکەڤیتە سەر رێیا گەشەکرنا گەندەلییە .
ژێدەرەکێ هەرەگرنگیش کو باندورەکا ئەرێنێ یان نەرێنێ دکەتە سەرگەندەلیێ چەوانیا پەروەردەکرن و و پێگەهاندنا مروڤیە د چڤاکاندا ,لەو ما مروڤ سازێ ئانکو پەروەردەکرن و پێگەهاندنا مروڤان بابەت و فاکتەرەکێ گرنگە کو پێتڤێ یە ژلایێ دەسەلاتیڤە گرنگێ بێتە لێدان .چنکێ جڤاکەکێ ساخ و سالم پێدڤیا ب مروڤێن سالم هەێ لەوما مروڤ سازێ دبیتە ئێک ژ گرنکترین ئەرکێ دەسەلاتێ . هەرێما کوردستانێ و دەسەلات و سیستەمێ سیاسێ و جڤاکێ کوردێ ب رەنگەکێ گشتێ کو نهو ل دەست پێکا گەشەکرن و ئاڤاکرنا دەسەلات و سیستەموو دام و دەزگەهێن دیموکراتێ و مەدەنێ دایە , پێدڤیاب پەروەردەکرن و پێگەهاندن و تێگەهاندنا مروڤێن ڤێ قویناغێ هەێ ئانکو پێدڤیاب مروڤسازیێ هەێ مەرەما ب هێزکرن و خورتکرنا دام و دەزگەهێن مەدەنێ و دیموکراتێ چنکێ بێێ خورت بینا ڤان دام و دەزگەهان نەگەندەلێ دهێتە بن برکرن و نەجڤاک ژێ گەشە دکەت و پێش دکەڤیت ل هەمێ لایەکێڤە ژلایێ ئابورێ بیت یان سیاسێ چاندێ یان جڤاکێ بیت بوڤێ مەرەمێ ژێ پێدڤیە مروڤ بێنە چێکرن رول و کاریگەریا هێزا مروڤێ دگەشەکرن و پێشکەتنێ دا ل ولاتێن ڤەمایێ (جیهانا سێیێ ) داکیمتر یا هاتیە سەیر کرن و گرنگیا هاتیە پێدان د دەمەکێدا کو ولاتێ (جەماوەر) هەم ئامانجە و هەم ئامرازێ پێشکەتنێ یە ژێ . ل جهێ هندێ کو مروڤ بێتە پەراوێزکرن گەشەکرن بسەررەواندا تێپەردبیت , پێدڤیە ببیتە بابەتەکێ سەرەکێ یێ گەشەکرنێ ,پێدڤێ مروڤ نەبیتە قوربانێ یان عەڤدێ بێ پەنا گەهەکێ قویناغێت گەشەکرنێ ,بەلکێ پێتڤێ یە ببیتە خودانێ وێ ,ئەو دهێتە

تێبینیێ کرن  زور جارا گرنگیێ بتنێ ب سەمایێ و تەنکولۆژیا و مەوادێ سروشتیێ دهێتە دان و سەرمایا مروڤێ کێمتر دهێتە لبەرچاڤکرتن ژلایێ چەندایەتێ و چونایەتێ ( کەمێ و کەیفێ) . ئەزمون و سەربۆرا ولاتێن تازە گەشکر ڤێ راستییێ خویادکەت کو چەند پرانیا ولاتێن تازە گەشەکرێ خودانێن سەرمایەکا مالێ یا زێدە زور و زەبەلاحن و تەکنۆژیایەکێ باشیش ل ولاتێن پێشکەتێ یاکرێ .,بەلێ دیسان نەشیانە پێش کەڤن و گەشە بکەن . ولاتێن خودانێ نەفتێ داهاتەکێ مەزن و بەرچاڤێ مالێ و دارایێ یێ هەێ ,بەلێ چنکێ سەرمایێ مروڤێ و ئنسانێ ,دەزگە هو شارەزاییا مروڤێ نیە یان وەکو پێتڤێ گرنگێ نەهاتیە پێدان یان ژێ گەشەنەکریە . پروفیسور ( فردیک هابیستون) ل زانینگەها پرینستون لدورڤێ چەندێ دبێژیت (هێزا مروڤێ شەنگەستێ سەرەکێ یێ سەروەتێ میللەتایەو سەرمایەو ژێدەرێن سروشتێ لدیف دادێن . مرۆڤ ژمارەکا ئەگەرانە کو سەرمایا بەرهەم    دینن ,مفایێ ژ ژێدەرێن سروشتێ وەردگرن . رێکخستێت سیاسێ ,چاندێ ,جڤاکێ و ئابورێ دادمەزرێنن و دبنە پێشەنگێت گەشەکرنێ ناڤبرێ دبێژیت  هەرولاتەک کو نەشێت ئەزمون و شارەزایێ و زانست و شیانێت گەلێ خو زێدە بکەت و بەرەف پێش ببەت و مفایێ ژڤان شیانا وەرگریت ,هێزو شیانێت پێتڤێ نابن بو پێش کەتن و گەشەکرنێ دگەل لبەر چاڤگرتنا هێزا مروڤێ و ئینسانێ    ,شیان و هێزا دابەشکرنێ جڤاکێ داژێ دێ زێدەبیت و ب خورتکرن و هێزکرنا هێزاکارێ دێ  زەمینەو بنەماو شەنگستەکێ  باش و هەژێ دێ هێتە رەخساندن بو پێشکەتن و گەشەکرنا ئابوورێ  ل ولاتێ دا . پێتڤێ یە ئەڤ چەند بێتە لبەر چاڤگرتن  کو مەرەم ل گەشەکرنێ ,باشترکرنا کاودانێ تەڤایێ و گشتێ یێ جڤاکێ یەو د ئەنجامدا باشترکرنا

ژیانا مروڤێ یە ,ئەگەر ل لایەکێ مروڤ ئامرازێ گەشەکرنێ بیت ,بەلێ ژلایێ دیڤە پێش کەتن و گەشەکرن بو مروڤێ یە , ئەگەر بریاربیت داهاتێ نیشتیمانێ زێدە ببیت بەلێ چ گوهرین بسەر ژیانا مروڤیدا نەهێت یەعنێ چ تشت نەبوویە . ژمارەکا ئابوورناسێن مینا ( miner) ێ کو پشتگیریا دابەشکرنا داهاتمادکەن برێکا سەرمایێ مروڤێ برەنگەکێ ئێکسان دبێژن بتنێ تیورەک کو بشێت بەرسڤا چەوانیا دابەشکرنا داهاتا بدەتەڤە تیورا سەرمایا مروڤێ یەو پێتڤێ ولات بزاڤێ بکەن برێیا کێم کرنەڤا جیاوازیێن پێشکێش کرنا خزمەت گوزاریێت فێرکرنێ جورە ئێکسانێ و وەکهەڤییەک د داهاتێ دا درست ببیت . ئەگەر داهاتێ کەسێ لسەر شەنگەستێ شارەزایێ دکارێ دا . لێهاتێ و شیان و پسپورێ ,ئەزمون و سەربۆ رو زانستێ بیت ئەف چەندە دبیتە فاکتەرەکێ ب هێز بو دابەشکرنا داهاتا برەنگەکێ عادیلانەو ئێکسان ,بەلێ هندەک فاکتەر ژێ کاریگەرییەکا نیگەتیڤ و خراب و دکەنە سەر ئێکسان دابەشکرنا داهات و هێزو سەرمایێ مروڤ مینا جودایێ دناڤبەرا رەگەزو نەتەوا ,ناڤبەرا باژێرو گوندا ,ناڤبەرا باژێرێن مەزن و کچکە ,لدەمەکێ دا ئەگەر بشێن سەرمایێ مروڤ و هێزو شیانێن بەرهەم ئینانێ ب شێوەیەکێ عادیلانە و ئێکسان دابەش بکەن ,ئەڤە دبیتەفاکتەرەکێ بەرچاڤ بو دابەشکرنا داهاتاژێ ب ئێکسانێ و بوشایێ دێ هێتە کێم کرن . دهەر جڤاکەکێ دا دوو فاکتەر رۆلەکێ مەزن دبینن دپێش کەتن و گەشەکرنێدا مروڤ و سروشت ,بەلێ یا ئێکێ فەرترو گرنکترە و گەشەکرنا دوویێ ژێ یا هاتیە گرێدان ب یا ئێکێڤە . گەلەک دزورن ئەو ولاتێن شیاین برێکا مروڤێن داهێنەرو کاراو ئەکتیڤ بکەنە پلا هەر بەرزو بلند ل گەشەکرنێ لدەمەکێ دا کو ژێدەرەکێ سروشتێ یێ مەزن ژێ دبەر دەست دا نەبوویە .

ژاپون سەربۆرو ئەزمەنەکا باش و سەرکەتیە لڤان جورە ولاتان ـ قوتابخانەو زانینگەهـ دوو ئامرازێت مروڤ سازیێ فێرکردن بابەتەکە زور ل مێژە بایەخ و گرنگیێ هاتیە پێدان و ئەفلاتونی د( مەدینا فازیلە) دا باوەرەکا ب هێز ب فێرکرنێ هەبوو فێرکرن ب رێیە کا گرنگ دزانی ب مەرەما سەرکەتن بسەر ئاریشاندا و ب فاکتەرەکێ گرنگ ژێ دزانی درێیا باشتر کرنا شێوازو رەنگێ ژیانێ . فێرکرنێ پێتڤیاب ئامراز ,ئیمکانات و دەزگەهـ و وان دام و دەزگەها هەیێ ئەوێن ئەرکێ فێرکرنێ وەردگرن ,ئامانجا سەرەکێ ل پەروەردەو فێرکرنێ پەرەپێدانا فێرکرنێ یە چ وەکێ فێرکرنا پسپوریێ و شارەزاییێ و چ وەکێ ب هێزکرنا هێزا دیاریێ کرنێ . پروسێ فێرکرنێ ژ سێ لایاڤە کاریگەریێ دکەتە سەر وەراراگەشەکرن و بەرهەم ئینانێ : کاریگەریێ کر ئەسەر هێزا کاریێ ئانکو کارکرنێ ,شیانێن شارەزاییێ ,هێزو شیانێن بەرهەم ئینانێ . ژلاییێ کاریگەریێ کرنە سەر هێزەکا رکرنێ ,فێرکرن دبیتە ئەگەرێ هندێ کو هێزا کاریێ بشێت کاراترو ئەکتیف تر وان ئەرکاجێ ب جێ بکەت ئەوێت کو تێنەپێ سپاردن و دبیتە ئەگەرێ گەشەکرنا هێزا باسکێ ژلایەکێ و ب هێز بینا هێزابیرو هزرێ ژلاییێ دیڤە . هێزاکاریێ دێ ڤێ چەندێ فێربیت کادێ ب هێزا باسکێت خویان ژێ ب هێزا هزرا خو چەوا دێ ئەرکێت سەر ملێ خو جێ ب جێ کەت ,شیان و هێزا شارەزاییێ ژێ بریتێ یە ل شیانێن هەلبژاردنا باشترین و هەژیترین گوهرینێن بەردەست کو پێتڤیاب هێزا ناسینێ ,زانست ,شارەزاییێ و دادوەرییێ هەیێ ئەڤ شیانەژێ بتنێ ل ناوەندێن خاندنێ مینا قوتابخانەو زانینگەها درست دبیت . هێزو شیانێن دائێنانێ ژێ دبیتە ئەگەرێ ژێدەرا بەرهەم ئینانێ کوناکرێ و نابیت بهێتە ژبیرکرن . ( ئیدوارد شیلەر و ئارنولد ئاندەرسون ) دوێ باوەرییێ دانە

کۆ پەروەردەو فێرکرن ئامرازێن گرنگ و ب مەرەما پێگەهاندن و دروستکرنا مروڤێن نێ و کاریگەریەکا راستەو خویا لسەر هەستا وەفاداریا نشتیمانێ ودامەزراندنا پسپورێ و شەنگەستێن پێتڤێ بو داهێنانا تەکنە لۆ ژیایێ هەێ پێتڤێ یە زانینگەها ئەف شیانە هەبن کو بشێن ئاستێ لێهاتنێ و کارایێ و شیانێن هێزا کارێ بلند بکەن و گەشەێ پێ بدەن و بەرەف پێش ببەن ئەڤە ب ئێک ژ گرنگترین ئەرکێن زانینگەها دهێتە هژماردن . تێگەهشتن و دیتن و نێرینێن ولاتان لدۆر بابەتێ فێرکرنێ یا جودایە پرانیا ولاتێن پاشکەتێ و تازە پێگەهشتێ دوێ باوەریێ دانە یان دخازن هوسابن وەساژێ هەست دکەن کو رەمزا گەشەکرن و پێشکەتنێ یا نیشتیمانێ پەرەپێدان و بەرەف پێش برنا لەزا رەخساند نا دەم و کاودانەکێ هەژێ و گونجا یە بو فێرکرنێ ژلایێ چەندایەتیڤە ( کەمێ ) ئانکو وەساتێدگەهن و تێگەهشتنا کا وەسایا هەێ کو فێرکرنا زێدەتر یەعنێ گەشەکرن و پێش کەتنەکا ب لەزتر . هەر لبەر ڤێ چەندێ ژێ هەمێ وولات دابین کرنا فێرکرنەکا سەرەتایێ یاسەرتاسەرێ ب ئەرکێ خو دزانن دکورتترین دەم دا . ئەف چەندەش ژلایێ سیاسیڤە کارەکێ هەستیار و ژلایێ ئابوریڤە سەرفیات و خەرجیەکا مەزن دڤێت . هەتا ڤێ دوماهیێ بتنێ هژمارەکا کێم ژ ئابوریناسا جورئەتا برنە ژێر پرسیاراڤێ شێوازێ فێرکرنێ هەبووە پێتڤێ یە ئەف چەند بێتە لبەر چاڤگرتن کو بهێتە زانین کادێ ئایا فێرکرنا چەندایەتێ گرنگترو کاریگەر ترە یان یا چەوانێ چونایەتێ، ئەلبەتەرێ و زاهیریا بابەتێ وەسا دەردئێخیت کو بابەتەکە ل ولاتێن جیهانا سێیێ دا زێدەتر دیاردەکا سیاسێ یە کو تاکو دابین کرنا پێتڤیێن جڤاکێ بیت . چونکێ پشتێ سێ دەیال مەزاختنا ملیاردێن دولارا درێکا فێرکرنێ دا وەسا هەست

دهێتە کرن کوچ و گوهرینێن هەژێ و بەرچاو دکاودانێ گەل و نەتەوێن ناڤێن دجڤاکێدا ل ئاسیاو ئەفریقاو ژێر یا ئەمریکا درست نەبیەو چ تشتێ وەسارو نەدایە . ئەف چەندەش ڤێ راستیێ خویادکەت کو دو ولاتێن تازە گەشەکرێ دا هەمێ گاڤا فێرکرنا فەرمێ یائێکسان نیە دگەل فێربێن و گرنگێ دانا تایبەت ب ماموستاو قوتابێ بو وەرگرتنا بروانامە خاندنا سەرەتایێ و سەرفەترو بلندتر ب مەعنا لێهاتێ و شیانێن قوتابیا نینە ,بەلکێ ب بەروڤاژیڤە زور جارا ل جهێ هندێ کو ببیتە پالنەرەک بو گەشەکرنا نشتیمانێ دبیتە کوسپ و تەگەرەو درێکا گەشەکرنێ دا ولاتێن کو باو بولّغیاریا چ نەخویندەوارنینە بەلێ یێ درێزا ولاتێن پاشکەتێ و ڤەماهیێ دا ,لدەمە کێ کول فەرەنسا نزیکێ دوو ملیون نەخوێندەوارا هەنە کو ژلایێ پێشکەتنێڤە دگەل ڤان ولاتا ناهێتە قیاس کرن و بەراوردکرن . کو بزاڤەکا زورو مەزاختنەکا زێدەژێ کریە . ل دوماهیێ دا دێ شێن بێژین زانینگەه ناڤەندێن فێرکرنێ و زانستێ و فێرکاریێن سەرەتایێ و دوا ناڤنجێ گرنگترین پێدڤییێت پێش کەتن و گەشەکرنێ نە ,لێ ئەوا کو پێتڤێ یە بیتە لبەر چاڤگرتن و گرنگێ بێتە پێدان چەوانیا ڤێ فێرکرن و فێرکاریێ یە وگونجاند ناڤێ فێرکارێ و فێرکردنێیە دگەل پێتڤییێت راست و درست و واقیعێ یێت جڤاکێ. هەرچەندە فێرکرن بابەتەکێ مەعنەوییە ,بەلێ ئەنجام و ئاکامێت وێ کاریگەریەکا تەمام یاهەێ لسەر ئارمانجێت مادێ یێت گەشەکرنا ئابورێ و چونکێ گەشەکرن هەمێ جڤاکێ دادپوشیت و دادگریت ,هەمێ پسپورێ و شارەزایێ چ زانستێ و چ ئینسانێ دچنە خزمەتا بەرەف پێش برنا ئارمانجاو دجڤاکەکێ دا کو ناوەندێن فێرکرن و ڤەکولینیێ دزیندێ و هشیارن و پەیوەندیەکا دوولایەنە یا هەێ دجڤاکێ دا دیاردا گەشەکرنێ

خوباتێدا ڤەشارتیێ و داهێنان و بزاڤ و حەرەکەو بەرەف پێش چون ل کاودانێ هەیێ بەرەف کاودانەکێ هەژێ و پێشکەتێ پێنگاڤ د هاڤێژیت و دکاودانەکێ و هوسادا یە کو ئاسویەکێ گەش و رون دهێتە بەرچاڤ و دێ بیت ب هیڤێ و ئومێدەڤە بەرێ خوبدەینە پاشەروژێ و ئومێدو هیڤێ ب ئایندەکا گەش هەبیت.

**مفاژ هەردوو گوڤارێن اتلاعات سیاسێ ـ اقتصادێ ژمارە ( ١٤٤ـ ١٤٣بم ١٦٦ـ ١٦٥) هاتیە وەرگرتن.**

# گەندەڵی زەنگێکی مەترسیدارە
# کە هەڕەشە لە مانەوەی حکوومەت دەکات

نەسرین حەسەن

**بەر لەوەی باس لەو تەوەرەبکەین، دەبێ سەرەتا بزانین دیموکراسی چییە؟ دیموکراسی وەکو لەناوەکەی بەدی دەکرێت بەواتای دەسەڵاتی گەل دێت وسیستەمێکە کەتێیدا تەوای چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بێ جیاوازی، رەگەزو ئایین و... بەشداری لە بەڕێوەبردنی حکوومەت دەکەن، هەر لەو سیستمەدا مافەکانی خەڵک پارێزراوە، ئەوجا دەگەڕێینە سەر ئەو خاڵەی کەئایا دیموکراسی تاچەند لەکۆمەڵگای کوردی دا دەبینێ؟ لەو هەنگاوەی کەبەرەو دیموکراسیەت هەڵێناوە لاوازیەک لە بنەماکەیدا بەدی دەکرێت لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە داخوازی و داواکاریەکانی خەڵک بە تەواوی جێبەجێ بکات کە ئەمەش لە پێشێلکاریەکان وگلەیی و گازاندەی خەڵکدا دەردەکەوێت کە نیشانەیەکە لە دروست بوونی ئیدارەیەکی گەندەڵ!**

مێژووی کۆمەڵگای کوردی مێژوویەکی خوێناوی و پڕ لە ئازارو نەهامەتیەو فەرهەنگی دیکتاتۆریەت تا ماوەیەکی زۆر بیرو عەقڵیەتی تاکی کوردی داگیر کردبوو. ئەمڕۆش لە دوای

تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر نەمانی دیکتاتۆریەت و ئەوبنچینە سەربەخۆییەی کە کورد خاوەنیەتی. بەڵام سڕینەوەی ئەم فەرهەنگەو کارکردن لەسەر فکرو باوەڕی تاک بۆ تەبایی وئاشتی وپێکەوە ژیان ماوەیەکی دەوێت، هەرچەندە کەئێستا جێگای دڵخۆشیە کەدیموکراسیەت هەنگاو دەنێت بۆ بەرەو پێشچوون وهەروەها ڕۆڵی سەرکردەی سیاسی، دڵسۆزو لێهاتوو وەک سەرۆک بارزانی بنەمایەکان بۆ ئەو مەبەستە بەهێزتر دەکات ماکیاڤیللی پێی وایە بۆ پاراستنی هەر حکومەتێک پێویستیمان بە دوو خاڵی گرنگ هەیە، یەکەم: دڵسۆزی میللەت بۆ حکومەتەکەی.

دووەم ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی لە بڕیاردان وبوێری سیاسەتوان لەبەرامبەر ئەو کێشە و ڕووداوانەی کە هەڕەشە لەمانەوەی حکومەت دەکەن.

ئەگەر لەو سۆنگەیەوە بڕوانینە کۆمەڵگای خۆمان دەبینین کەهەندێک خاڵی لاواز هەیە لەو مەرجانەی کەبۆ پاراستنی حکوومەت پێویستە. ئەویش جیاوازی و بۆشایی زۆرە لەنێوان دەسەلات و هاوولاتی، ئەو بۆشاییەش بۆتە هۆی لاواز بوونی هەستی دڵسۆزی میللەت بەرامبەر بە حکوومەت، کەئەمەش دەرئەنجامی گوێ نەگرتن لەداواکاری خەڵک لە لایەن بەرپرسەوە دروست دەبێت کورسی بەرپرسیاریەتی لەکۆمەڵگای ئێمە وای لەبەرپرس کردووە کەتەنیا بیر لە بەرژەوەندیەکانی خۆی و خزم وکەس وکاری بکاتەوە لێرە دایە کە دەسەڵات ڕۆڵی سەرەکی هەیە بۆ لاواز بوونی ئیدارەیەکی دیموکراسی و بەهێزکردنی گەندەڵی کە ئەمڕۆ بۆتە جێگای گفتوگۆ وباس کردن لە سەری وەک نەخۆشیەکی مەترسیدار کە هەڕەشە لە بەرژەوەندی حکوومەتی کوردی دەکات، هەڵبەتە لێرەدا دەکرێت هۆکاری ئەم گەندەڵیە بگەڕێتەوە بۆ سەر هەڵدانی ململانێ و

دروست بوونی دوو ئیدارەیی و دابەش بوونی دەسەلأت بۆ سەر دووحزبی سەرەکی و وەرگرتنی پۆستە گرنگەکان لەلایەن ئەو دوو حزبەوە و کۆکردنەوەی خزم و کەس وکار لە دەوری خۆیان و دامەزراندنی خەلّک بە تەزکیەی حزبی و پەراویز خستنی خەلّکی بێ لایەن و ئەنجامەکەشی بێزاری وگازاندەی خەلّکی لێکەوتەوە. هۆکارێکی تری ئەم دیاردەیە دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی بەرپرسیارێتی تاک بەرامبەر بە نیشتیمان و تەنانەت خۆشی، ئەمرۆ هەرتاکێکی کورد لە هەر پلەوپایەو پێگەیەک بێت، دەبێت خۆی بە بەرپرس بزانێت بەرامبەر بە گەلەکەی و خزمەتکردنی لە ئاست دلّسۆزی دابێت نەک تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی.

خالّێکی تر دەکرێ پەیرەو نەکردنی یاسا بێت، سەرەرای ئەوەی کەیاسا لە هەموو جێگایەک سەروەرە، بەلأم ئەمرۆ یاسا دەور و کاریگەری لاوازە لە لێپێچینەوەی هەر سەرپێچیەک، هەلّبەت لەوانەیە کۆمەلّێک هۆکار و دەرئەنجامی تر لەپشت ئەو بابەتە وە هەبێ.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتە دەکرێ دەرگایەک لە دیموکراسیەت بکرێتەوە هەرچەندە کە حکومەت ئەمرۆ هەولّدەدات ریفۆرمێک لە ئیدارەکانی حکومەت بکات، بەلأم لەگەلّ ئەوەشدا هاوکاری و بەرپرسیاریەتی خەلّکیش زۆر پێویستە. دیارە بیرورایەکان سەبارەت بەهەبوونی ئیدارەی دیموکراسی وبێ گەندەلّی زۆرە بەلأم بەش بەحالّی خۆم حەزدەکەم چەند خالّێک باس بکەم.

یەکەم: بۆ هەر ئیدارەیەک پێویستە کەسی شیاو لەجێگای شیاو دابنرێت و رەچاوی شارەزایی ولێهاتوویی ئەو کەسەش بکرێت لە کارەکانیدا.

دووەم: پێویستە بەرپرس بەگیانی لەخۆ بووردەیی ئیش بکات ئەوەشی لە بیر نەچێت کە خەبات و هەوڵ و خوێنی میللەتێک ئەمڕۆ ئەوی گەیاندۆتە ئەوپۆستە، کەواتا دەبێ هەمووکات ئامادەبێت بۆ گوێ گرتن لە خەڵک و ڕێز لە بۆچوون و داواکارییەکانی خەڵک بگرێت.

سێیەم: کاری ئیداری جیابکرێتەوە لەکاری حزبایەتی ئیش و کارە ئیدارەکانی دەبێ لە خزمەتی خەڵکدا بێت نەک حزب.

چوارەم: زیاتر پەرە بەدامەزراو و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بدرێت بۆ ئەوەی پردی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتی بەهێز ر بێت. لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە میللەتی خۆمان خۆش بوێت و هەر هەموومان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین.

# چی بکەین گەندەڵی ڕیشەکێش و کۆمەڵگاکەمان پێشخەین؟

**هیوا گوڵ محەمەدی / سوید- ستوکهولم**

**بێگومان بەرتیل خۆری و گەندەڵی ئیداری لە هەموو وڵاتان و لە ناو هەموو گەلاندا هەیە و لەوەتەی مرۆڤ پەیدا بووە و سیستەم و دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی پێشکەوتووە، گەندەلیش هەست پێ کراوە و دەکرێ. دیارە شێوەی گەندەڵی، کاتی گەندەڵی، جێگای گەندەڵی و کەسانی گەندەڵ لە هەموو کات و قۆناغەکاندا جیاوازن، بەڵام یەک کاریگەریان هەیە لەسەر کۆمەڵگا و دەسەڵات و چاکسازییە ئابوری و ڕەوتە کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان. دیاردەی گەندەڵی زیاتر لە وڵاتانی شەڕلێدراودا بەرچاوە کە دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی، نیزامی، کۆمەڵایەتی بە هێزی نییە و یاسا بە دەست کەسانی چەکدار و کوتلە و گروپی هەلپەرەستەوەیە.**

ئەو گەندەڵی ئیدارییەی کە لە وڵاتی سوید دا هەیە و ڕوو ئەدا لەگەڵ ئەوەی لە ئێران، تورکیە، ئەفغانستان دا هەیە زۆر جیاوازە. ئەگەر لە سوید دا کەسێک بەرتیل وەرگرێ یان کارێکی وابکات کە بە گەندەڵی ئیداری حیساب بکرێ، لە لایەن لێکۆڵەری گشتییەوە لێی ئەپێچرێتەوە و پۆلیس

لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەکا و پاشان دادگا بڕیاری سزادانی ئەدات. لە ڕاستیدا تەمەنی گەندەڵی لێرەدا لە کورتیدا ئەبڕدرێتەوە ، بەشێکی بەرپرسیارەتی کۆمەڵگا و تاکەکانی کۆمەڵگایە و بەشێکی دیکەی بوونی دادگا و یاسا و دەسەڵاتی پۆلیسە.

لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا بە، بەرتیل مرۆڤ ئەتوانێ تا ئەوپەڕی گەندەڵی بچێتە پێش بە بێ ئەوە کەس یان لایەنێک لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێ. لە لایەک کۆمەڵگا خاوەن بەرپرسیارەتی نییە و دەسەڵات لە خۆی نابینێ و هەموو کەس بە چاوی بەدگومانی و نادڵسۆزیەوە سەیری دەسەڵاتدارەکان ئەکا و لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتداران تەنیا هەوڵی پاراستنی خۆیان ئەدەن و چاوپۆشی لە گەندەڵیەکان ئەکەن یان خۆیان ڕاستەوخۆ ئەبنە شەریک.

لە ئەفغانستان دەسەڵات عەشیرەگەرایە و کەسێکی خاوەن چەکدار زیاتر لە پارلەمان بڕیاردەرە و لە نەتیجەدا گەندەڵی و بەرتیل خۆری کۆمەڵگا لاواز و ژیان ئاستەم ئەکات. ئەگەر ئێمە بەراوردێک بکەین لە نێوان کوردستان و وڵاتانی دیکەدا ئەو جیاوازیانە وێکچویەکی زۆریان هەیە و ئەقڵی گەندەڵیەکە لەوێوە وەرگیراوە. شایانی باسە کە کاتێک دەڵێم کوردستان مەبەستم باشووری کوردستان و دەسەڵاتی ئەو بەشەی وڵاتەکەمە. بۆ ئێمە گەندەڵی بەرابەرە لەگەڵ وێرانی. ئەگەر ئێمە لەو هەلە زێڕینە کەڵک وەرنەگرین و کۆمەڵگاکەمان کە لەوپەڕی وێرانکاری و تێکداندایە پێش نەخەین ئەوا هەلەکە لە دەست ئەدین و لە کاروانی پێشکەوتن و پێشوەچوونەکان دائەبڕدرێین، بە تایبەت ئێستا ئێراق لە بەردەم هەڵوەشانەوە دایە و باشووری کوردستان لە ئان و ساتی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیدایە. بەداخەوە بە پێچەوانەی وڵات و

دەسەڵاتەکانی دیکەی جیهان گەندەڵی باشووری کوردستان لە سەرەوەرایە. لە وڵاتانی دەوروبەردا لە خوارەوە خەڵک و بەرپرسەکان گەندڵن و لە پۆست و دەسەڵاتی خۆیان کەڵکی خراپ وەردەگرن، کەچی لە کوردستانی نیوە ئازادا لە باشوور بەرپرسەکان مەزهەری گەندەڵی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگان و نەبوونی دەسەڵاتی پۆلیس و دادگا و یاسا وایکردووە کە تا دێ ئەم گەندەڵیە وەک نەخۆشی کۆمەڵگا زەلیل و بێ هێز ئەکات، بۆ ئەوە گەندەڵی نەمێنێ پێویستە:

یەکەم: ئیدارەکان لە پاوانی حیزبەکان بێنە دەرێ و سەربەخۆ بجولێنەوە.

دوهەم: پێویستە دامودەزگای چاودێر دامەزرێ بۆ ئەوە ئەو بودجەیەی ئەدرێ بە وەزارەتەکان بە پێی پێویست کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

سێهەم: یاسا سەروەر و هەموو کەسێک لە بەرپرسی یەکەمی دەسەڵاتەوە تا کەسێکی ئاسایی وەک یەک مەعامەلەیان لەگەڵدا بکرێ و وەڵامدەر بن لە کاتی لێکۆڵینەوە دا.

چوارەهەم: پۆلیس وەک دەزگایەکی نەتەوەیی دەسەڵاتی تەواوی بدرێتێ کە لێکۆڵینە لەگەڵ هەر کەسێک دا بکات بە پێی حوکمی دادوەری گشتی و لێکۆڵینەوەکان بێ لایەنانە بن و تا ئەو کاتەی کەسێک حوکم نەدراوە بە بێتاوان حیساب بکرێ.

پێنجەم: بودجەی دیاریکرا لە لایەن ئەمریکاوە لە داهاتی عێراق و هەموو داهاتەکانی دیکەی کوردستان بچێتە خەزێنەی پارلەمانی کوردستان و بانکی کوردستانەوە و بە پێی بڕیاری لێژنەی نەتەوەیی پارلەمان ئەو داهاتە خەرج بکرێ و چاودێری تایبەت هەبێ کە چۆن دابەش دەکرێ.

شەشەم: وەزیرەکان داهات و سەرمایەی شاراوەیان نەبێ، بەرپرسەکان سەرمایەی خۆیان و چۆنیەتی سەرمایەکانیان ئاشکرا بکەن.

حەوتەم: پرۆژە خزمەتگوزارییەکان چاوەدێریان بەسەرەوە بێ و هیچ کەس و کۆمپانیایەک بۆی نەبێ پرۆژەکان بفرۆشێتەوە.

هەشتەم: لێکۆڵینەوە بکرێ لە سەرمایەی ئەوکەسانە کە بە دەستی بەتاڵ کوردستانیان بە جێ هێشتووە و لە ماوەیەکی کورتدا بوونەتە خاوەن سەرمایەیەکی خەیاڵی، دوای ئەوەی لە لایەن بەرپرسێکەوە بانگهێشتی وڵات کراونەتەوە.

نۆهەم: پێش بگیردرێ لە دابەش کردنی زەوی لە ژێر هەر ناو و بە هەر بیانویەکەوە بێ و حیزبەکان نەتوانن بۆ بەرژەوەندی خۆیان سەروەت و سامانی نەتەوەیی بەکاربێنن.

دەیەم: پێشگرتن لە ناردنە دەرەوەی سەروەت و سامانی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرز و دانانی مالیات لەسەر ئەوکەسانەی کە سەرمایەکەیان لە ئەندازەیەک زیاترە.

ئەمانە و گەلێ هەنگاوی دیکە ئەتوانێ پێشی گەندەڵی لە باشووردا بگرێ. بە باوەڕی من ئەوەی لە باشووردا هەیە گەندەڵی نییە، گەنیویە و هەموو دام ودەزگا و بەرپرسەکانی گرتووەتەوە و نەبوونی دەسەڵاتێکی یەکرتوو و نەبونی ناوەند و سازی نەتەوەیی و بەرپرسیارەتی و ڕوحی خۆشەویستی بە نیشتمانەوە وایکردروە کە کەس خۆی بە دڵسوزی وڵاتەکەی نەزانێ و هەر کەسە و لە فکری خۆیدا بێ. ئەگەر بەرپرسەکان لە خۆیانەوە دەس پێ نەکەن و ئەگەر سەرانی حیزبەکان و جڵەودارانی دەسەڵات خۆیان پاک نەبن مەحاڵە کۆمەڵگا گەندەڵ نەبێ، دام و دەزگا و بەرپرسەکان گەنیو نەبن. بۆ وێنە ئێمە نازانین کاری ئەوانەی دێنە هوتێل شێراتون و بە هەزاران

دۆلاریان بۆ خەرج ئەکرێ کێن وچی دەکەن؟ نازانین ئەو کەسانەی لە ئەروپاوە هێنراونەتەوە و مانگانە پارەیەکی خەیاڵیان ئەدرێتێ چی ئەکەن و کاریان چیە و چ خزمەت و پرۆژەیەکیان پێشکەش کردووە؟ هەفتانە و مانگانە بە بیانوی جۆرا و جۆرەوە کۆنفرانس و سیمینار ئەگیردرێ و هەرکامەش بە هەزاران دولار خەرج هەڵئەگرێ، کەچی نازانین ئەو سیمینارانە باسی چی ئەکەن و تەنانەت ناهێڵن ئاڵای کوردستانیشان تێدا هەڵ بکرێت. زۆر گرینگە ئەو کارانە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و لێژنەی تایبەت هەبێ بۆ بە دواداچوون، لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە کردن. کۆنفرانسی وا گیراوە بە ناوی ژنانەوە کە دەیان هەزار دۆلاری تێچۆە لە کاتێکدا نە ئەزانین ئەنجامەکەی چی بووە و نە ئەزانین چ قازانجێکی بۆ ژنانی کورد بووە.

ئەمانە گەندەڵی نین گەنیوین، کەسێک بۆ ئەوە پارەیەکی دەس کەوێ خەڵکی دیکەی زەلیل و چاو شۆڕ لە خۆی کۆ ئەکاتەوە و بیانوی خەرجکردن ئەتاشێ.

ئەگەر ئێمە ئەم شتانە نەبینین ناتۆانین پێشی گەندەڵی بگرین. خزم و کەس و کاری بەرپرسەکان هەتا یناقاقا لە گەندڵی و هەڵوشیناندان، پێویستە لە پێشدا لەوانە لێپێچینەوە بکرێ و پاشان بەروخوار شۆڕبینەوە. بۆ ئەوە بتوانین لە سەر پێی خۆمان ڕاوەستین سیستەم و ئیدارەیەکی زانستیانە و خاوین و کارزانمان پێۆیستە، کەوا بوو دەبێ کەسانی پسپۆڕ بۆ کاری دیاریکراو دابنین و پاشان دەسەڵاتی خۆمان خاوێن کەینەوە و سەروەت و سامانی کوردستان بخەینە خزمەت ئاوەدانی و بەم جۆرە کار فراوان دەبێ و کۆمەڵگا دڵسوز بۆ دەسەڵات و دەسەڵات ترسی لە گەل نامێنێ و گەندڵکاران جێگایان تەنگ دەبێ.

بێگومان سەرچاوەیەکی دیکەی گەندڵی ئەو کەسانەن کە بە ناوی ڕۆشنبیریەوە بە دەسەڵاتدارانددا هەڵدەڵێن و دوژمنیان بۆ دروست ئەکەن و بە ناڕەوا هێرش ئەکەنە سەر ڕەخنەگر و بیر جیاوازان و بە مەترسیان وەسف ئەکەن بۆ ئەوە خۆیان لە دەسەڵات و بەرپرسە پایەبەرزەکان نزیک بکەنەوە و نانێکیان دەسکەوێ.

گەندەڵی چارەسەر ناکرێ ئەگەر خاوەن کورسی و خاوەن بڕیارەکانی کوردستان نەیەنە ناو کۆمەڵگا و سەردانی ئیدارەکان نەکەن و چاوێان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی نەبێ. بێ ئەوەی پێویست بێ ئێمە دژی یەکتر ڕاوەستین یان بۆشایەک دروست کەین کە کەسانی نەفس نزم و هەلپەرەست کەڵکی گەندڵی لێ وەرگرن، ئەتوانین هەم ڕەخنەگرمان هەبێ و هەم چارەسەر بۆ گرفت و گەندەڵیەکان بدۆزینەوە.

گەندەڵی تەنیا ئەوە نییە کە خاوەن کورسیەک لە ئیدارەیەکدا بەرتیل وەرگرێ، گەندڵی لە دەسەڵات و سیستەمێکدا ئەوەیە کە لە کۆمەڵگا دابڕدرێ و نەزانێ گلەیی و گازەندەکان چین و لە کویەوە سەرچاوە ئەگرن. بە دەیان ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندن هەیە و لە بودجەی حکومەتی کوردستان پارە وەرئەگرن و هێندێ لە بەرپرسانی ئەو دەزاگایانەش بوونەتە میلیونەر بە بێ ئەوە هیچ کارێکی سەیریان کردبێ، بۆ؟ لەبەر ئەوە تەنیا ماستاو بۆ دەسەڵات ئەکەن و ڕاستیەکان چەواشە و سەرو ژێر نیشان ئەدەن و تا دێ دەسەڵات و گەل لێک دوور ئەخەنەوە و هەتا گەل و دەسەڵات زیاتر لە یەکتر دوور کەونەوە ڕادەی گەندەڵی ئەچێتە سەر و دەسەڵات هەست بە مەترسی زیاتر ئەکا.

زۆرن ئەو کەس و لایەنانەی بە بیانوی ئەوەی خەڵک دوژمنی

دەسەڵات و حکومەت و بەرپرسانی کوردیە پارە وەرئەگرن و ڕاستیەکان ئاوەژوو ئەکەنەوە، ئەمانە هەمووی گەندەڵیە و پێویستە دەسەڵاتدارەکانی لێ وەشیار کەینەوە و سنووریان بۆ دانێن.

ڕاستە ئەم کارانە بە ڕۆژێک و دوان ناکرێ، بەڵام ئەگەر پلان وبەرنامەی چاکسازی و بە دوادا چوونمان هەبێ و یاسا و دەسەڵاتی پۆلیس و داد و دادگاکان زیاتر بن و هێزی یەکگرتووی نەتەوەی دامەزرێ ئەتۆانین لە دە ساڵی داهاتوودا گەندەڵی بگەیەنینە ڕادەی هەرە خوار و گەندەڵکاران بدۆزینەوە.

# گەندەڵی لەنێوان چاوپۆشین و لێپرسینەوەدا

مافپەروەر/عەبدولحەکیم زراری

گەندەڵی بەشێوەیەکی گشتی ئەو پەتاو دەردە کوشندەیە ئەگەر هاتوو دەخالەت بکات بۆ هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئیداری، ئابووری، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی،کولتووری، ئەوا بێگومان فەزای ئەو بوارە تێکدەداو تووشی داڕووخان وئیفلیجبوونێکی مەترسیدار دەکات، جا ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە قسەی لەسەر بکەین و بیخەنە بەر باری سەرنج و شرۆڤەو تاوتوێکردنەوە، ئەویش دیارە گەندەڵیە لەبواری ئیداری دارایی. گەندەڵی ئیداری وەکو دیاردەیەکی کرێت و قێزەونی نێو کۆمەڵگا دەرهاوێشتەی خەراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵات وپۆستەیە کە لە لایەن بەرپرس و کاربەدەستانی گەورەو بچووکی دامەزراوەکان مومارەسە دەکرێت لە پێناو خۆ دەوڵەمەند کردن وبەدەستهێنانی سوودو دەسکەوتی تاکەکەسی لەسەر حیساب و بەرژەوەندی گشتی، دەتوانین گەندەڵی لەوە کورت بکەینەوە کە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر ئەرکەکانی کارکردن و کارپێکردنێکی چەوتە کە بەرژەوەندی تاکەکەس لە سەروو بەرژەوەندی گشتییەوە ڕادەگرێت.

گەندەڵیش دیارە لە رووی ئیداری و داراییەوە هەر تەنها تایبەت نییە بە وەرگرتنی بەرتیل و بردنی مالی دەوڵەت بەشێوەکی نا یاسایی و ناشەرعی، بەڵکو سەر دەکێشت بۆ شێوەو فۆرمی تر وەکو تەشەنەکردنی دیاردەی واسیتەکاری لەرێی خزم خزمانێو هەبوونی پشت و بەرژەوەندی هاوبەش و تەزکیەی حیزبی بۆ رەپێشخستن و زوو رایی کردن و راپەراندنی داواکارییەکان.

ئەگەر ئەمە مەترسی گەندەڵی ئیداری و کاریگەریە خەراپەکانی بێت بۆ سەر بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنان و چاککردنی ئاستی بژێوی هاوولاتیان، لێرەدا بە گژاچوونەوەی گەندەڵی و دۆزینەوەی میکانیزمەکانی نەهێشتنی دەبێتە ئەولەویاتی کارەکانی حکومەت وپێویستە هەرچی زووە لە شوێنەوارە ترسناکەکانی ورياو ئاگاداربێتەوەو تەواوی ئیجارائات و رێوشوێنە یاساییەکان بگرێتە بەر بەمەبەستی بنبڕکردن و تەسککردنەوەی پانتایی گەندەڵی بۆ دواسنوور، چونکە هەر چاوپۆشین و بێموبالاتێکی دەسەلات بۆ ئەم دیاردەیە نەک هەر خزمەت بە گەندەڵی و گەندەڵکاران دەکات بۆ بەردەوام بوونیان لە هەڵپەی گیرفان پڕکردن و کاری مشەخۆری بەڵکو فاکتەرێکی سەرەکیشە بۆ کوشتنی ئەکتیڤی کۆمەڵگاو پەکخستنی لە رەورەوی پەرەسەندن و هەنگاونان بەرەو هاوچەرخبوون و بەشارستانیبووندا.

جا بۆئەوەی کۆمەڵگا لە نەخۆشی گەندەڵی بپارێزرێ و چیتر نەهێڵدرێت سامان و داهاتی نەتەوەیی بەفیرۆ بڕواو رێبگیرێت لە دەولەمەندبوونی بەرپرسە حکومیەکان بە رێگای نایاسایيو ئیستغلال کردنی پۆستەکانیان بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان و ئەوکەسانەی کە لێی نزیکن و بەرژەوەندی تایبەتیان لەگەڵ یەکتری هەیە، بۆیە لەمەودوا دەبێ زەروورەتی

لێپێچینەوەو لێپرسینەوە بە پێی یاسا خۆی بسەپێنێ و کەس لێی دەرباز نەبێت چونکە کۆمەڵگا بە بێ بوونی یاسا مانای زاڵبوونی دەستووری دارستانە بەسەریدا و ئەگەر تاوانکاران لە دەستی یاسا رزگاریان بوو و لەسەر تاوان و سەرپێچیکاریەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراو سزانەدران، ئەوا زیاتر مکوڕ دەبن لەسەر پێشێلکردنی یاساو دەگەنە ئەو بڕوایەی دەسەڵاتی یاسا هیچ نییە جگە لە گەمەیەک .

سەبارەت بەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵیش دەتوانین پۆلێنیان بکەین بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، ئەوانیش هۆکاری کولتووری رۆشنبیری و هۆکاری رێساکانی رێکخستنی دەوڵەتە، مەبەست لە هۆکاری کولتووری رۆشنبیری ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵایەتیەیەکە جۆرێک لە تێڕوانینی سەقەت لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ ژیان دەخوڵقێنێت ئەویش ئەوەیە ئەگەر هەر کەسێک پۆستێکی ئیداری یان سیاسی وەرگرت و بووە خاوەن دەسەڵات و دەسترۆیشتوو لە ناو کۆمەڵگادا، ئەوا بێگومان هەر زوو زەنگین و دەولەمەندی دەبێتە میوانی و وەکو خاوەن سامانێکی زۆرو زەوەندو پارەدارێکی ناودار دەردەکەوێت، هەروەها ئەگەر هەرکەسێک پارەدارو دەوڵەمەندبوو بە هەمان شێوە دەسەلات و پێگەیەکی کۆمەلایەتی قایم لە کۆمەڵگادا دابین دەکاو کەسایەتیەکی بەهێزیش لەم ڕووەوە بۆخۆی مسۆگەر دەکات، جا بێگومان ژیان لەسایەی ئەم جۆرە تێڕوانینەدا ئاکامەکەی هەر پەنا بردنە بۆ کاری گەندەڵی و مشەخۆری، چونکە ئەوانەی بە مەراق و ئومێدی هاتنەدی خەونی دەسەلات پەیداکردن و دەوڵەمەندبوون دەژین رۆژێک دێت ئەگەر بە رێگای نۆرمال و شەرعی دەستیان نەکەوێت و ئاواتەکەیان نەیەتەدی، ئەوا بیر لە شێوازو کاری ناڕەواو سەرپێچی یاسایی دەکەنەوەو دەست دەنێن بە گیرفانی

حیزب و حکومەت و تالآن وفەرهوودی دەکەن.

سەبارەت بە هۆکارەکەی تریش کە تایبەتە بە ڕێساکانی ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت کە خۆی دەبینێتەو لە ڕێساکانی یاسایی و دادوەری و کاریگەری جێبەجێکردنیان، هەروەها ڕۆڵی ئابووری دەوڵەت و بونیادی حوکم و ڕێکخستنی کارەکانی بە دەستهێنانی داهاتی گشتی و دابەشکردنی سوودە گشتیەکان، هەروەها ئەو پێوەرانەی کە لێپرسراوانی پێدادەمەزرێن و ئەو دەسەڵاتەی هەیانە لە هەڵسوکەوتکردن و ڕادەی لێپرسینەوەو چاودێری کردنیان لەلایەن دامودەزگاکان و جەماوەرەوە. واتە هەر خەلەل و کەموکورییەک لە هەیکەلی ڕێکخستنی دەوڵەت و نەبوونی سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و دەستێوەردان لەکاروباری یەکتری و لە دەستدانی هەیبەتی یاساو چاوپۆشیکردن لە لێپرسینەوەو جێبەجێکردنی سزا بەسەر تاوانباران و سەرپێچیکاران، هەموو ئەمانە ڕۆلێکی نێگەتیڤ دەگێڕن لە زەمینە خۆشکردن و ژیانەوەی ژینگەی هەڵتروکانی گەرای گەندەڵی و نەسڵەمینەوەی گەندەڵکاران لە هەر کارێکی نایاسایی گەر بیانەوێت ئەنجامی بدەن.

جا بۆ کۆنترۆڵکردن و بەرەنگاربوونەوەی هەر دیاردەیەکی گەندەڵی و دروست نەبوونی کەسانی گەندەڵکار لە ناوەندە ئیداریەکاندا، پێویستە پرۆسەی ئاشکراکردن ولێپێچینەوە وەکو دوو مەرجی سەرەکی لە پێناو پەرەسەندن و گەشەپێدانی کۆمەڵگا پەیڕەو بکرێ، دیارە بۆ تەحقیق بوونی ئەم دوو مەرجەش دەوڵەت پێویستی بە سێ بواری سەربەخۆو ئازاد هەیە لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ، چاودێری دارایی سەربەخۆ، دادوەری سەربەخۆ، ئەمەش مانای ئەوەیە لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر سەربەخۆیی ئەم سێ بواری ڕۆژنامەگەری،

دادوەری، چاودێری دارایی لە ئارادا نەبوو و ئەکتیڤانە کاریگەری خۆی نەخستە سەر واقیعی ئیداری دامودەزگاکانی حکومەت و ئەوا ئەگەر دڵسۆزترین و پاکترین کەس بکرێتە بەرپرس و لەسەر کورسی دەسەڵات دانرا، لەماوەیەکی کورتدا مەگەر خوا دەنا هەر تووشی کاری چەوت و تێوەگلان بە گەندەڵییەوە دەبێت، بەپێچەوانەوەش بە هەبوونی ئەم سێ دەزگا سەربەخۆیە بە هەموو قورسایی و کاریگەریەکانیانەوە ئەوا ئەگەر هاتوو کەسێکی گەندەڵکارو تێبینی لەسەریش وەکو وبەرپرس دامەزرێنرا ناتوانێ و بواری ئەوەی نابێت کە چیتر درێژە بە کاری سەرپێچیو گەندەڵی بدات و دەبێ لەو هەڵسووکەوتە ناشەرعیانەی پێشووی بڕەویتەوەو وازیان لێبهێنێت، چونکە بە هەبوونی رۆژنامەگەری سەربەخۆ بەهەرسێ جۆری بینراو وبیستراو وخوێنراوەوە دەتوانێت لەلایەک بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست وپشت ئەستوور بەبەڵگەی رەسمی و باوەڕپێکراو لەسەر کەسانی گەندەڵکارو قەبارەی گەندەڵەکانیان و ئابڕووبردنیان سنوورێک بۆ تێوەگلانی هەڵسووکەوتە گەندەڵییەکان دابنێت، لەلایەکی تریشەوە دەتوانێت لە ڕێی بابەت و وتارو بەرنامەی تایبەت هانی تاکەکانی کۆمەڵگا بدات لەسەر خۆڕازاندنەوە بە هەرچی بەهاو ئاکارە جوان و خەسڵەتە چاک و بەرزەکانی کۆمەڵگا هەیەو موتربەکردنیان لە خۆدا وەکو دڵسۆزی، دەسپاکی، خۆنەویستی، ڕاستگۆیی و خۆشەویستی.

سەبارەت بە دەزگای چاودێری دارایی سەربەخۆش هەمدیس رۆڵێکی کاریگەر دەگێرێت لە تەسککردنەوەی ڕووبەری گەندەڵی، ئەویش بەوە دەبێت کاتێک دەسەڵاتەکانی ئەم دەزگایە فراوان دەکرێت بەبێ هیچ دەستێوەردانێک لەلایەن سێ دەسەڵاتەکەوە تا بتوانێت لە ڕێی ئەو لێژنانەی پێکیدەهێنێت

بە مەبەستی ئاگادار بوون و لێکۆلینەوە لە دوایین ڕەوشی ئیداری و دارایی دامودەزگاکانی حکومەت، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەڵ وەکو ئەوەی کە هەیە و بەبێ جیاوازی و لەبەرچاونەگرتنی ئینتیمای حزبی و ناوچەگەریەتی ئامادەبکاو دەسەڵات وخەڵکی بۆ ئەم مەبەستە لێئاگادار بکاتەوە تا بەدواداچوون و لێپێچینەوەی وردی لەسەر بکرێ.

گرنگی کاری ئەم دەزگای چاودێری داراییەش ئەوەیە لەلایەک بەردەوام ترسێک لەلایەن بەرپرسان و کارمەندانی حکومی دروست دەکا کە لەهەر چرکەیەک بێت بگەنە سەریان و لێکۆلینەوەو لێپێچینەوەی توند لەگەڵیان ئەنجام بداو لە سەرچاوەی ئەو سامانە بکۆلێتەوە کە لەپێش و پاش وەرگرتنی بەرپرسیاریەتیەکە دەستیان کەوتووە، تا چیتر جورئەتی ئەوە نەکەن بیر لە یاریکردن بە دارایی دەوڵەت بکەنەوەو بۆ مەرامی تاکەکەسی خۆیان بەکاریبهێنن، لەلایەکی تریشەوە فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ زیاتر چاککردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان ورێک وپێککردنی کاروبارەکانی حکومەت تا لە ئاستی ئەو چاوتێبرینەی هاوولاتیان بێت بۆ ئاستێکی بژێوی باشترو چاکتر بەشێوەیەک دەربازیان بکات لە چەرمەسەری و نەهامەتیەکانی ژیان.

هەروەها سەبارەت بە بوونی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ کە تواناو دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکان توندترین سزا بسەپێنێت بەسەر ئەو بەرپرس وکارمەندە گەورەو بچووکانەی حکومەت کە گلاونەتە کاری پیسی گەندەڵیەوە، تا بەهۆیەوە هەم هاوولاتیان متمانەو باوەڕیان بە حکومەت و دەسەڵات پەیدابکەنەوەو بزانن یاسا هەیبەتی مایەو لە سەرووی هەموو کەسێکە، هەمیش تاکو ببێتە بەربەستێک بۆ ئەوانەی کە مەیلی ئەو کارە ناشەرعیە دەکەن و خوازیاری ئەنجامدانن،

جا لێرەدا پێویستە دەزگای دادوەری تەواوکەری هەردوو دەزگای ڕۆژنامەگەری و دەزگای چاودێری دارایی بێت چونکە با ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەر زانیاری ڕاست ودروست لە سەر هەبوونی گەندەڵی لە دامودەزگاکانی حکومەت بڵاوبکاتەوەو رای گشتی پێ بورووژێنێت، وە با لێژنەکانی چاودێری دارایی هەر راپۆرت لەسەر کەموکوری و سەرپێچیەکان بنووسن و راستی بارودۆخی ئیداری و دارایی بخەنە روو، مادام دەسەڵاتی دادوەری بە رۆلی خۆی هەڵنەستاو بەهەر هۆیەک بێت کەمتەرخەمی یان چاوپۆشی نواند لە بەدواداچوونی دۆسیەی ئەو تاوانبارانەی کە وەکو گەندەڵکار ناویان هاتووەو زانیاری راست و دروستیان لەسەر هەیە، بۆ ئەوەی ئیسپات بێت لەسەریان و بەپێی یاسا ئیجرائاتی توندیان لەگەڵ بکرێت، ئەوا لێرەدا هەم ماندووبوونەکان بەفیرۆ دەرۆن هەمیش ساردبوونەوە باڵدەکێشێت بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی چاودێری دارایی بۆ ئەوەی چیتر ئەو باوەڕەیان نەمینێت کە ماندوبوون و هەوڵەکانیان بەرهەمی دەبێت و ئیشی لەسەر دەکرێت، ئەمەش بۆخۆی سەردەکێشێت بۆ ئەوەی گەندەڵکاران و مشەخۆران لە هیچ نەپرینگێنەوەو دەست بنێنە قاقای سامانی ئەم ولاتەو بەکەیفی خۆیان تەڕاو بەرای بکەن و کەس پێیان نەڵێت لە پشت چاوتان دوو برۆیە.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت نواندنی هەر نەرمونیانیەکی یاسایی و چاوپۆشی کردنێک کە ببێتە قوتار بوونی کەسی گەندەڵکار لە سزادان و تەمبێکردنی ، مانای توندبوونەوەی گەندەڵی و سەرهەڵدانی زیاتری ئەم دیاردە بۆگەنەیە. لەبیرمان نەچێ هەر لەم چەند ڕۆژانەی رابردوودا لە ولاتی چین بەڕێوەبەری پێشووی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ کاروباری خۆراک و دەرمان کە پلەی وەزیری هەبوو بەناوی (زینگ کیساو) بە

تۆمەتی دزین و تێوەگلانی بەکاری گەندەڵی لەلایەن دادگای ئەم وڵاتەوە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو. هەروەها لە وڵاتی یابانیش چەند هەفتەیەک پێش ئێستا وەزیری کشتوکاڵی ئەم وڵاتە دوای ئاشکرابوونی بەئەنجامدانی کاری گەندەڵی و ئابڕووچوونی، خۆی دەکوژێ و کۆتایی بە ژیانی دێنێت بەر لەوەی پەلکێشی دادگا بکرێو دادگایی بکرێت، بەڵێ ئائەمەیە لە وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات و لەکەدار کردنی سومعەی حکومەت، بۆیە دەبێ لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی وڵات، یاسا بکەوێتە خۆو سنوورێک بۆ گەندەڵی و گەندەڵکاران دابنێت و بەدەستێکی پۆلایین ڕەگ وریشەی گەندەڵی لە زەمینەی دامودەزگاو دامەزراوەکان هەڵتەکێنێ و بۆ دواجار تۆو براویان بکات.

# بنبڕکردنی گەندەڵی و..
# هەنگاو بەرەو ئیدارەیەکی دیموکراسی

**فاتیح یاسین مودەڕیس**

**کارکردنی بزاوتەکان بۆهێنانەکایەی دیموکراتی سیاسی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە لەقۆناغی یەکەم ئەولەویەت دراوە بە (شۆڕش) بەمەبەستی پاراستنی یەکڕیزیی و یەکگرتوویی گەل وئازادبوونیان لەژێر ئەو زوڵم و ستەمەی لەلایەن زاڵمان و ستەمکاران لێیان کراوە و سەندنەوەی مافە ڕەواکانیشیان کەپێشێل کراوە، جا بۆگەیشتن بە دیموکراتیەت وا پێویست دەکات کەیەکسانی سیاسی و ئابووری و دادوەری کۆمەڵایەتی هەبێت و هاوکات هەرگیز ناتوانرێت ئەو سێ سیستەمە لێک جیا بکرێتەوە بۆ هێنانەکایەی ئیدارەیەکی دیموکراسی بێگەندەڵی. چەمکی دیموکراتیەت زۆر هەڵدەگرێت، کێ هەیە لە ئێمە حەز لە دیموکراتیەت نەکات؟ کێ هەیە لە ئێمە حەز لە پراکتیزەی مافە ڕەواکانی نەکات کە لەمیانەی بەشدارییەکی گشتگیری لەڕێگەی سەندووقەکانی دەنگدانەوە پەرلەمان و حکوومەت هاتۆتە کایەوە؟**

ئەم چەمکە گەلی کورد، سەرکردایەتی کورد هەر لە زووەوە دیالۆگی لەسەر کردووە لەساڵی 1963 وەک یەکلایکەرەوەی

کێشەکانی دوور لە ڕەگەز پەرستی نەتەوەیی خستۆتە بەردەم دەسەڵاتدارانی ستەمکاران بەدانـانـان بەگەلی کورد و پێدانی مافە ڕەواکانی وپراکتیزە کردنی کلتوور و ڕۆشنبیری خۆی لە چێوەی مافی ئۆتۆمی بۆ کوردستان لەچوارچێوەی ئێراقدا. شایانی باسە ئەو ڕەوشە سیاسی و ئازادیە لە هەرێمی کوردستان لەسایەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و گەلی ڕاپەڕی و و پرۆسەی هەڵبژاردنەکان هاتۆتە ئاراوە، بۆوەتە نموونەیەک ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێراق بۆیە لەسەر گەلی کورد پێویستە ئەو ئەزموونە پڕ خەباتگێڕە بپارێزێ و لەرێگەی ئەو ئەزموونەوە ئاسایشی نەتەوەییمان بپارێزین. لەلایەکی دیکەوە پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێ بەهەموو لایەک هەوڵ و کۆششەکانی حکوومەتی کوردستان و جەماوەری کورد لەرێگەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستوور کە لە نێوان کوردستان وئێراق مشتومڕێکی زۆری لەسەرە بەجیدی کار بکرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان وگەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ودەسەت هێنانی ئەو مافانەی هێشتا وەدینەهاتوون جا مادامەکی سەرکردایەتی کورد ئامادە نییە سازش لە سەر ئەو پرسەبکات و چەندین لیژنە بۆ کاراکردنی ئەو ماددەیە پێکهێنراون و لە کارکردندان لە سەرهەموو تاکێکی ئەم گەلە پێویستە شانبەشان بوەستن و یەکڕیزی بپارێزن و داکۆکی تەواو لەو پرسەیە بکرێت، چونکە ناکرێ هەندێ لەرۆڵەکانمان بە چارەنووسێکی نادیاردا بڕۆن مادامەکی زۆرینەی گەلی کورد لەژێر کەش و هەوایەکی دیموکراتیانە و خاوەن پەرلەمان و حکوومەتی خۆیدا دەژی، بۆیە پێویستە لەسەرهەمومان لەهەوڵ و تەقەلای ئەوە دابین بەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بەناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و قەرەبووکردنەوەیان بە پلە و گەڕاندنەوەی

ئیدارەی ئەو ناوچانەی بەپارێزگاکانی دیکە بەناوەدا لێکندراون و دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە هاوپەیمانی کوردستانیش رازی نییە ماددەی 140 دوابخرێت و مکورە لەسەر ئەوەی دەبێ لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، واتەنابێ چیتر پرسی کەرکوک دوا بکەوێت.بەهەمان شێوە دەبێت لەرووی ماددیەوە هاوکاری و کۆمەلایەتی تەواوی ئاوارەکانی شاری کەرکووک بکرێت بەقەرەبووکردنەوە بۆ ئەوەی چیتر بەنەهامەتی ژیان نەگوزەرێن و هاوکات ببێتە هاندەرێکیش بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان، ئەوەی گەڕاونەتەوەش زێتر باری گوزەرانیان خۆشبکرێت و ئاوڕیان لێبدرێتەوە تا ماددەی 140 ی دەستوور بەسەرکەرتوویی جێبەجێ بکرێ و لەکاتی جێبەجێکردندا بوونی رێژەی کورد وەک دانیشتووانی شاری کەرکووک خۆی لەخۆیدا زۆر لە کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە و ناسنامەی کوردبوونی شاری کەرکووک دەچەسپێندرێت و چیتر لەلایەنێک یان دەسەلاتێک بۆی نالوێت جاری تر دەست لەناسنامەبوونی شاری کەرکووک بدات کە کوردە، بەلام گەر تیشک بخەینە سەر کێشەی گەندەڵی و دارایی دیارە رۆژهەلاتی ناوەراست دەتوانین بلێین بە شێوەیەکی گشتی گەندەڵی تێکەوتووە، چونکە هاوولاتی مافی خۆیەتی لەسیستەمی حکوومەتی دیموکراتیدا بە شەفافیەتەوە زانیارییەکانی لەرێگەی میداکانەوە و بەرپرسان پێی بگات جا بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵییەکان دەشێ سوود لە یاسای ئەو ولاتانە وەربگرین کە بەئامانجی نەهێشتنی گەندەڵیی داڕێژراون لەم دواییانەدا، تاوەکو چەمکی دیموکراتیەت وەکو خۆی کەهەیە کتومت حکوومەت بتوانێ پیادەی بکات و ئیدارەیەکی دیموکراسی بێ گەندەڵی بێتە ئاراوە و هاوولاتیانیش لەژێر سێبەری بحەسێنەوە و

لەهەمانکاتدا حکوومەتیش بتوانێ هەنگاوەکانی بەشێوەیەکی دروست بەرەو پێشەوە بنێ. دەکرێ ئەمڕۆ سوود لە و پرۆژە یاسایە وەربگیرێت کەلەم دواییانە لەمیسر تاوتوێکرا کە چەندین بەندو خاڵی گرنگ لەخۆ دەگرێت کە شیاون بۆ سوود لێوەرگرتنیان کەبەمەستی نەهێشتنی گەندەڵی لەولاتەکەیاندا دارێژراوە بۆ نموونە لەوپرۆژە یاسایە تازەیەدا هاتووە: یاسا میکانزمێک دادەنێت بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچانەوە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی فەرمانە گشتییەکان و سەرکەوتن لەبەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێکردنی کارمەندان لەجیاتی کاری رۆژانەیاندا. پرۆژە یاسایەکە هەمووارکراوە بەوەی کەپلانێکی گشتگری تۆکمە بۆ پێشخستنی دامودەزگاکانی ئیدارەی ولاتەکەیان لەخۆ بگرێت بە چوار ئاست.

ئاستی یەکەم: لەسەرئاستی خودی دەوڵەت کە بەدووبارە پێناسەی رۆڵی حکوومەت و رۆڵی حکوومەتی ناوەندی و ناوخۆیی وپەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشداران لە کۆمەڵگای مەدەنی بچنەوە. ئاستی دووەم: بە پەیوەندی نێوان لایەنەکانی حکوومەتدا کە وەزارەتەکان و دەستەکانی حکوومی و پارێزگاکان و لایەنەکانی دیکە کەبەهاوشێوەی ئەو رۆڵ بینینە هەڵدەستن بچنەوە، ئاستی سێیەم: چڕی دەخاتە سەرهەلایەنێک بە جیا لەمیانەی پێشخستنی دامودەزگاکان و هەرەمی رێکخستنیان لەناو هەر لایەنێکدا و گۆڕینیان بۆ سیستەمێکی دینامێکی لەمامەڵەکردن وجێبەجێکردنی کارەکانیان لەگەڵ هاوولاتیاندا لەبری سیستەمی ئێستاتیکی. لە کاتێکدا ئاستی چوارەم: چڕی دەخاتە سەر ئاستی خودی وەزیفەو جێبەجێکردنی کارەکان و راپەڕاندنیان. هەروەها ئەو یاسایە جەخت دەکاتەوە لەسەرکۆمەڵە میکانیزمێکی گشتگری، مەسەلەی بەدواداچوون و لێپێچانەوە

لەهەرکارمەندێک پلەو پایەی وەزیفی هەر چ بێت لەخۆ دەگرێت لەچوارچێوەی ئاراستەکانی حکوومەت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و نەمان وزاڵبوون بەسەریدا، لەهەمانکاتدا رێساکانی یاساکە ئەومیکانیزمەشی تێدایە کە کارزان و کاراو لێهاتوو و شارەزایان و پسپۆڕان وخەمخۆران، کارەکانیان هەند هەڵبگیرێ و رێزیان لێبندرێ و بایەخیان پێبدرێ. شیاوی وتنە ئەو یاسا تازەیەی میسری ژمارەیەک بەندی بەخۆ گرتووە، دەربارەی گۆڕانکاری کردنی تەواو لە دەزگای ئیدارەی دەوڵەتدا لەسەرووی هەموویانەوە هەموارکردنی سیستەمی هەڵبژاردنی بەرپرسە ئیدارییەکان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و باشترکردنی دامودەزگاکان لەسەر رێنمایی و بەرزەختی تازە کە ئەقدەمیە رۆڵ نابینێ و نەبینێ. دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین رەهەندەکانی دەزگای ناوەندی رێکخستن و ئیدارە لەدەوڵەتدا هەڵبژاردنی ئەو بەرپرسە لێهاتووانە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابندرێت دەگرێتە ئەستۆ، چونکە کارەکانی ئەو دەزگایە لە داهاتوودا چاودێری و سەرپەرشتیکردنی خوارووی خۆیان دەبێت بۆ ئەوەی هەرلایەنێک بەپێی هەیکەلی رێکخستنەکەی لە پۆلینکردن و بەجۆری کارکردنەکەی هەڵبستێ، لایەکی دیکە ئاسانکاری وکار رواندن بۆ ئەو دەزگایانەی لەخواروی خۆیانن ئەنجام بدەن تاوەکو کارەکانیان بەئاسان بەرێوە بروات. هەروەها ئەو یاسایە ئاماژە بەکارمەندی خانەنشین دەدات بەپێدانی هەموو مافەکانی لە پرۆژە یاسایەدا پرێنسیپی یەکسانی لەخۆ گرتووە لەگەڵ زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران بەدامەزراو گرێبەستەکانەوە. شایانی ئاماژە پێکردنە ئەو یاسا تازەی لەمیسر **5** ملیۆن و یەک هەزار دامەزراو و **400** هەزار خانەنشینی هەیە. لەبەرئەوەی ژیان گۆڕاوە و گوزەران لەسەر هاوولاتیان قورس بووە و خەرجی زۆری دەوێت. لەمەسەلەی

گرفتی نیشتەجێبوون کە ئەمڕۆ کوردستان پێیەوە دەناڵێنێت، زۆربەی وڵاتان پێیەوە دەناڵێنن، ئەوەتا لە بەحرێن ماوەیەکی دوورودرێژە رای گشتی سەرقاڵکردووە چونکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر ژیان وگوزەرانی هاووڵاتیان، هەر لە لایەن رای گشتی بەحرێنیەوە پێشنیازی بەرنامەیەک کراوە بۆ ئەوەی حکوومەت پشتی پێبەستێت و بیکات بە بڕیارێک و کاری پێبکات کە پێدانی قەرزە و لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام بگونجێ واتە لەرێگەی وەرگرتنەوە زێدە وەرنەگیرێتەوە ئەو قەرزەش تەنیا بدرێت بەو کەسانەی خانوو دروست دەکەن کە مووچە خۆرن یاخود کاردەستن و بێ جێگە و نیشتەجێن. لەهەمانکاتدا پێویستە لەلایەن حکوومەت دادوەری کۆمەڵایەتی هەبێت و بیرلەوە کرابێتەوە مادامەکی دەوڵەت باج وەردەگرێت ژیانی هاووڵاتیان خۆشگوزەران بکرێت جا بەهەر سیستەمێک بێت، سۆشیال بێت یان....ئەوسا هاووڵاتی هەست بە پابەندبوونی ئینتیما دەکات و هەست بەبەرپرسیاریەتی دەکات و دەرکی ئەوەی لا پەیدا دەبێ کەدەسەڵات خەمخۆریەتی و خەمی سبەی نابێ. لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە گشتمان ئارەزووی ژیانێکی بەختەوەر و پڕ لە ئاسوودە دەکەین، چونکە کەس نییە لە ئێمە حەز لە بەرقەراربوونی ئەمن وئاسایش و سەقامگیری نەکات، لەهەمان کاتدا هەوڵیشی بۆ نەدات، بۆیە هاوکاریکردنی حکوومەت بۆ پاراستنی رەوشی ئەمنی ئەرکێکی نیشتمانی و سەرشانی هەموومانە بەتایبەت لەم سات و کاتەی ئێستادا، هەربۆیە هەرلەسەرەوە تا دەگاتە خوارێ میدیاکان پابەندبن بە بەرنامەیەکی تۆکمە کەهۆشداری بداتە خەڵک و رایانبێنێت کەخۆیان خۆش بوێت، خێزانەکەیان خۆش بوێت شارەکەیان خۆش بوێت حکوومەتەکەیان خۆش بوێت، وڵاتەکەیان خۆش

بوێت بەژیری مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێکدا بکەن وئاسایش نەتەوەکەشیان لەسەرووی هەمووەوە دابنێن، بەم هۆشدارییەوە و بە هەموولایەک هاووڵاتی تا دەگاتە حکوومەت و بەرپرسان و گەندەڵی کز دەبێ و روو لەنەمان دەکات، ئەوسا لە ژێر سایەی ئیدارەیەکی دیموکراسی بێگەندەڵی دەژین و کێشەو گرفتمان گەر نەشمێنێت ئەوا زۆر کەم دەبێتەوە.

# گەندەڵی...
# ئێراق دەکاتە دەوڵەتێکی فاشیل

هاوژین عومەر

ئەو پاشاگەردانیە، سیاسی و ئابووری و ئەمنیەی عێراق ماوەی چەند ساڵێکە تێیکەوتووە، ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی بەسەر تەواوی کەناڵەکانی ژیان لەو وڵاتەدا بەروونی دەبیندرێت، عێراق بەهۆی ئەو وەزعە تایبەت و ناهەموارەی زێتر لەئاست و نێوەندێکدا ڕۆژانە زەربەی کوشندە لە هەردوو واری نێوخۆیی و دەرەکیدا بەسومعەو پێگەی دەکەوێت، کاتێک باس لە گەندەڵی یان دەوڵەتی ئیفلیج و فاشیل دەکرێ ئەوا یەکراست نێوەندەکانی لێکۆڵینەوە بە پشت بەستن بەدەیان ئامار و بەڵگەی باوەڕپێکراو،ناوی وڵاتێکیان دێتەوە یاد کەپێیدەگوترێ عێراق، عێراقێک کە پشکی شێری هەیە لە گەندەڵی و فەشەل هێنان، هەموو کات لەسەرەوەی لیستی ئەو وڵاتانە ڕێزبەند دەکرێ کە بەگەندەڵ و ئیفلیج ناوزەد دەکرێن، گۆڤاری FORIGON PEDICG ی ئەمەریکی لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ڕابردوو ڕاپۆرتێکی گرنگی لە بارەی دەوڵەتە فاشیلەکانی دونیا بڵاوکردەوە، کە تێیدا لە هەڵسەنگاندنی وڵاتاندا ڕەچاوی کۆمەڵە پێوەر و ئیعتبارێکی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی کراوە .

له راپۆرتەکەی گۆڤاری نێوبراودا، عێراق دوای دەوڵەتی سودان ریزبەندی دووەم لەریزی وڵاتە هەرە فاشیلەکانی دونیا وەردەگرێت،لەکاتێکدا لەماوەی چوار ساڵی رابردوو عێراق بە پلەی چوارەم دەهات لەریزبەندی ئەوجۆرە وڵاتانە، کەچی ساڵی رابردوو 2006 دوو پلە لە ریزبەندییەکە هاتۆتەپێش...!!

بێگومان لە بابەتی هەڵسەنگاندنی وڵاتان لە رووی فەشەل هێنان و سەرکەوتن، یان لەرووی گەندەڵی و خاوێنی، کۆمەڵە پێوەرێکی نێودەوڵەتی هەن کە وڵاتانی پێ پێودانگ دەکرێ، ئەو پێوەرانەش هەندێکی سیاسی و هەندێکی دیکەی ئابووری و بەشێکی دیکەشیان کۆمەلایەتین. حاڵی عێراق لەو سێ کەناڵە هەستیارەی ژیاندا رەوش و وەزعێکە، لەرزۆکی و پاشاگەردانی تێیدا زۆر بە روونی هەستی پێدەکرێت، لەرووی سیاسییەوە نەبوونی هەماهەنگی و لێکگەیشتن لە نێوان پیاوانی سیاسەتمەدار و بەرە جیاجیاکانی نێو حکوومەت، بەتایبەت سوننە و شیعە و لاوازی زمانی دیالۆگ و نەبوونی نەرمە تەوافوقێک بۆ ئیدارەکردنی وەزعی پەشۆکاوی وڵات لەگەڵ هەڵەکانی ئەمەریکا، هەموو ئەوانە هۆکارگەلێکن بۆ خراپترکردنی باری ئەمنی و سەرهەڵدانی کۆمەڵە باندو گرووپێکی مشەخۆر کە جەستەی دەوڵەتیان تەواوکلۆڵ و رزیو کردووە و وەکو نەخۆش نیشانی دونیای دەدەن. هەر ئەو پاشاگەردانییە سیاسی و ئەمنییەشە وایکردووە، سیستەمی دەوڵەت لەنێو دەوڵەت دروست بێ و لایەن و حزبی ئەوتۆش بێنە وجود کە بەفیتی بێگانە و فەرمانی ئەوان کاروجووڵە بکەن، دەستێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی لەکاروباری نێوخۆی عێراق بەشکل و شێوازێکە، زۆر جار دەسەلات و فەرمانی ئەوان لەهەندێ ناوچە وشوێندا لەخودی دەسەلاتی دەوڵەت زیاترە. لەرووی ئابووریشەوە، ئەدای ئیکۆنۆمی دەوڵەت

ئەدایەکی ناکاریگەرو بێ ئەرزشمەندە،پلانێکی ئابووری روون بەدیناکرێت بتواندرێ عێراق لەهەڵاوسانی بازاڕ و ئەو بێ بەرنامەییەی کە لە هەردوو تەوەری بەرهەم هێنان و وەبەرهێنان تێبینی دەکرێت، رزگاربکات، سەرباری بەرزبوونی نرخی دیناری عێراق بەرامبەر دۆلار، کەچی رۆژ بەرۆژ نرخی کاڵاکان لەبازاڕ روولەزیادبوون دەکەن،بەرزکردنی نرخی سووتەمەنی بەهۆی پابەندبوونی عێراق بەمەرجەکانی (دول المانحە) بازاڕەکانی عێراقی ئاگریان تێبەرداوە و ئەوپرسە رەنگدانەوەی سیاسی بەرچاوی کردۆتە سەرژیان وگوزەرانی رۆژانەی هاوولاتیان. لە ناوەڕاست و شارەکانی باشوور دەیان باندو گرووهی بازرگانی بەهاوکاری چەند بەرپرسێکی خاوەن دەسەڵاتی رۆیشتووی دەوڵەت خەریکی دزینی نەوت و ناردنی بۆ دەرەوەن، پرۆژەکانی ئاوەدانی و نۆژەنکردنەوەش گەندەڵی و ساختەکاریان تێدایە، دەوڵەت لە ماوەی رابردوودا نەیتوانی گوزەرانی هاوولاتیان و سستەمی دارایی وڵات پێشبخات.
لەرووی جڤاکیشەوە بەهۆی خراپی وەزعی ئەمنی و کردەتیرۆریستیەکان و ئەدای لاوزای ئابووری، 60% ی دانیشتووان لەبارێکی جڤاکی و ئابووری ناهەموار دەژین، رشتەی کۆمەلایەتی خێزان و کۆمەڵگە خەریکە لێکهەڵدەوەشێتەوە، بەشێکی زۆر لە ئەندامانی یەک خێران لەدەرەوە پەناهەندەن، دیاردەی سواڵکردن ولەشفرۆشی بەرچاو رووڵەزیادبوونە. ئەوەی هەنووکە لەعێراق روودەدات تەواو یەکانگیرە لەگەڵ پێناسەی پسپۆڕان بۆ دەوڵەتی فاشیل کاتێک دەڵێن:failed stat دەوڵەتی فاشیل ئەو دەوڵەتەیەکە نەتوانێ ئەداو وەزیفەی سەرشانی لەرووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، سەقامگیرکردنی ئەمن وئاسایش، پارێزگاریکردن لەخاک وسەروەریی، جێبەجێ بکات،

بەواتەیەکی دیکە دەکرێ 3 بنەمای سەرەکی بکەینە پێوەر بۆدەوڵەتی فاشیل یا سەرکەوتوو، ئەوانیش بریتین لە:

- نەتوانێ ئەمن وتەناهی بۆ هاووڵاتیان دابین بکات

- خاوەن شەرعیەت وسەروەری خۆی نەبێ.

- سست و لاواز بێ لە دابینکردنی پێداویستی وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

بە کورتی ئێستا عێراق لەلێواری مەرگدایە، سەرجەم پێوەرەکانی دەوڵەتی فاشیل لەکایە سیاسی وئابووری وجڤاکییەکان بوونی هەیە، پرسی گەندەڵی جەستەی دەوڵەتی ئیفلیج کردووە، فەشەلی بە تەجرەبە سیاسی و ئیدارییەکەی هێناوە، بۆ هەڵسانەوە لەو فەشەل و چارەسەرکردنی پرسی گەندەڵی و باشکردنی باری ئەمنی و ئابووری عێراق، پێویستیمان بەتەوافوقی سیاسی نێوان لایەنە ناکۆکەکان هەیە، پێویستیمان بەهێزێک هەیە دەستێوەردانی دەرەکی قووت بکا و هەڵەکانی ئەمەریکاش راست بکاتەوە.

# ئیدارەیەکی دیموکراسی و بێ گەندەڵی

**مەلا بەختیار ئەحمەد**

**گەندەڵی دیاردەیەکی مێژوویی جیهانیەو رەگ وریشەیەکی دیرۆکی لەسەرەتای مرۆڤ و کۆمەڵەوە داکوتاوەو جێگیر بووە، بەڵام بە رێژەی جیاوازی کۆمەڵگە جیاوازەکان سەری هەڵداوە و بە دەرکەوتووە، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باسی گەندەڵی بکەین بریتیە لە نارێکی و خراپی بەکارهێنانی بەرژەوەندیان دەسەڵاتی گشتی لەپێناو گەیشتن بە سامان و دەستکەوتی تایبەتی و کەسی.**

گەندەڵی و گەندەڵکاران بابەتێکی هەمەلایەنەی هەستەوەرە پەیوەندی بە کلتوورو نەریتەوە هەیە، لەگەڵ بارودۆخی پێشهاتە رامیاری و کۆمەڵایەتی ئابووری روو لە دارمان و ناجێگیرە، وێرای ئەوەی ناسروشتی نیشتیمانەکەمان هەردەم لەمپەرێک بووە لەبەردەم پرەنسیپەکانی پرۆسەی خوێندن و فێربوون و پێگەیشتن و گەشەکردنی نەتەوەکەمان بە قۆناغی پێگەیشتنی هۆشیاری نەتەوەیی، لەگەڵ وێناکردنی بیرکردنەوەی هەستی ئینتیما و هاونیشتیمانی بوون. ساکاری بیرکردنەوەی گەلەکەمان و کلتوورەکەمان زۆر جار دەگاتە رادەی

ئەوەی کە هەستی خێڵەکی و ناوچەگەرایەتی و سۆز زاڵبێت بەسەر هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی، هەربۆ هەمان مەبەست بە ئاشکرا لە هەڵسوکەوتمان لە کارکردنمان لە نێو دام و دەزگاکانی حکوومەت و کەرتی تایبەتدا رەنگدانەوەی ئەو بەها تەقلیدییەو کلتوورەیانەی پێوە دیارە، هەربۆیە هەموو فەرمانبەران و کارمەندان گرنگی نادەنە رێساو یاساکان و رێنماییەکان رۆژانە بەدەیان جار پێشێل دەکرێ. هۆیەکی دیکە کە بە هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکی دەژمێردرێ لەپەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەکوردستان، کێبڕکێی نێوان دوو پارتی باڵادەستی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕی برا کوژی و کورد کوشتن بوو چونکە ئەم ململانێیەی کەلە گۆڕەپانی کوردستان بەرپابوو دواتر گەیشتە رادەی راگواستن و خوێن ریشتن، پێوەرەکان بە زیندان و تەڕو وشک گڕی گرت و پێکەوە سوتان، ئەم ململانێیە گەیشتە ئەوەی سەروەت و سامانی وڵات بۆ بەرژەوەندی مانەوەو لە ناونەچوونی هەریەک لە حیزبەکان پاوان بکرێ و، بە ئاشکرا گەندەڵی ئەنجام بدرێ، بۆیە ئاکامەکانی شەڕی ناوخۆ میکانیزمی سەرەکی بڵاوبوونەوەی گەندەڵکاری بوو لە هەموو دام و دەزگاکان و کۆمەڵگە، هۆیەکی تر نەبوونی سیستەمێکی دادوەرانە لە دابەشکردنی سامانی وڵات بەسەر تاکەکاندا، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە لەبڵاو بوونەوەی گەندەڵی چونکە سەیردەکەی جیاوازییەکی یەکجار نابەرامبەر لە سیستەمی مووچەدا پیڕەو دەکرێ، کارمەند هەیە بەدەیان جار مووچەی لە کارمەندیتر زیاترە، ئەمە لەلایەک لە لایەکی تر سەرنج دەدەی بەواستەی حیزبایەتی فەرمانبەر هەیە تەنها سەری مانگان بۆ وەرگرتنی مووچە دێتە فەرمانگە و دەزگاکان، دیوێکیتر لە هەموو دام و دەزگاکان و فەرمانگەکان تەنها کۆمەڵێک سوومەندی یەکەمن

لە هەموو خێرو دەرماڵە و ئیفادات و دەورات و پاداشت و گەشتکردن بۆ وڵاتانی بیانی و ....تاد ئەمانە وچەندین سوودمەندیتر وەک چەندین جار وەرگرتنی  زەوی وئۆتۆمبێل و شوێنی نیشتەجێبوون و خەڵاتی گەورە گەورە.... تاد. ئەمانە هەموو  کارمەندو  فەرمانبەرانی پلە ئاسایی تووشی دڵەراوکێ و تارادەیەک هەست بەشکستی دەروونی و کەسێتی دەکا، سەرەڕایی ئەوەش ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرێ بەشی نیوەی بژێوی ژیانی ناکا، وێڕای ئەوەش ئەو خاڵانەی ورووژاندم بە ئاشکرا بە رۆژی رووناک دەبینرێ و، هەستی پێدەکرێ هەر بۆیە تاکەکان بە ناچاری دەبێ دەست بۆ شمەک و کەل وپەلی قەدەغە کراو(حرام) درێژبکەن ولەلاشی ئاسایی بێ، هۆیەکیتر لەبڵاو بوونەوەی پەتای گەندەڵی کەجێگای داخە خەڵکی ئێمە نەریتێکی هەیە کە خووگرتنە بە لاسایی  وچاولێکەری، ئەم نەریتە رێگاخۆشکەرە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە کە گەندەڵییە، ئێستا دیاردەی گەندەڵییە، ئێستا دیاردەی گەندەڵی لێواو لێو بووە و زۆرینەی شوێنەکانی گرتۆتەوە ئەگەر بەجدی بیرلەبنبڕکردن و ریشەکێشکردنی نەکرێنەوە، ئاکام و دەرئەنجامی نادروست و ناشایستە بەرۆکمان دەگرێ، ئەگەری هەڕەشەی زۆر گەورە دێتە ئاراوە. بۆیە هەقە دەسەڵاتی سیاسی کورد بۆ رزگار بوون لەو قەیرانەی کە رووبەڕووی هەرێمەکەمان بۆتەوە نەخشەڕێژیەکی تۆکمە دابڕێژێ، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەم بتوانرێ کۆنترۆڵی ئەو پەتایە بکرێ، بەمەرجێ بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکە مەرجە دەسەڵاتی سەروو بە پلەیەک پابەندبێ بەرێنماییەکان و، خۆبەخشی یەکەم بێ لە بناغەی پلانەکەو کۆنترۆڵکردنەکە خۆبەخشینە کەش خاکساری بێ(تواضع) لە هەموو بەها تەقلیدیی ولاسایی و شتەسواوەکان و بێسنوورەکان بێ، لەبری ئەوانەش رۆڵی کاراکتەری سەرەکی ببینن لە

بێلایەنی و دەستپاکی و لەخۆبووردەیی و پابەندبوون بەیاساوشەفافیەت و راستگۆیی، لەپێناو ئەوەی سۆزی خۆشەویستی جێگیر بێ لەنێوان دەسەڵاتی پلە یەک لەگەڵ دەسەڵاتی خواروو پێوەندارەکان، هەروەها سەروەت وسامانی وڵاتەکەمان بەمافی تاکەکان بناسرێ و بەتەلیسمێکی پۆڵاین بنەخشێنرێ تالە کوردستان ئازادانە لەئامێزی خەونی شەهیدەکان بەراستی وپاکی و جوانی و دیموکراسی گوزەر بکەین.

# گەندەڵی بەربڵاو و نائامادەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی

مەریوان غەریب

هەر چەند باس کردنی گەندەڵی لە کوردستان وەک چیرۆکی هەزار و یەک شەوەی شارەزادی قەشەنگ و ئەفسونکاری لێهاتووە و تەنیا بۆ سەرقاڵ بوون و سەرقاڵکردنی ئەڤیندارانی شوێنکەوتووی سەرابی تینوێتی نەشکێنە و جگە لە ئاسنی سارد کوتان هیچ نییە و هیچ سوودێکیشی نییە، بەڵام ناشکرێت چاوی لێ ببەستین و وازی لێ بهێنین. گەندەڵی نەخۆشیەکی سەیر و سەمەرەی نەدۆزراوە نییە کە تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا هەبێت، بە پێچەوانەوە دەردێکی بە ئازاری درێژخایەنە کە سەرتاپای وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە. درێژخایەنی ئەم ئازارە بە جۆرێک هەڵخەڵەتێنەرە کە کەسی تووشبوو یان حکوومەت و دەسەڵات و کۆمەڵگا و وڵاتی تووشبوو لەگەڵ ئەوەیدا کە بە درێژایی مێژوو ئەنجامەکەی لە شوێنی تر بینیوە، بەڵام هەنگاوی چارەسەری بۆ هەڵنانێت. گەندەڵی لە سەرەتای خولقانی مرۆڤ و پاشان ژیانی بە کۆمەڵ و پێکهاتنی شارستانیەتەکان، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ مرۆڤایەتی بووە و قۆناغ بە قۆناغیش گۆڕانی بەسەر هاتووە و کەم و زیادی کردووە.

گەندەڵی دەرهاویشتەی شەڕی نێوان خێر و شەڕە، لە هەر کوێیەک ژیان هەبێت و بەرژەوەندی هەبێت و هەژار و دەوڵەمەند هەبێت، لە هەر شوێنێک پارە هەبێت گەندەڵیش هەیە، بەڵام لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و پەیوەستە بە دوو خاڵەوە:

یەکەم: ئاستی رۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵ.

دووەم: سەرکەوتوویی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی وڵات. بوونی هەر کام لەم دوو خاڵە لە هەر کۆمەڵگا و وڵاتێکدا رێژەی گەندەڵی بۆ نزمترین ئاستی خۆی دادەبەزێنێت. بە پێوەری کۆمەڵناسانی سیاسی گەندەڵی بریتییە لە سوود وەرگرتنی خراپ و نابەجێ لە سامان و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس. ئەم پێناسەیە هەموو لایەنەکانی ژیان واتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دادوەری سەربازی، رۆشنبیری،... دەگرێتەوە.

لەبارترین بوار و کەش و هەوا و زەمینەی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی گەندەڵی، قۆناغی گواستنەوەی خەبات و دەسەڵاتی نافەرمی بۆ دەستپێکی حکوومەتداری و دەسەڵاتی یاسایی و دەستپێکردن بە بەرنامەی گەشەسەندنی وڵاتە. وڵاتانی پێشکەوتوو بەهۆی سوود وەرگرتن لە نەریتە دێرینەکانی بیرۆکراتی و چاودێری مەدەنی و کارابوونی چاودێری لە چارەنووسی دەوڵەتەکان و شێوازی کۆنترۆڵی جدی و باش، زۆر بە باشی توانیویانە رووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە. ئەم گرفتە لە وڵاتانی نا پێشکەوتوو و دیکتاتۆر و جیهانی سێهەم بە شێوازێکە کە سەرتاپا دامودەزگاکانی حکوومی گرتووەتەوە و گەندەڵی دارایی کە گرنگترین جۆری گەندەڵی دەژمێردرێت ئاوێتەی سیاسەتە. واتە سیاسەت و گەندەڵی لەم وڵاتانە وەک دوو رووی یەک دراون.

**نیشانەکانی گەندەڵی بەم شێوەیە دێنە ئاراوە:**

1ـ هەموو کەرت و بەشەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر فاکتەرێکی جێبەجێکەری بەهێز و نابەرپرسیار، گوێڕایەڵن و ناتوانن بۆ بڕیارەکان رەوتێکی لۆژیکی و چاوەڕوانکراو وێنابکەن.

2ـ سیستەمی بانکداری و جەماوەری متمانە و سەرمایەیە بۆ دزی و تالانکاری.

3ـ بڕوای گشتی و جەماوەری ئەوەیە کە بۆ بەدەستهێنان و وەرگرتنی جۆرێک لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەو کەسە پارەیەک پتر لە رێژەی دیاریکراو و یاسایی بدات.

4ـ سیستەمێکی نادیموکراتیک یان سیستەمێکی سیاسی دیموکراتیک، بەڵام ناکاراو ناکاریگەر حاکمە.

5ـ شێواز و سیستەمێک بۆ کۆنترۆڵ و چاودێری توندوتیژ بەسەر میدیا و چاپەمەنییەکاندا بەکاردەبرێت. لە کاتێکدا دەکرێت لەو شێواز و سیستەمە وەک ئامێرێک بۆ چاودێری گشتی سوودی لێ وەربگیرێت.

6ـ بەرزبوونەوەی ئابووری ژمارەی خوارەوە نیشان دەدات و داهاتی سەرانە رەوتێکی باش و خوازراو لەخۆ ناگرێت.

7ـ ستانداردەکانی ئاستی خوێندن لە خوارەوەیە.

8ـ خەرجیە کۆمەڵایەتییەکان و خزمەتگوزارییەکان لە بەرامبەر خەرجیەکانی تر بە تایبەتی خەرجیە رووکەش و تەشریفاتی و تەخشان و پەخشانە نابەجێکان زۆر کەمن.

9ـ ئیرادەی دژایەتی کردنی گەندەڵی و چارەسەرکردنی لەلایەن دەسەڵاتەوە نییە و تەنیا دروشمی بریقەداری بەردەم راگەیاندنەکانە.

10ـ جیاوازی چینایەتی رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە.

کۆمەڵگای ئێمە ئەمڕۆ تووشی گەندەڵییەکی بەربڵاوبۆتەوە، ئەو ئاماژانەی سەرەوە بە ئاشکرا دەبینرێن، بەڵام ئاسۆیەکی روون بۆ چاکسازی یان ئیرادەیەکی بەهێز و راستەقینە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی هێشتا نابینرێت. تەنانەت زۆرینەی خەڵک بەپێی ئاماژە و بیروبۆچوون و نووسین و وتن لە گۆڤار و رۆژنامە و راگەیاندنەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە مەرجی مانەوە لە سیاسەتی ئەمڕۆدا گەندەڵبوونە. ئەم بابەتە تەنانەت بە جۆرێک زەق بووەتەوە کە لەبەرچاوی رۆژنامەنووس و راگەیاندنە بیانییەکانیش ون نییە و چەندین جار لە رۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان بڵاوبوونەتەوە. بە جۆرێکە کە دەکرێت بڵێین گەندەڵی ئەمڕۆ یەکێکە لە پڕ مەترسیدارترین هەڕەشەکانی سەر کوردستان، بەڵام بەداخەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەو جۆرە هەستی پێ ناکرێت. لێکۆڵینەوەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم وا نیشان دەدەن کە دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو کەرتی تایبەت هەنگاو دەنێن و ئەو کەسانەش کە دەچنە نێو دامودەزگاکانی حکوومەتەوە بۆ پاڵپشتی چالاکیە ئابوورییەکانی خۆیان یان گەیشتنی خێرا بە دەوڵەمەندبوون هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ. ململانێ بۆ بەدەستهێنانی قازانجی پرۆژە دەوڵەتییەکان کاریگەرییەکی زۆر زیانبەخش دەخاتە سەر سیستەمی ئابووری و سیاسی وڵات و لە ئاکامیشدا دەوڵەت بەرەو رووخان دەبات.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی خێرا و بە پەلەی حکوومەت دژی گەندەڵی پێویستە:

اـ ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە بواری کەرتی هاوردە و

زیادکردنەوەی ئاشکرا و کەمکردنەوەی نهێنی و کڕینە گەورەکانی ناوخۆیی و دەرەکی و پرۆژە گەورەکانی ئاوەدانکردنەوە کاردەکەن و هێمای پرسیاریان لەسەرە لە کارەکانیان دووربخرێنەوە.

ب ـ بیرۆکراتییەتی ئیداری و دارایی تایبەت بە تەندەر و لیژنەکانی کڕینی کەل و پەل لەناوببرێت و ئەم کارە بە شەفافیەت و ئاشکرا لەسەر بنەمای باشترین و بەسوودترین شتوومەک بە هەرزانترین نرخ پەیڕەوبکرێت. بەپێی ڕێنماییەکانی لیژنەی چاودێری دارایی کە ئەمە وەک نموونە و بۆ تێگەیشتنی زیاتری خوێنەر باس دەکەین، ئەگەر وەزارەتێک پێویستی بە کڕینی ئۆتۆمبێل یان کۆمپیوتەر هەبێت ناتوانێت بانگەواز بکات بۆ ئەو شوێنانەی کە ئۆتۆمبێل یان کۆمپیوتەریان هەیە، وەزارەت ئامادەیە بە هەرزانترین نرخ و بە باشترین جۆر ئەو کەل و پەلانە بکڕێت، بەڵکو پێویستە ئەو وەزارەتە تەندەر بۆ ئەم مەبەستە بڵاوبکاتەوە لە نێوان ئەو ژمارە شوێنانەی کە بەشداری تەندەرەکە دەکەن و تەندەرەکە پڕ دەکەنەوە. لە ئەنجامیشدا ئەو وەزارەتە ناچار دەبێت ملکەچی کەمترین نرخی ئاماژە پێکراوی ناو تەندەرەکان ببێت نەک هەرزانترین نرخی بازاڕ. ئەم حاڵەتەو ئەم ڕێنماییە بۆ هەموو پرۆژەکانی حکوومەت و هەموو کڕینەکانی لایەن حکوومەت وایکردووە دوور لە چاوی حکوومەت و بازنەی لیژنەی کڕین و تەندەرات کۆمپانیاکان و کۆگاکان و فرۆشیاران هەماهەنگی و تەنسیقی ژێر بە ژێر و پێشوەختە بکەن و ئێستا نرخ لەلایەن کۆمپانیاکان فەرز دەکرێت نەک لەلایەن حکوومەتەوە.

ج ـ پێویستە حکوومەت بەپێی قەوارە و قەبارەی گەندەڵی سزا دیاری بکات و سزاکەش جێبەجێ بکات.

د ـ پێویستە حکوومەت لیژنەیەکی چاودێری دارایی بەهێز و دەسترۆیشتوو و خاوەن دەسەڵاتی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی خاڵ بە خاڵی ئەو گرێبەستانەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکان ئیمزا دەکرێت لە کاتی دیاریکراوی خۆی و بە ئەو چۆنێتییەی کە لەسەری رێککەوتوون، بە پێچەوانەشەوە توندترین سزا بۆ لایەنی جێبەجێکار دیاری بکرێت و بەسەریدا جێبەجێ بکرێت. زۆر پێویستە کە حکوومەت رێگر بێت لەسەر فرۆشتنەوەی تەندەرەکان بە دەستی دوو دەستی سێهەم و چوارەم. واتە کاتێک تەندەرێک بۆ کۆمپانیایەک دەردەچێت فەرز بکرێت کە خودی ئەو کۆمپانیایە پرۆژەکە جێبەجێ بکات، نەک ئەو کۆمپانیایەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت بە قازنج بە کۆمپانیایەکی تری بفرۆشێتەوە و کۆمپانیاکەی تریش بە کۆمپانیایەکی تر و هەتا دوایی...

هـ ـ زۆر پێویستە ئەو لیژنانەی کە نرخی تەندەر و قازانجی پرۆژە و نرخی کەل و پەلی پێویستی پرۆژەکان دیاری دەکەن لە ژێر چاودێری توندی دارایيدابن و کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و خاوەن پسپۆری و شارەزایی باش و خەمخۆری حکوومەت و وڵاتەکەیان بن و قازانجی جێبەجێکردنی پرۆژەکان خەیاڵی نەبێت و لەگەڵ راستی و بازاڕ و بارودۆخی ئابووری هاوتەریب بێت. بۆ نموونە تەندەری دروست کردنی نەخۆشخانەیەک ئەگەر بایی 5 ملیۆن دۆلار جێگیرکرابێت بۆ کۆمپانیا یان لایەنی جێبەجێکار 2 ملیۆن دۆلار قازانج نەبێت.

و ـ هەوڵبدرێت سیستەمی پشک بەسەر کارگەو کارخانەو کۆمپانیا و شوێنە قازانجدەرەکان بکرێت بە جەماوەری و گشتی و لەلایەن چەند سەرمایەدارێکەوە قۆرغ نەکرێن، بۆ ئەوەی کار بۆ هەموان و قازانج بۆ هەموان بێت، بۆ ئەوەی دوو چینی

زۆر لـه یـەکـتـر جـیـاواز دروست نـەبێت و هـەژاری بـەرچـاو و دەوڵەمەندی بەرچاو دروست نەبێت.

ز ـ مەرج دابـنرێت کـە کۆمپـانـیـایەک هـەتا پـرۆژەیەک تەواو جێبەجێ نەکات و تەسلیمی حکوومەتی نەکاتەوە، پرۆژەی تری پێ نەدرێت، ئەم مەرجە وا دەکات زیاترین ژمارەی کۆمپانیای بیانی و دەرەکی بێنە کوردستان، کە ئەمەش روویدا شێوازی ئەندازیاری جۆراوجۆری وڵاتان و شێوازی هونەری هەمەچەشنە باڵ بەسەر پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە بگرێت و کۆمـپـانـیـاکـانی خـاوەن ئـەزمـوون و خێـرا لـە کـارکـردن و جێبەجێکردن و سەرکەوتوو بەدیار بکەون.

ح ـ مەرج دابنرێت کە هەر کۆمپانیایەکی بیانی هاتە کوردستان بۆ کارکردن، هاووڵاتییەکی کوردستان لەگەڵی هاوبەش بکرێت لە قازانجدا. ئەم شێوازە لە وڵاتانی کەنداو و بەتایبەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی وایکردووە رێژەی دەوڵەمەندان و سەرمایەدارانی وڵاتەکە رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندابن.

ط ـ سەرمایەدار مۆڵەتی یەک کۆمپانیا زیاتری پێ نەدرێت.

ی ـ هەوڵبدرێت هەر هاووڵاتییەکی کوردستان فایلێکی کۆمپیوتەری بۆ بکرێتەوە و ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی پێ بدرێت. لە سەرەتادا دەکرێت ئەم کارە لە کارمەندانی حکوومەتەوە دەست پێبکات، دواتر بگاتە کەوادیری پارتە سیاسییەکان و پاشان ئەو هاووڵاتیانەی کە دوکانداررن لە پاشان جوتیاران و دوای ئەوەش ئەو هاووڵاتیانەی کە لە هیچ کام لەم بازنانەدا نین (ئەگەر هەبن)!!!

ک ـ سنوورێکی ژیرانە و زانستیانە بۆ ئەرکی رەسمی حکوومی و گرێبەست دابنرێت بۆ ئەوەی دەرفەتی کار بۆ هەموو کەس برەخسێت بۆ نموونە کەسێک لە فەرمانگەیەکی حکوومی

کارمەند بێت و لە شوێنێکی تر کە ناڕاستەوخۆ سەر بە حکوومەتە گرێبەست و کاری تری هەبێت.

ل ـ سیستەمی یەک مووچەیی 100٪ بچەسپێت.

م ـ کارمەندی حکوومی بە باشترین شێوە و بەپێی کاتژمێرەکانی دیاریکراوی کارکردن دەوامی خۆی بکات و چاوپۆشی لە هیچ کارمەندێک نەکرێت کە دەوامی بەردەوام نەکات.

ن ـ خەرجیە رووکەشی و ئیستیهلاکی و میوانداری و تەشریفاتی و رێکلامییەکانی حکوومەت کەم بکرێنەوە.

س ـ خەرجیە گەشتوگوزاری و ئاهەنگ گێڕان و بۆنەو یادەکان سنووردار و کەم بکرێنەوە.

ع ـ رێوشوێن و یاسایەکی تایبەتی بۆ ئیفاد دابنرێت.

ف ـ حکوومەت خۆی وەرشەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و کەرەستە کارەباییە جۆراوجۆرەکانی و بەنزینخانەی تایبەت بە ئۆتۆمبێلی فەرمانگەکانی هەبێت.

ص ـ حکوومەت بۆ پێشوازی لە میوانی بیانی و وەفدەکان و لایەنی خزمەتگوزاری و خواردن و خەوتن و... هوتێلی تایبەت و خواردنگەی تایبەت و شوێنی بەسەربردن و خزمەتگوزاری تایبەتی هەبێت.

ق ـ دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومی بە پلەی جیاواز، دەسەڵاتی سەرف و خەرج بەخشینی دیاریکراوی ئاساییان هەبێت و بۆ رێگری لە هەر خراپ بەکارهێنانێک کەلێن و کون و کەلەبەرە یاساییەکانیان لێ بگیرێت و بودجەی هیچ بوارێک بۆ بوارێکی تر خەرج نەکرێت.

ر ـ وتەی «کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو» جێبەجێ بکرێت.

ش ـ لە پێدانی بەرپرسیاریەت و پلە جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی پلە بەرزەکان، دڵسۆزی پێش پسپۆریەت بخرێت.

ت ـ خەرجیەکانی دامودەزگاکانی حکومەت جگە لەوانەی کە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە زۆر شەفاف و راگەیەندراو بن.

ث ـ میدیا و راگەیاندنەکان رێگەپێدراوبن بۆ وەرگرتنی زانیاری لە دامودەزگاکانی حکومەت.

خ ـ ئاسایشی کار و ئاسایشی ئابووری لەلایەن حکومەت دابین کراوبن.

ذ ـ سیستەمی خانەنشینی چاوپێخشاندنەوەی تێدا بکرێت، بە جۆرێک لەگەڵ ژیان و پێداویستیەکان بگونجێت و خانەنشینی قورسایی و هەیبەت و رێز و شانازی هەبێت بۆ ئەوەی کارمەند لە خانەنشینی نەترسێت و بەچاوی سواڵکردن و لە کۆڵخۆکردنەوە سەیر نەکرێت.

ض ـ تا دەکرێت ژمارەی فەرمانگەو دامودەزگاکانی راپەڕاندنی کار کەمتر بکرێنەوەو لە پاڵ یەکتر بن لە پێناو خێرا بەڕێوەبردنی کاری جەماوەر.

ظ ـ کۆمەڵگای وەزاری و فەرمانگەکان دروست بکرێت لە شوێنی گونجاو.

غ ـ لە فەرمانگەکان شێوازی ژوور بە ژوور نەمێنێت و شێوازی ئەندازەیی هەموو فەرمانگەکان وەک بانقەکانی لێ بێت کە هەموو کارمەندان لە ساڵۆنێکی گەورە بەیەکەوە دەوام دەکەن، بەڵام هەر کەسەو شوێنێکی تا پشتێنی بەدیوار یان شووشە بەندی بۆ دروست کراوە.

شێوازی زیاتر و وردتریش بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی هەیە بەڵام بەپێی ریزبەندی حروفی ئەبجەدی دوایین حەرف دەخوازێت کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین. هەموو ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد جێبەجێ دەکرێن ئەگەر ئیرادەی جێبەجێکردن هەبێت.

# دیاردەی گەندەڵی لە کوردستان و چارەسەرکردنی

هەڵکەوت ساڵەیی

**گەندەڵی ئەو پەتاو نەخۆشییەیە کە دەسەڵات و کۆمەڵگا بەرەو نەهامەتی و ماڵوێرانی ودارمانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی دەبات جا گەندەڵی ماڵی بێت یان ئیداری. کاتێ تۆ لەسامان و موڵکی بەرپرسێکی گەندەڵ دەپرسی... تەماشا دەکەیت قەرزار بارت دەکاتەوە... نەلە بانک ونەعەقار هیچی بەناوی خۆی نەکردووە لەژێر ناوی وەهمی وناوی تر کاری خۆی بە جوانی و کارامەیی کردووە.**

یا کۆمپانیایەک کاتێ جادەیەک یان پردێک یان باڵەخانەیەک دروست دەکات بەرێژەیەکی زۆر لەسەدا لەگەڵ بەرپرسێ هاوبەشە ئیتر کێ بێ لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لەهەڵەکانی ئەو بەڵێندەرە یان ئەو کۆمپانیایە بکات؟ یان بازرگانێک دەچێت کام کاڵای خراپ و بەسەرچوو بەهەرزان دەیکرێت و دێنێ بۆ وڵاتەکەی خۆی! یان ئەو پزیشکەی سەرەڕای ئەوەی چارەسەرێکی بنبڕی نەخۆشەکە ناکات تۆپانێی پێدەکات لەنێوان سۆنەرو تیشک و تاقیگە و دەرمانخانە.

یان گەندەڵی لەلایەن ئەو مامۆستایەی وەکو پێویست وانەکانی بەجوانی و دروستی ناڵێتەوە بەراورد بەوانەی تایبەتی کەبەپارەیەکی چاک دەیلێتەوە. کەتۆڵەی باری خراپی ئابووری و دەروونی لەوقوتابیە بێ گوناھ ودامـاوە دەکاتەوە. یان ئەو بەڕێوەبەرەی لەگەڵ لێژنەی کڕین یەکەو بێ ئەوەی تۆزقاڵێک ویژدانی ببزوێت. یان ئەو باوک ودایکەی کەقوتی منداڵەکانیان بەفیڕۆ بەولاو بەولا دەدەن بێ ئەوەی پەروەردەیەکی جوان و دروستی منداڵەکانیان بکەن.

یان ئەو کرێکارەی کەساتێ دووان لەماوەی ئیشەکەی بە نان خواردن وشتی دیکە بەفیڕۆدەدات و گەرچاوی خاوەن ماڵ دیار نەبێت زیان دەگەیەنێت بەوکارەی دەیکات بەشکاندن و فەوتان و بەفیڕۆدانی چەمەنتۆ کاتێ دەیکاتە ژێر خۆڵەوە وەک ئەوەی مردوو بنێژێ...!!

یان ئەو مامۆستا ئایینیەی کەئاینی پیرۆز بۆ مەبەستی ئایینی خۆی بەکار دێنێت بەم لاو بەولا بە ناحەق پێکی دێنێت.

یان ئەوحزبە سیاسیانەی کە لەمەیداندا یاری بەچارەنووسی میللەت دەکەن و بە دروشمی بریقەدار گەل هەڵدەخەڵەتێنن تەنها بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان لە دەسەلات وپایە بەولاوەبیر لەچیتر ناکەنەوە. یان ئەو جوتیارەی بەرووبوومەکەی لەسەرەوەی سندووق جوان و نوێیە لەژێرەوەش کۆن وبۆگەنە...هتد

ئەمانە هەموو هەریەکە شۆڕشێکن لەگەندەڵی و پەتای گەورەی وڵاتن. لەناوکۆمەڵدا هەندێ بەمشەخۆری لەسەر یەکێکی تر دەژیێ و گوزەران دەکات.

ئایا پیاوی گەندەڵ یان ئافرەتی گەندەڵ بیرناکاتەوەکە ئەو ئاگرە لە ڕۆژی دوایی خۆی و ماڵ ومنداڵی بەرەو سووتان وهەڵدێر دەبات؟

ئایا ئەوەی تێرو پۆشتە بوو بیر لە هەژارو رووت و برسیەکە ناکاتەوە کەبرای خۆیەتی؟ ئایا ویژدانی وەک گلۆپی سوور رۆژێ لەرۆژان ئیشارەت بە ترسناکی کارەکەی ناکات؟

ئایا سیاسیەکە بیر ناکاتەوە کە وڵات رۆژێ لە رۆژان بکەوێتە بەردەستی دوژمن هەرچی چارەنووسی خراپە تووشی گەل و وڵاتەکەی دەکات؟

بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە ترسناکەی جیهان کە ئەمڕۆ کوردستانی ئازیزیشی گرتۆتەوە دەبێ هەرکەس لەپێگەو مەوقیعی خۆیەوە هەست بە ئینتیما بوون ولێپرسراوی بکات بە راشکاوانە و بێ شەرمانە بەرهەڵستی لە بلاوبوونەوەی گەندەڵی بکات، و نەهێلێ تەشەنەبکات. چونکە ئەمە وەک نەخۆشی شێرپەنجە ئەگەر ئەندامێکی لەشی گرتەوە ئەوا هەموو ئەندامەکانی تریش دەگرێتەوە.

زیانەکانیشی بۆ هەموو لایەکمان دەبێت. نابێ کوردستان بەراورد بکەین لەگەڵ هەندێ لەو وڵاتانەی گەندەڵی تیا بلاوبۆتەوە بەڵکو لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان بەراوردی بکەین ، هاووڵاتی بەشێوەیەکی دڵسۆزانە خۆی بە خاوەنی وڵات بزانێت و ببێتە چاودێرو بەشدار لەبەرەو پێشچوون و گەشە سەندنی وڵات ئەمەش بەبلاوبوونەوەی دادوەری وئازادی و دیموکراسی وسەربەخۆیی دادگا سەروەری یاسا دەبێت. و ئەو وتەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی جێ بەجێ بکەین کەدەڵێ (کەس لەیاسا بەرزتر نییە لە کوردستان).

# گەندەڵی لە ناخی میللەتدا تەشەنە دەکات و لە حکوومەتدا دەردەکەوێت

**شوکر سلێمان**

**گەندەڵی چییە؟ هۆکارەکانی چین؟ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئابوورییە، یان سیاسییە؟ لە کوێوە دادەبزێتە نێو ناخی میللەت و چۆن هێلانە چێدەکات و گەراکانی چۆن دادەنێت و دواجار چۆن تەشەنەدەکات؟ دواپرسیاریش ئەوەیە گەندەڵی لە حکوومەتدا دەردەکەوێت، بەڵام سەرەتاکەی لە کوێوە دەستپێدەکات؟ لە کۆتاییشدا دەڵێین حکوومەتی گەندەڵ رەنگدانەوەی میللەتی گەندەڵە؟ یان بە پێچەوانەوە میللەتی گەندەڵ حکوومەتی گەندەڵی لێدەکەوێتەوە؟ هەموو ئەو پرسیارانە لە دووتۆی ئەو خوێندنەوەیەدا وەڵامەکانی بە باڵای پرسیارەکانیدا دەکات و بەدوای بەڵگەو قسەی بیرساییدا دەگەڕێت.**

گەندەڵی دیاردەیەکە لە نێو زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانیدا دەبینرێت و رۆژانە لێرەو لەوێ باسی ئەو دیاردەیە دەکرێت، گەندەڵیش بە پێی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە دەردەکەوێت کە جۆری حکوومەتەکەو چۆنیەتی تێگەیشتنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ ماف و ئازادیەکان و ئاستی تێگەیشتنی ئەوان کرۆکی دەرخستنی ئەو دیاردەیە دیاریدەکات، لە لایەکی

دیکەوە گەندەڵی دیاردەیەک نییە تەنیا حکوومەتەکانی پێ تاوانبار بکرێت، بەڵکو گەندەڵی وەک دیاردەیەک هەر لە تاکێکەوە لێی بەرپرسیارە تا دەگاتە خێزان و گەڕەک و شارو حکوومەت و دواجار سەرتاپای ئەو کۆمەڵگەیە، بۆیە لە دیاریکردنی چەمکی گەندەڵی پێویستیمان بە رۆچوونێکی قووڵ هەیە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم پەتایە.

کاتێک خێزان ناتوانێ تەواوی ئەو ئەرکانەی خۆی لە بواری کاری رۆژانەدا جێبەجێ بکات، کاتێ مەهامی خێزان لە کاری پێگەیشتنی نەوەی ئایندە دەبێتە تەنیا بەرێکردنی کاری رۆژانەو، ئەو ئەرکەی لەبیر دەچێتەوە کە ئەو ئەرکی سەرشانیەتی خەمی نەوەکانی بێت لە ئایندەدا، ئا ئەو کاتە نەوەیەک دێتە ئاراوە هەر لەسەر پشتی بێشکەوە فێری ئەوە دەبێت ئەو قسانەی مەلا لە رۆژانی هەینی دەیکات تەنیا قسەیەو هیچی تر، فێری ئەوە دەبێت چۆن بتوانێ لەماوەیەکی زۆر کەمدا چۆن گیرفانەکانی خۆی پڕ پارە بکات، فێری ئەوە دەبێت چۆن هەموو پەیوەندیەکانی ژیانی رۆژانەی بە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی ببەستێتەوە، ئیتر ئەو هەموو فێربوونە لەگەڵ فرچک پێوەگرتنی منداڵیەوە گەوەردەبێت و بەرەبەرە لەنێو ناخی ئەو منداڵەدا فراژوو دەبێت و ئیتر رۆژانێک دێت هەر ئەو منداڵە یاخود بڵێین هەر ئەو نەوەیە دەبێتە بناغەیەکی پتەوو تۆکمە بۆ هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ.

لێرەشدا پێویستە پرسیارێک بکەین، بۆچی خێزان هەروا لەخۆوە مەهامەکانی دەگۆڕێت و ناتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات؟ ئایا جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکانە هیچ پەیوەندیەکی بە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەوە نییە؟ ئەی ئەگەر پەیوەندیان پێوە هەیە، بۆچی

هەموو خەتاکە بخەینەوە ملی خێزان؟ دەکرێ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا شرۆڤەی بابەتێکی دیکە بکەین: لێرەوە دەڵێین لادانی خێزان لە مەهامە سەرەکییەکانی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو هۆکارە بەهێزو کاریگەرانەی کەوا لە خێزان دەکات لابدات لە هەندێ لەو بەها پیرۆزانەی خۆی، لادان و پشتگوێ خستنی ئەو بەهایانە رۆژ لەدوای رۆژ دەبێتە کارێکی ئاسایی و دواجار هەر ئەو لادانە شتی دیکەی بەدواوە دێت کە رەنگە بواری ئابووری سەخت و دژوار کەشێکی ناوازەو تایبەت بخولقێنێ ببێتە هۆی ئەوەی کە خێزان نەک مەهامی پەروەردە لەبیر بکات، بەڵکو ئەرکەکەی لە پەروەردەوە بگۆڕێت بۆ ئەرکێکی دیکە کە ئەویش تەنیا ئەرکی خۆژیاندن بخاتە بەردەم نەوەکانی، هەر ئەم کاریگەرییە ئابوورییە راستەوخۆ کاردەکاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و بەشێک لە ئاداب و ئەخلاقی تاکەکانی کۆمەڵگە، هەرچەند رەوشی رامیاری وڵات بەشێکی نەپچڕاوی واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام هەر گۆڕانێک لە بواری رامیاری رەنگدانەوەی دەبێت لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش بێگومان وا لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات لەگەڵ هەر گۆڕانێک لەم بوارە کەشێکی نوێ دێنێتە ئاراوە لەوەی تاکەکان بە پێی ئەو هەڵکەتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە هەڵسوکەوت بکەن، بێگومان هەر ئەو کەشە تایبەتیە وا دەکات خێزان نەتوانێ بە تەواوی ئەرەکە سەرەکییەکانی خۆی رابێت، لێرەشەوەیە کاتێ یەکەم دەزگە لە کۆمەڵگەدا نەتوانێ ئەرکە بنەڕەتیەکانی خۆی جێبەجێبکات، ئەوا دامودەزگەکانی دیکەی کۆمەڵگە وەک باخچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆو دامودەزگەکانی دیکەی دەوڵەت ناتوانن تەواوی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، چونکە واقیعێک دێتە ئاراوە کە رەنگە جۆرێک لە گشتاندن بێت

بەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەوە، واتە هەڵسوکەوتێکی گشتگیر دەبێتە بەشێک لە ئەخلاقیات و رەوشتی تاکەکانی کۆمەڵ و ئیتر نەریتێکی نوێ و زۆر تایبەت دێتە ئاراوەو دەبێتە ئاداب و عورفێک رەنگە لە سروشتی خۆیدا شتەکە یان با بڵێین هەڵسوکەوتەکە زۆر کرێت و شەرمیش بێت، بەڵام ئەوان زۆر بێباکانە پەیڕەوی لێدەکەن و هیچ باکیشیان نییە، وەک ئەوەی فرۆم لە پەرتووکی (شۆڕشی ئومێد) باسی دەکات و وای تێگەیشتووەو پێی وایە کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە کۆمەڵگەیەکی تەکنەلۆژییە، تەواو مرۆڤەکانی ئەم چەرخەی کردووە بە ماشێنێکی بەرهەمهێنان و لاوەکی لە پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانی، (مرۆڤ وەک بەشێکی ماشێنێکی بەرهەمهێنەر دەبێتە ئامێرێک و مرۆڤبوونی خۆی لە دەست دەدات، مرۆڤێکی وەها کاتێک بۆ ئەنجامدانی کارێک تەرخان دەکات کە حەزی لێناکات، لەگەڵ خەڵکێکدا هەڵسوکەوت دەکات کە حەزیان لێناکات و هەندێک شت بەرهەمدەهێنێت کە حەزی لێناکات، ئەو کە بە دروستکردنی شتێکەوە سەرقاڵ نابێت، خەریکی بەکارهێنانی شتێکی کەیە، لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا مرۆڤ دەبێتە منداڵێکی شیرەخۆرەی هەتایی کە بۆ خواردن هەمیشە دەمی کراوەیەو بۆ ئەم خواردنە نەهەوڵدانێکی هەیەو نە چالاکیەکی دەروونی، ئەو شتەی کە پیشەسازی خەمڕەوێن و پیشەسازی خەمهێنەر بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنێت، وەک جگەرە، مەشروب، فیلم، تەلەفزیۆن، وەرزش، قسەکردن – هەڵیدەلۆشێت و سنووری رەتکردنەوەی ئەم سەپاندنە رادەی توانای مرۆڤە بۆ کڕینی ئەو شتانەی بەسەریدا سەپێنراوە، بەڵام ئەم پیشەسازییە، واتە پیشەسازی فرۆشتنی ئامێرەکان وەک (پیشەسازی ئۆتۆمبیل، فیلمسازی، تەلەفزیۆنسازی..) کە وشیارانە بۆ خەمڕەوێنی هەوڵدەدات، تەنها دەتوانێت تا

رادەیەک خەمرەوێن بێت کە وشیارانە ئەو خەمە هەست پێناکات، لە راستیدا پیشەسازی خەم و پەژارەی مرۆڤ زیاد دەکات.)

لە لایەکی دیکەوە فرۆم پێیوایە دنیای تەکنەلۆژیا ئەمڕۆ بە شێوەیەک گەشەی کردووە کە تەواو ئامێرێکی وەک کۆمپیوتەر شوێنی مرۆڤی گرتووەتەوە، ئەمەش لە زۆر حاڵەتەکاندا کارێکی تەندروست نییە، (بەڵام ئەو فیکرەی کە کۆمپیوتەر شوێنی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە، جگە لە نیشانەی نەخۆشی کۆمەڵگەی ئێمە هیچ شتێکی تر نییە.)ل٨٢ بۆچی؟ رەنگە فرۆم لێرەوە مەبەستەکەی خورد بکاتەوە، کە کاتێ مرۆڤ ئامێرانە دەجوڵێنرێت هەموو هەست و سۆزێکی لەدەست دەدات و لە دواجار شتێکی بۆ نامێنێتەوە ناوی مرۆڤایەتی بێت کە لە سرووشتدا خاوەن هەست و شعورێکی بەرز بووە.

دێمەوە سەر لایەنێکی دیکەی ئەم پەتایە، ئەویش قسەکردنە لەسەر دواپرسیاری نێو ئەو بابەتە کە گەندەڵی لە کوێدا چەکەرەدەکات و کەی لە حکوومەتدا دەردەکەوێت؟ یان لەسەر ئەو گریمانەیە بوەستین کە دەڵێ: حکوومەتی گەندەڵ رەنگدانەوەی میللەتی گەندەڵە، یان بە پێچەوانەوە؟ بۆ شرۆڤەکردنی ئەم گریمانەیە دەچینە نێو قسەو باسێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگە لە بەرهەمی چنانەوەی نەوەکانیدا هەمان نەریتیان پێ دەفرۆشێتەوە کە خۆی هەڵگریەتی، بەڵام بە شێواز و شێوەیەکی نوێ، واتە وەک ئەوەی بەختیار عەلی دەڵێ: دیکتاتۆر، دیکتاتۆر بەرهەمدەهێنێتەوە، مەبەستیشی ئەوەیە کۆمەڵگەیەک بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانە بەڕێوەچووبێت، هەمیشە دیکتاتۆر بەرهەمدەهێنێتەوە، ئەوەش زۆر راستە، باوکی سەرکوتکارو زۆردار لە پەروەردەکردنی نەوەکانیدا هەمیشە تاکی سەرکوتکارو زۆردار

بەرهەمدەهێنێتەوە، بۆیە کاتێ کۆمەڵگە لەبەر ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتەکانی خۆیدا دەسەڵات و حکوومەت بەرهەم دەهێنێت، ئەو دەسەڵات و حکوومەتە رەنگدانەوەی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خۆیەتی، واقیعە کۆمەڵایەتیەکە چۆن بێت، حکوومەتەکەش هەر ئەوە دەبێت، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە ژێر کاریگەری ئەو رەوشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەی کەهەیە چۆن بێت، لە گرتنە دەستی دەسەڵاتیشدا هەر ئەوە دەبێت، واتە ناکرێت تاکێک تەنیا لەژێر کاریگەری کورسی دەسەڵاتدا رۆچووبێتە نێو پەتای گەندەڵی، ئەگەر ئەو تاکە لەناخی خۆیدا هەڵگری ڤایرۆسی گەندەڵی نەبێت، زۆرجاریش بووە تاکێک لەبەرئەنجامی پەرچەکرداری رەتکردنەوەی کارێکی گەندەڵدا بەدەردی خراپ چووبێت، لە لایەکی دیکەوە ئەو گەندەڵیەی لە دەرەوەی حکوومەتدا دەکرێت هەمیشە تای تەرازووەکەی زۆر لاسەنگترە لەو کارە گەندەڵیانەی لەنێو حکوومەتدا ئەنجام دەدرێت، باشترین بەڵگەش بازاڕە ئابوورییە بەناو ئازادەکانی ئەمڕۆیە کە ئینسانیشی تێدا هەرزان فرۆشکراوە، ئەمەش لێرەدا راستیەکانی خۆیی باشتر ئاشکرادەکات، کە ئەمڕۆ پەیەندییە هاوبەشەکانی کۆمپانیا بەتواناو بەدەسەڵاتەکان و دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندە رۆچوونەتە نێو یەکترییەوە، وای لێهاتووە لە هەندێ حاڵەتی زۆر تایبەتی نەبێت دەوڵەت ناتوانێ رێگە لە کارە ناشەرعیەکانی ئەو کۆمپانیایانە بگرێت، ئەمەش لێرەوە کارەکەی زیاتر قووڵکردووەتەوە کە ئەو کۆمپانیایانە بوونەتە خاوەن سەرمایەی ئەوەندە گەورە لە تواناياندا هەيە دەوڵەتێک بەڕێوەببەن، کارەساتەکەش لێرەوەیە کۆبوونەوەی قازانج و مامەڵەی سەرمایەی ئەو کۆمپانیایانە پێویستی بە ئاقارێکی بەرفراوان و بێ سنوور هەیە، لە لایەکی

دیکەوە کۆمپانیاکان تەنیا بیر لە سەرمایەو قازانجی خۆیان دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کەی ئەو قازانج و وەبەرهێنانی سەرمایەیە چەندە لە خزمەت مرۆڤایەتی و، ئەو کالآیەی ئەوان سەودایی لەسەر دەکەن چەندە بە لایەنی ئەرێییانە بۆ کۆمەڵگەکەیان دەشکێتەوە، خۆ ئەگەر باسی ئەوەش بکەین کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو تا رادەیەکیش وڵاتانی تازە پێگەیشتووی تەکنەلۆژیا ئەوەندەیان سەودایی لەسەر زەوی بە پیت کردووە، ئێستا کەوتوونەتە گیانی چیاو شاخ و ئەو دیمەنە جوانانەی کە مرۆڤ تێدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات، بەڵام خەریکە لە پێناوی قازانجی چەند قرۆشێک ئەم سەوزەڵانەش رەش بکەنەوە، کە ئەمەیان زیاتر مرۆڤایەتی گیرۆدەی چەند ساتێکی خەمۆکی دەکات و لە سروشتی خۆی بە دووری دەخاتەوە.

دوا پرسیاریش ئەوەیە کاتێ گەندەڵی بەم شێوەیە وەک دیاردە دەرکەوت، ئەی چارەسەر لەکوێوە دەست پێدەکات؟ رەنگە ئەوەیان ئەوەندە ئاسان نەبێت هەر لە خۆوە قسەی تێدا بکرێت، بەڵام دیاردەی کۆمەڵایەتی لە پێشلێگرتن و دۆزینەوەی چارەی گونجاو بۆ هەر دیاردەیەک، ئەوە ئەوەندەی پێویستی بە رێگەی گونجاو هەیە بۆ پەیڕەوکردن و چارەسەرکردنی برینەکە، دوو ئەوەندە پێویستی بە کاتی گونجاو هەیە، بۆیە ناکرێ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوەو بووە کارکردێکی ناوازەو خەتەر بەسەر تەواوی کۆمەڵگەوە، ئەوا بە شەو و رۆژێک پێشی لێبگیرێت و چارەسەر بکرێت، بە پێچەوانەوە هەندێ لەو دیاردانە تۆژینەوەی زانستی گەرکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رێک و پێک چارەسەر بکرێت، بۆ ئەم دیاردەیەی ئێمەش قسەمان لەسەری کرد دەکرێ مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆ ئەوەی زۆر بە روونی بڵێ (نە) پێویستی بەوەیە رووناکبیر بێت،

روناكبيريش هەر تەنيا ئەوەندە بەس نييە، ئەلف و بێی خوێندەواری بزانێ، بەڵكو بۆ ئەوەی لەهەمبەر شتە ناوازەو بڤەكان بڵێ (نە) ئەوە پێویستی بەوەیە هەم هیواكانی زیندوو هەمیش خاوەنی باوەڕێكی پۆڵاین و لە هەمانكاتیشدا بیر رۆشنانە و خۆڕاگر بێت، لە لایەكی دیكەوە بنەمای پەروەردە لە كۆمەڵگەدا بگەڕێتەوە سەر راستەشەقامی سروشتی خۆی و گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ بەها جوانەكانی خۆی، بۆ ئەوەی هەموو تاكێک بە كاری بەد بڵێ (نە) لە ئەنجامدانی كاری چاكیش درێغی نەكات.

# بە نەهێشتنی گەندەڵی
# زیاتر بەرەو پێش دەچین

عەبدولا ئیبراهیم گۆڕەتوویی

**گەندەلی نەخۆشیەکی کوشندەیە ،بەرۆکی گەلانی گرتووە ئەگەر چارەسەرییێک بۆ لەناوبردنی نەدۆزرێتەوە ئەو ولاتانەی گەندەلیان تێدایە تووشی لە ناوچوون و شکست دەبن. گەندەڵی وەکو شێر پەنجە زەرەرو زیان بە هەموو شتێک دەگەیەنێت و گورزێکە لە هەموو پێش وەچونێک بە هەموو رەوتێکی ئاوەدانکردنەوەو پێش کەوتنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی پەروەردەو کۆمەڵگا وەزێرخانی ئابوری ولاّت لاواز دەکات.دەبێتە هۆی زۆربوونی بێ کاری و بەرەڵای بازارو بەرەڵای دائیرەکان و خراپ بوونی گشت پرۆژەیەک و دووبارەبوونەوەی پرۆژەکان لە هەمان جێگەی پێشوو.گەندەڵی لە هەر وڵاتێک دا حکومەتێکی لاوازو سست بە بار دەهێنێ ئەم وڵاتە هیچ کاتێک ناتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێ.**

بۆیە پێویستە هەموولایەک هەموو تاکێک بە گوێرەی توانای خۆی دژی ئەم دیاردەیە راوەستێ. بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری گەندەڵی بکەین و دژی راوەستین دەبێ دەستورێکی مۆدێرن و

کارا و رووناک  دیاربکرێت و بەندەکان خاڵ بە خاڵ بە  وردی بۆ هەر خیلافێک ( بیرو بۆچونێکی وێک نەچوو ) دابنرێت. دوای ئازادی کوردستان و دروست بوونی ئیدارەیەکی سەربەخۆ هەندێک دیاردەی نابەجێ لەناو دائیرەکاندا بەدی دەکرێن کە پێ ی دەڵێین گەندەڵی و پێویستیان بە خەملێخواردن و چارەسەرکردن هەیە.

پێویستە لێ پرسینەوە و ئیجرائات لە هەموو ئەم کارە گەندەڵیانە بکرێت کە بە بەڵگە ئاشکرا دەکرێن. تاکو بۆ ئەوانی تریش ببێتە پەند. رێگە بە دەسەڵاتی چوارەم بە تایبەتی راگەیاندنی ئازادو دیموکراسی خواز  بدرێت  تاکو بتوانێ خاڵە لاوازەکان دیاری بکات  و  پێویستیشە دەسەڵات پشتیوانی لە راگەیاندن بکات.

هەروەها لێژنەیەکی چاودێری و پشکنین بە شێوەیەکی کاریگەر لە کەسانی پسپۆر و شارەزاو دڵسۆز دروست بکرێت  وە بەردەوام سەردانی دام و دەزگاکان بکات بۆ دیاری کردنی خالە لاوازەکان. لابردنی رۆتینیات لە دائیرەکان تاکو باشتر ئیش و کاری خەڵک بەرێوە بچێت  تاکو چیتر خەڵک بۆ واژوویەک دوو سێ رۆژ لە رێگایەکی دوور سەردانی دائیرە نەکات. نەهێشتنی دوو ئیشی  لە دوو جێگا فەرمانبەربوون بۆ یەک کەس چونکە یەک کەس ناتوانێ هەردوو ئیشەکە وەکو یەک رابپەرێنێت ،و نەهێشتنی دوو مووچەیی چونکە خەڵک هەیە بێ ئیشن و بێ مووچەن.

هەروەها دیاری کردنی میکانیزمێکی باش بۆ بەریوەبردنی دائیرەکان و لادانی یاسای کۆنی ئێراقی کە لە ساڵانی شەستەکانەوە کاری پێ دەکرا. بۆ نمونە بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی هەولێر نزیکەی ٥٦  پلەیە سەربەم

بەرێوەبەرایەتیە هەندێک لەم پلەیانە نزیکەی چوار کاتژمێر لە بەرێوەبەرایەتی ناوبراو دوورن. بۆ یەک نوسراو دەبێ لە حاجی ئۆمەرانەوە بچیتە هەولێر و دەکرا لە رێگای ئینتەرنێت و کۆمپیوتەراتەوە چارەسەر بکرێت.

هەروەها شهادەی مزەوەر زۆر بووە هەندێک بەم شهادە مزەوەرانە دادەمەزرێن لە جێگای بەرز ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم کەسانە نەتوانن ئیش و کارەکانیان بەرێوەببەن. ئەمەش دیارە کە وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە ئەم شهادە مزەوەرانە کۆنترۆڵ بکات. وە دەبێتە هۆی دڵساردی قووتابیان دەڵێن ئێمەش شهادە دروست دەکەین بۆچی خۆمان ماندو دەکەین و دەخوێنین.

لە لایەکی تر زیادبوونی دامەزراندن و دەوام نەکردنیان پێویستە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەمانە بکرێت بۆچی دەوام ناکەن کەواتە ئەمانەی کە دەوام ناکەن لە جێگایەکی تر ئیش دەکەن بۆیە دەبێ ئەوانەی دەوام ناکەن لە کار لابدرێن. و معامەلە کردن لە دەرەوەی دائیرە ئەمەش دەبێتە سست بەرێوەچوونی هەمان دائیرە ،لە لایەکی تریش هەندێک لە سەرۆکی یەکەی ئیداریەکان زۆربێ خەیاڵن بەرامبەر دامودەزگا کانی لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دان، پێویستە سەرۆکی یەکەی ئیداری سەردانی بەردەوام لە دام و دەزگاکان بکات بزانێت بە چ شێوەیەک بەرێوە دەچن.

هەروەها هەندێک لێپرسراو سوودی شەخسی لە ئامێرو کەل و پەلی دائیرە وەردەگرێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خەرجی دائیرە و سست بەرێوە چونی دائیرە.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پاداشت و سزادان هەبێت. ئەوەی کە چالاکی دروست و باش ئەنجام دەدات خەڵات بکرێت و ئەوەی

کەمتەرخەمی و خیانەتی لە میللەت کردبێت لە سەر کار لابدرێت. پێویستە بەباش بڵێین باش بە خراپیش بلێن خراپ.

هەروەها واستەو واستەکاری بنبڕ بکرێت و نابێت چیتر رێگە بە بەرپرسێک بدرێت خزمی خۆی لە باشترین جێگا دابمەزرێنێت و لە هەمان کاتیشدا توانای بەرێوەبردنی ئەو ئیشەی نەبێت . چونکە واستەش خەڵکی زۆر نارەحەت کردووە. لە کۆتایشدا من گەشبینم کە هەرچی دیاردەی گەندەڵیە لە نێو دام و دەزگاکانی حکومەتدا نامێنێت و رۆژ بەرۆژ حکومەتی کوردستان بەرەو باشی دەڕوات و کاری باشتر ئەنجام دەدات و حکومەتەکەمان توانای بنبڕکردنی ئەم دیاردە ناشرینانەشی هەیە..

# بوونی دەسەڵاتێکی دیموکراسی نابێتە بەربەست بۆ نەبوونی گەندەڵی

یاسین عەزیز

**لەکاتێک بمانەوێ دیموکراسی وەک چەمکێک تەماشا بکەین رەنگە زۆر ئاسان بێ، لەکاتێک بمانەوێ لە رووی پراکتیکی پەیرەوی بکەین، چونکە هەموو ئایدۆلۆژێک لەکاتی پراکتیزەکردن پێویست دەکات زەمینەی بۆ فەراهەم بکرێ .پاشان تاکی ئەم کۆمەڵگایش دەبێ بتوانێ قبوڵی ئەم ئایدۆلۆژیە بکات و توانای ئەوەی هەبێ لە رووی رۆشنبیری وەریبگرێ، چونکە نەبوونی ئەم ئاستە رۆشنبیریە وادەکات کاردانەوەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا هەبێ و تاک تووشی جۆرەها ناخۆشی بکات ئەمەش وانەبێ کۆمەڵگا خۆی تاوانبار بێ بەڵکو 35 ساڵە نیزامێکی دیکتاتۆری لە ئێراق بەسە بۆ ئەوەی کە تاکی ئەم کۆمەڵگایە نەتوانێ بەگوێرەی پێویست پرەنسیپەکانی دیموکراسی وەک خۆی پێ قبوڵ وکاری بۆ بکات لەکاری رۆژانەی خۆی تا نەتوانێ خۆی پێ دیسپلین بکات و چەمکەکان لەبەرچاو بگرێ.**

چونکە هەموومان ئەم راستیە باش دەزانین کە دیموکراسی ئەوەندەی پێویستی بە پراکتیزەکردن هەیە ئەوەندە پێویستی

بەوە نییە کەچەندی لێ دەزانی یان نازانی، گرینگ ئەوەیە لەرووی کاری رۆژانە لەتاکی ئەم کۆمەڵگایە رەنگدانەوەی هەبێ و کاری پێ بکرێ لەگەڵ کاریگەری دابوو نەریت و کلتووری زۆر بەسەرەوەیە و کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی زۆرە رەنگە ئەمانە وابکەن بتوانرێ پرەنسیپەکانی دیموکراسی پڕ بە پێستی خۆی جێ بەجێ بکرێ، بۆیەش پێویست دەکات ئاستی رۆشنبیری تاکی کوردی سەبارەت بە دیموکراسی باشتر بکرێ و کاری زیاتری بۆ بکرێ لەلایەن هەموو دامو دەزگاکان بە تایبەت رێکخراوە مەدەنیەکان و دەزگاکانی راگەیاندن، چونکە کاریگەری تەواویان لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگا هەیە و بە ئاسانترین شێوە دەچنە ناو هەموو خێزانێک و کاریگەری ئەرێنی دروست دەکات و دەتوانین لە رێگای پرەنسیپەکانی خوێندن چەمکەکانی دیموکراسی فێری قوتابیان بکەین و زەمینەی لەبار بۆ توێژی گەنجان و لاوان برەخسێنین تا لەرێگای ئەم کاریگەریە بتوانین گۆڕانی بنەڕەتی دروست بکەین. پاشان بوونەوەی دەسەڵات مەبەست لە بوونەوە واتا شەفافتر کار بکەن و خۆیان لەخەڵک بەدوور نەگرن ئازادی بدرێ بە هەموو بوارەکانی راگەیاندن بەڵام ئەمیش لە سنووری ئازادی خۆی لانەدات وهێڵە سوورەکان نەبەزێنێ. ئازادی تاکە کەسی و بوونی مافی مرۆڤ یەکسانی کۆمەڵایەتیەکان پارێزراوبین و یاسا سەروەربێ. لە بەرامبەر هەمووکێشەکان. لەکاتێک توانیمان ئەمانە ئەنجام بدەین ئەمە ئەوکاتە توانیومانە دیموکراسی بین، هەرچەندە مەرج نییە بتواندرێ سەد لەسەدی ئەم پرەنسیپە پەیرەو بکرێ. بەڵام ئەگەر تواندرا سەدا هەشتای پراکتیزە بکرێ ئەوە کارێکی چاک کراوە. هەر بۆیەش لەگەڵ دەسەڵاتێکی دیموکراسی گەندەڵیش هەست پێ دەکرێ ئەگەرچی مەرج نییە لەکاتێک کەدیموکراسی هەبێ مانای ئەوە

نـابێ گـەنـدەڵی هـەبێ، گـەنـدەڵی دیـاردەییـێکی بـەرچـاوی ئەم سـەردەمـەیە کـەم تـا زۆر وڵاتـانی جیـهـانی گرتۆتەوە بـەهـەمـوو بیروبۆچوونەکانەوە، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بکەین زیاتر لە وڵاتـانی جیـهـانی دووەم ئـەم دیاردەیە هـەست پێ دەکرێ و دیارە، چونکە ئاستی ئابووری نزمە کاتێک لە بواری سیاسی سەیری بکەین لەم بوارەش کاریگەری هەیەو بەرچاو دەکەوێ وە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و راگەیاندن بەگشتی ئەم دیاردەیە هـەمـوو نێـوەنـدەکـانی ژیـانی مرۆڤ دەگـەرێـتـەوە چـونـکە پێش هەمووشتەکان خودی مرۆڤ دەگرێتەوە کە خۆی بیروبۆچوونێکی گەندەڵ دروست دەکات و وەک میکرۆبێکی کوشندە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات وەک بیرۆکەی تیرۆر یەکێکە لەو بیرۆکە گـەنـدەڵانـەی کـە مـرۆڤ داهێـنـەریـەتی. هـەر بۆیـەش هـەمـوو داهێنانەکانی مرۆڤ خۆی لەدوو کەناڵ دەگرێتەوە یان رۆڵێکی پۆزەتیـڤی دەبێ یان رۆڵێکی نێگەتیڤی دەبێ، بەلایـەک لە لاکانی دادەبات، هەر بۆیش هۆکارەکانی گەندەڵی زۆرن یەک نەبوونی دڵ سۆزی بۆگەل ونیشتمان و لەبەرچاو نەگرتنی مافی خـەڵـکی کەتـەنـیـا بـەرژەوەندی خۆت لـەبـەرچـاو بێ و هـەمـوو شتەکان بەهی خۆت بزانی. لەکاتێک تۆێک بەخۆت موڵکی خۆت نـەبێ، کـەواتـە دەکـرێ وانـەزانـین لـەگـەڵ پـرەنـسـیـپی دیموکـراسی دەبێ دیـاردەی گـەنـدەڵـیش هـەبێ، کـەواتـە بـوونی دیموکراسی ویان هیچ ئایدیایێک پێوەرنییە بۆ ئەوەی کە بڵێین ئەمە هەبێ ئینجا ئەم کاتە گەندەڵی نابێ. کەوا دەڵێم ئەمە پاسـاو نـیـیـە بۆ ئـەوەی کـەدەبێ گەندەڵی هەبێ. نـەخێر دەکرێ لـەگـەڵ ئـەوەشـدا گـەنـدەڵی نـەبێ. لـەگـەڵ ئـەوەشـدا رەنـگـە رۆشنبیری کۆمەڵگا پێوەر بێ بۆ بوون و نەبوونی گەندەڵی. ئەوەی من بەگرینگی دەزانم بۆ بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی و دەست نیشانکردنی جۆرەکانی گەندەڵی ولە چ ئاستێک دایەو

لەچ بوارێک لە بوارەکانی لەکۆمەڵگای کوردی دایە پێویست دەکا کۆمەڵێک شارەزا لەبواری گەندەڵی بانگهێشت بکرێن و سەرژمێرێکی ئەکادیمی و لەبار سەبارەت بە بوونی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بکرێت بە ئاوڕدانەوە لە بەرژەوەندیە بالاکانی نەتەواویەتی و نیشتمانی پرەنسیپێک دابڕێژرێ لەسەرەوە بۆ خوارەوە بۆ شێوازی چاک سازی لەهەموو کارەکان، کەسی شیاو لەجێگای شیاو لەرووی ئیداری دەست کشانەوەی کاری حزبی لەبواری ئیداری ئامادەکردنی کەسی دڵسۆز بۆ کارەکان و پشتیوانی لێ کردنی لەلایەن دەسەلات ئەمانەو چەندین شتی تر رەنگە دەرفەت نەبێ لێرەدا باس بکرێ کەواتە بوونی دەسەلاتێکی دیموکراسی رێگر نییە لەگەندەڵی.

# باندۆرا گەندەلیێ
# ل سەر هەستا نەتەوەیی

**جگەرسۆز پێندرۆیی**

**هەلبەتە تێگەهێ گەندەلّییێ تێگەهەکێ فرە رامان و فرە رەهەندە، دیاردەکا نەرنی ونەژهەژیا جیهانییە، رەنگە دیرۆکا وێ ژ بۆ دەستپێکا پەیدابوونا ژیانا جیهانا مرۆڤایەتییێ ڤەزڤریت، ژ بەرکو هەمی چاخ و سەردەما مرۆڤێت «ئۆپورتۆنیسم» ئانکو دەلیڤە پەرێس و بەرژەوەندخواز وئەز ئەزی و مافخۆر هەبووینە و هەنە و، پێکۆلێن رژد کرینە بەرژەوەندییێن تەڤایی و گشتکی دناڤ کنفا بەرژەوەندییێن نەمازەییێن خۆدا بخەندقینن و، ب ئاوایەکێ نەڕاست و دروست مفاو بەهرێ ژوێ دەسەلاتێ وەرگرن، ئەوا کەفتیە لەپێ وان یان پێ هاتیە راسپاردن ژ بۆ دەستڤەئینانا پلەوپایەکا مادی یان مەعنەوی.**

لەوما ئەم نکارین ڤێ دیاردێ بدەینە پالّ مللەتەکێ دیارکری یان ب راچاندنا تەڤنێ وێ بناسکار بکەین.ناهێتە ماندەلکرن رێژەو تەرزێن گەندەلّییێ ل جهەکی بۆ جهەکێ دی و ل مللەتەکی بۆ مللەتەکێ دی جوداهی هەیە، ژ بەرکو ئەڤ چەندە یا هەڤدوگرێدایە ب رادێ گولڤەدان و وەرارکرنا واناڤە ژ ئالییێ

هزری و زانستی و تەکنەلۆژی ودیموکراسیڤە. بۆ میناک ل وان وەلاتێن شەنگستە و بنەمایێن ئازادی و دیموکراسیەتێ هاتینە چەسپاندن و یاسا دهەمی بیاڤێن ژیانێدا بویە سەروەر و هاتیە پراکتیزەکرن، یان گەندەلی هەر د بناغەدا نییە ورەهێن وێ هاتینە قەتاندن، یان ئەگەر هەبیت ژی گەلەکا کێمە، لێ دەروڤاژی ڤێ چەندێ ل وەلاتێن پاشڤەهەروو دویرژ یاسا و دیموکراسیەتێ وخودانێن سیستەمەکێ دیکتاتۆری وتۆتالیتاری و خۆ سەپاندی رێژا گەندەلیێ د ئاستەکێ بەرز و بلند دایە. تشتەکێ عەیانە زۆر سەدەم و بناسە بووینە رێخوشکەر بۆ سەرهەلدانا گەندەلیێ و بەرفرەهکرنا توخیب و کەوشەنێن وێ دهەمی وارەکێ ژیانێدا، مینانی گەندەلیا سیاسی ئابووری، کارگێریێ...هتد.

## گرنگترین بناسەو سەردەمێن گەندەلیێ:

1- نەبوونا سیستەمەکی کو یاسا تێدا سەروەر و بالادەست بیت.

2- بێ هێزی و کزی و لاوازیا هەر سێ ناڤەندێن دەسەلاتێ (دادڤانی، یاسادانی، جێبەجێهکرن).

3- لاواز بوونا هەستا نەتەوەیی و نیشتمانی.

4- هەبوونا حەز و چاڤلێکەریێ.

5- نەدانانا کەسێن هەژی ل جهێن هەژی.

6- نەبوونا دەزگەهێن چاڤدێریکرنێ.

7- نەبوونا زەلالی و شەفافیەتێ دناڤ دەزگەهێن رێڤەبەریێدا.

8- پەوانکرنا دەستهەلاتێ ژ ئالێ بنەمالەکێ یان پارتەکێ یان چەند پارتەکێن دەستهەلاتدارڤە و دویرکەڤتنەڤە ژ پروسێ هەلبژارتنێ و ڤەگوهاستنا دەسەلاتێ ژ ئالیەکی بۆ ئالیەکێ دی ب ئاوایەکێ دیموکراسی.

## گرنگترین جۆرێن گەندەلیێ

1- گەندەلیا سیاسی: دەمەکی سەرهەلددەت چاخێ ئالیەک ژ ئالیێن سیاسی ب ئاوایەکێ نەیاسایی ودویر ژ بنەمایێن یاسایی و دیموکراسی دەست ب سەر دەستهەلاتێدا بگریت، توخیب و کەوشەنێن ئازاد یا کەتکەسی بەرتەسک بکەتەڤە، ئاستەنگ و بەربەستا ل هەمبەر پروسێ هەلبژارتنێدا چێکەت، ب ئاوایەکێ نەدروست مفای ژ هێزا مرۆڤی و سامانێ نیشتمانی وەربگریت بۆ قرکردن و ژناڤبرنا هەڤرکێن خۆ، کەسێن هەژی و ژێهاتیێن نە دگەل دەستهەلاتا ویدا بهێتە دویرئێخستن ژ ناڤەندێن کارو بریارێ. پارڤەکرنا پۆستێن سیاسی نە ل سەر شەنگستەو بناغێ پاراستنا بەرژەوەندیێن تەڤایی بیت، سیکارا تیژا سانسۆرێ ل سەر گەردەنا دەنگ ورەنگێن ژ خۆجودا بهێتەدانان...هتد.

2- گەندەلیا ئابووری: دەمەکی سەرهەلددەت کە دەستهەلاتەک، یان چەند کەس و ئالیەک د ناڤ بازنێ دەستهەلاتەکێدا ب ئاوایەکێ نەشەرعی ونەیاسایی و دویر ژ وێ دەستهەلاتا ب وان هاتیە دان، دەست ب سەروەت و سامانێ ملل‌ەتیدا بگرن، پێخامەت پاراستنا کورسیکا خۆ یان پێدڤیاتیێن مالا خۆ بمەزێخن، خۆ پێ زەنگین و دەولەمەند بکەن، بەرتیلا وەرگرن دهەمبەر راپەراندنا کارەکێ نەیاسایی دا، مرۆڤ وخزم و کەس و دوست و هەڤالێن خۆ دامەزرینن نە ل سەر بناغێ شارەزایی و پسپۆریەتی، سیاسەتەکا ستراتیژیا ئابووری پەیرەونەکەن، ژێدەرێن دەرامەتێ سالانە دیاروخۆیا نەکەن، سامانێ نیشتمانێ بێخنە دخزمەتا بەرژەوەندیێن خۆدا.

3- گەندەلیا کارگێری و رێڤەبەریێ، هنگی سەرهەلددەت چاخێ ناڤەندێن دەستهەلاتێ کەسێن هەژی و شایستە ل جهێن هەژی و شایستە نەدانن، چاڤدێریێ و نۆبەداریێ ل

سـەرکـاروکرپـارێن وان نـەکـەن،هێـزدار و بێ هێـز، زەنـگـین و هـەژار،نێـر و مێ ، رەش و سـپی، دەمێ سـەردانێ دکـەن بۆ ئەنجامدانا کارێن خۆ ب یەکچاڤ نەهێتە تەماشاکرن، واستەو واستەکاری و پارەبەخشین ببیتە کارەکێ ئاسایی دناڤ ڤان دام و دەزگـەهـانـدا. مـخـابن ئـەڤ دیـاردا کـرێت و هـەرمی و فەهێت گەهشتیە کوردستانێ و کارتێکرنێن نەرنی و نەژهەژی ل سەر جڤاکێ کوردستانێ هێلاینە و هەستا نیشتمانپەروەری و گەلدوستی و وەلاتپارێزی ل دەڤ خەلکی لاواز و بێ هێز کریە و تۆڤی رەشبینی و بێ ئومێدیێ دناڤ دلاندا چاندیە، نەمازە ل دەڤ تەخا گەنج و تولاز، لەوما فەرە ئەڤ گاڤێن فەرو پێدڤی بهێنە هاڤێتن ژ بۆنا برین و قەتاندنا رەهێن گەندەلیێ:

1 – هەر سێ دەستـهـەلاتێن (دادوەری، یاسادانـان، راپەڕاندن وجێـهـبـەجهـکرن) بهێنە کاراو ئەکتیڤ کرن داکو بکارن رولێ خۆیێ هەژی بگێڕن.

2- چەنـدین نـاڤـەند ژ ئـالـیێ پەرلـەمـانـیـڤـە بـهێـنـە دانـان بۆ لێکۆلینکرنێ ل سەر ڤێ دیاردێ و بنەبڕ کرناوێ.

3- یاسا بۆ هەمی کەسا و هەمی ئالیا مینا هەڤبیت.

4- ژێدەرێن ئابووری و ژێدەرێن مەزاختنێ بۆ ملـلـەتی بـهێتە دیارو خۆیا کرن.

5- کەسێن هەژی ل جهێن هەژی بهێنە دانان.

# گەندەڵی

# لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیدا...

سەردار حوسێن

**ئەوەندە قسەمان لەسەر گەندەڵی کردو ئەوەندەشمان نووسی، پێموایە چیتر کەس توانای ئەوەی نەماوە گوێمان لێبگرێ و نووسینەکانمان بخوێنێتەوە، ئەوەی منیش لێرە باسی دەکەم و دەمەوێت شرۆڤەیەکی کورت و پێناسەیەکی سادەی بۆ بکەم، رەنگە شتێکی جیاواز نەبێت لەوانەی رابردوو، لێ هەوڵدەدەم رووە راستەقینەکەی گەندەڵی پیشانی خوێنەر بدەم و بەزمانێکی ساکارەوە بڵێم:-**

### هاووڵاتیش گەندەڵە

هەرگیز نامەوێت پاکانە بۆ دەسەڵات بکەم و مەبەستیشم ئەوەنیە، کە دەسەڵات بێبەش بێت لەگەندەڵی، بەڵێ وەک چۆن باس لەگەندەڵی هاووڵاتی دەکەم، هەرواش گەندەڵیەکانی دەسەڵاتیش دەوروژێنم بەرێگە چارەی دەربازبوونەوە، دیارە کاتێک دەڵێم هاووڵاتیش گەندەڵە بێ بەڵگە قسەناکەم و لەهەر خەروالێک مشتێکم لەو گەندەڵیانە هەڵبژاردووە و دەمەوێت هەمووومان بزانین کە گەندەڵی هەر گەندەڵیە، چ گەورەو چ

بچووک، چونکە کاتێک بەرپرسێکی  باڵادەست گەندەڵ دەبێت، جگە لەپلەو پایە وبەرزی ونزمی ئاستی دەسەڵات،چ جیاوازیەکی لەگەڵ گەندەڵێکی تری بێ پلەو پایە نیە.

ئەو مامۆستایەی نیوەی کاتی وانە وتنەوەکە بە نوکتەو گاڵتەکردن بەسەردەبات، گەندەڵە، ئەو شوفێرەی کرێ بە ئۆتۆمبێلی وەزارەت دەکات ئەویش گەندەڵە، ئەو قوتابییەی وردە قۆپییەیەک لە گیرفانەکانی هەن ئەویش گەندەڵە، ئەو خاوەن مۆلیدەی 15 دەقیقە درەنگتر کارەبامان پێدەدات ئەویش گەندەڵە، ئەو میوانەی رێی دەکەوێتە گەڕەکەکەتان و پێت دەڵێ: بەتایبەت بۆ لای تۆ هاتووم ئەویش گەندەڵە، ئەو پلیتبڕەی بەردەم ژووری پزیشک و نانەواکەی گەڕەک و هەموو ئەوانەی نۆرەبڕی لە هاووڵاتی بۆ خزم وناسیاوان دەکەن ئەوانیش گەندەڵن، ئەو دوکاندارەی زیادە لەسەر مەعمیلەکانی دەنوسێ و نیوەی شۆستەی بەردەم دوکانەکەی داگیر کردووە ئەویش گەندەڵە، ئەوپزیشکەی بەبێ پشکنین دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسێ ئەویش گەندەڵە، ئەو وەرزشکارەی بەدڵسۆزیەوە یاری بۆ یانەکەی ناکات ئەویش گەندەڵە، ئەو پاسەوانەی لەکاتی ئێشکگرتن دەکەوێتە پرخەی خەو ئەویش گەندەڵە، ئەو دایک وباوکەی کەمتەرخەمی لەپەروەردەکردنی منداڵەکەیان دەکات ئەوانیش گەندەڵن، ئیتر ئەمە حاڵی گەندەڵیە و وەنەبێت گەندەڵی تەنیا بە فیڕۆدان و بەتاڵان بردنی مولک ومالی حکوومەت بێت، سەیرترین گەندەڵیش لەنێو دنیای نووسین و بڵاوکردنەوەدا بەدیدەکرێ و ئەگەر باسیان بکەین رەنگە شتی سەیرو سەمەرەبن، بۆ نموونە خانمە رۆژنامەنووس و نووسەرێکی ناوداری ئەم وڵاتە، کە رەخنە لە داروبەردی دەسەڵات دەگرێ، چەند رۆژێک بەر لەئێستا بە ئۆتۆمبێلەکەی وەزارەتی...... دەمەو ئێوارەیەکی رۆژی هەینی پیاسەی دەکردو وەک ئەوەی نەبای

دیبێ نەباران، ئەگەر وردتریش سەیری گەندەڵی بکەین دەبێ ئەو ڕاستیە بڵێین کە ئێمەی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندکاریش بێ گەندەڵی نین و تەنانەت ئەو نووسەرەی بەدەیان ناوی خوازراوەوە دەنووسێ هەر گەندەڵیە و ئەو هەڵەچنەی لەپەڕەگرافێک دووهەڵە ڕاست دەکاتەوە و ئەوانی تریش جێدەهێڵێ ئەویش گەندەڵیە، ئەو پەیامنێرەی یەک هەواڵ بۆ 10 دەزگا دەنێرێ ئەویش هەر گەندەڵەو......هتد.

ئەو گەندەڵیانەی باسمکردن هەموویان خەڵکی سادەن و کەسیان بەرپرس نین، لەگەڵ ئەوەشدا گەندەڵن، ڕەنگە هەندێکیان بێ ئاگابن لەوەی تیایدان گەندەڵی بێت، بەڵام خۆی هەموویان بێ ئاگانین، تۆ بڵێی ئەگەر ئەوانەش دەسەڵاتدارو خاوەن پلەو پایەی بەرزتربن، چ جۆرە گەندەڵکارێک دەربچن؟!

## دەسەڵات و گەندەڵی

ڕاست نیە ئەگەر بڵێین دەسەڵاتێک لە فڵانە وڵات هەیەو هەرچی گەندەڵیە تیایدا بنبڕکراوەو بوونی نیە، ڕۆژانەش ئەم ڕاستیە بەبەڵگەوە دەسەلمێنرێ، بۆ نموونە هەواڵی بانگهێشتکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەیان بەرپرسی باڵای وڵاتانی دونیا ڕۆژانە لە میدیاکان بڵاودەکرێتەوە، سەدان سەرپێچی و دزی وشتی تریش لە هەموو بوارەکانی( سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی......هتد) لەسەرانسەری وڵاتانی دنیادا بەدی دەکرێن و لەلایەن دەزگای تایبەتەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەوەی بەپێویستی دەزانم قسەی لەسەربکەم نەبوونی سزاو لێپرسینەوە ولێکۆڵینەوەیە لەهەمبەر ئەو دیاردە ترسناکەی کە خەریکە هەموو کون وکەلەبەرێکی ئەم وڵاتە بتەنێتەوە و ئەرکی حکوومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکانە چاودێری تەواوی بەرپرس و هاووڵاتیان بکەن و لەهەر کوێیەک گەندەڵکارێک بینرا، چاوپۆشی لێنەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئیتر

جۆرو بڕی ئەو گەندەڵییە هەرچۆن و هەرچەند بێت، چونکە جیاوازی لەنێوان چۆنایەتی وچەندایەتی گەندەڵی نیە و هەر یەکێک لەجۆرەکانی گەندەڵی وەک: ئیداری، سیاسی، کۆمەلآیەتی و ئەخلاقی و ...هتد، دەبن بە مایەی داڕووخانی کۆمەڵگەو ئەنجامی یەکجار نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێ دەسەلآت وێڕای بنبڕکردنی گەندەڵی لەنێو دامو دەزگاکانی خۆیدا، هاوکات هەوڵی نەهێشتنی ئەم دیاردەیە بدات لەنێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و ڕێنمایی پێویست بۆ دەرخستن و ئاشکرا کردنی ئەم دیاردەیەش بلآو بکاتەوە و سەرجەم تاکەکانی نێو کۆمەڵ لەوە هۆشیار بکاتەوە، کە هەر کردەوەیەک بچێتە چوارچێوەی گەندەڵییەوە سزای یاسایی دەدرێت. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، کە پێویستە پەردە هەڵماڵین لەسەر گەندەڵی و گەندەڵکاران نەچێتە چوارچێوەی ناوزڕان و تەشهیرکردن و هەرکەسەو لەخۆیەوە ناوی ئەم و ئەو نەهێنێ و بەڵگەی سەلمێنراوی هەبێت تاراستیەکان وەک خۆیان دەربکەن ولەگەڵ بنبڕکردنی گەندەڵی ئەو دیاردەیەش بنبڕبکرێت، کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ خەڵکانێک بەگەندەڵکار وەسف دەکرێت و نە کەس لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەندەڵکارەکە دەکات و نە کەس پرسیار لەوکەسە دەکات کە بانگەشەی دەکات.

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم،کە من لەسەروبەندی نووسینی ئەم تەوەرەبووم کاتێ دۆستێکم زەنگی بۆ لێدام و کەپرسیاری کرد خەریکی چیت؟ پێمگوت خەریکی نووسینی بابەتێکم لەسەر گەندەڵی و گەندەڵکاران، ئەو وتی: باشە بەلآم بیرت نەچێ ئەو نوێژکەرەی نوێژی بەیانیش نەکات هەر گەندەڵیە و گەندەڵی تەنیا لەپارەو دەسەلآتدا نیە.

# ئیدارەیەکی بێ گەندەڵی چۆن دروست بکەین؟

**تەیب زرار شێروانی**

**دیموکراسیەت و گەندەڵی لە ئیدارەدا دوو چەمکن کە یەکێکیان دیموکراتیەتە و تێڕوانینی زۆر ئیجابیانەمان بۆی هەیە و خەون بەو ئیدارە دیموکراسیە دەبینین، ئەوی تریان گەندەڵییە کە ئێستا هەرچەندە ناتوانین ڕێژەکەی دیاری بکەین بەلام لەناو ئیدارەی حکومەتی عیراقی زۆر بەرزە و لەناو حکومەتی هەرێمیش هەیە و باسی لێوە دەکرێت، ئەم دوو چەمکە بۆ هەر دەزگایەک کە تیایدا کۆببنەوە یەکیان ئەویتر نەفی دەکات چونکە دوو چەمکی دژ بەیەکن و یەکێک لە پرنسیپەکانی دیموکراسیەتیش ئیدارەیەکی شەفاف و موئەسەساتی بێ گەندەڵییە (هەرچەندە گەندەڵی لەهەر شوێنێک ڕێژەییە و بەتەواوی بنبڕ ناکرێت) بەمانایەکی تر دیموکراسیەت ئایدیایەکی میسالییە ١٠٠٪ جێبەجێ ناکرێت.**

ئەو حکومەتەی ئێستا لە ئێراق هەیە بەپێی هەڵسەنگاندنی نێو دەوڵەتی زۆرترین ڕێژەی گەندەڵی تێدایە، حکومەتی ئێراقیش حکومەتی هەموو ئێراقە بە کوردستانیشەوە بۆیە سەرەڕای هەبوونی حکومەتی هەرێم گەندەڵییەکانی حکومەتی فیدرالی

نـاوەنـدی کـاریـگـەری لـەسـەر بژێـوی خـەڵک و ئـابـووری کـوردسـتـانـیش دەبێت، سـەبـارەت بـە حـکـومـەتی هـەرێـمی کوردستانیش ڕێژەیەک گەندەڵی ئیداری تێدا هەیە، بۆ ئەوەی چـارەسـەری گـەنـدەلی بـکـەین پێـویـسـتـە سـەرەتـا هۆکـارەکـانی گـەنـدەڵی بـزانـین تـاکـو بـتـوانـین بـنـبڕیـان بـکـەین و بـتـوانـین ئیدارەکەمان دیموکراسی و بێ گەندەڵی بێت.

ئەو هۆیانەی دەبنە بناغەوبنچینە بۆ گەندەڵی گەلێک زۆرن بـەلام بـەرای ئێـمـە دەکـرێ لـە دوو خـالی سـەرەکی کۆیـان بکەینەوە:

**یەکەم//سەرخانی کۆمەڵگا (البنیه الفوقیه):-**

مەبەست لە سەرخانی کۆمەڵگا مێژوو و کەلتوور و ئایین و داب و نەریت و...هتد کۆمەڵگا دەگرێتەوە، ئەگەر بەخێرایی ئاورێک لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە ئەوا دەبینین، زیاتر لە هەزار ساڵە کوردستان هەردەم مەیدانی شەڕی داگیرکەران بووە و کـوردیش سـووتـەمـەنی ئـەو شـەڕانـە بـووە و خێـر و بێـری کـوردسـتـان بـە تـالان بـراوە و، جـوگـرافـیـای کـوردسـتـانـیش هۆکـارێـکی نـەرێـنی بـووە بۆ گـەشـەکـردنی پـەیـوەنـدیـیـە کۆمەلایەتیـەکـان و تـاکـو ئێـسـتـاش هـەندێ داب و نـەریـتی کۆنەپەرستـانە لەنێـو میـللـەتەکەمـان مـاوەتـەوە و ئـاییـنیش ئیـسـتغلال کراوە بۆ لەخشـتە بردنی کورد و جگە لە مەسەلە ئـاسمـانیـیـەکـان و پێدانی هەقی خواوەنـد لەسـەر تـاک ئێـمە سودمان لە ئایین وەرنەگرتووە و ئاینی ئیسلام بە لێکدانەوەی جیـاجیـا لـەلایـەن دژمنـان دژ بـە کـورد بـەکـارهـاتـووە (بۆ نموونە ئەنفال و لەناوچوونی میرنشینی سۆران)، لە ئەنجامی ڕاپەڕین و شۆڕش و خەباتی ڕەوای میللەتی کورد دەیان هەزار شەهید و بـریـندار و پـەککـەوتـەو بێـوەژن وبێ بـاوان (یـتـیم) و ئـاوارە و

خێزانی لێکهەڵوەشاوە لە کوردستان دروست بوون کە زۆرترینیان لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و تەعریب و تەرحیل و کیمیاباران و کاول کردنی زیاتر لە چوار هەزار گوند دروست بوونە.

**دووەم//ژێرخان (البنیه التحتیه):-**

حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق و تورکیا و ئێران و سوریا (هەرچەندە باسەکەی ئێمە لەسەر باشوری کوردستانە) هەرگیز کاریان بۆ ئەوە نەکردووە ژێرخانی ئابووری کوردستان بکەوێتە سەر پێی خۆیی و بنیات بنرێ، بەپێچەوانەوە ئەگەر پرۆژەیەکی گەورە هەقی خۆی لەکوردستانیش بێت ئەوا لەشارە عەرەب نشینەکان ئەنجامیان داوە و لەم رووەوە کوردستان تەواو فەرامۆش کراوە، کوردستان کە زۆر دەوڵەمەندە بە نەوت و جۆرەها کانزا و کشتوکاڵ و ئاو و...هتد وەکو شاعیر دەڵێ (ئاوی کەوسەرە -خاکی گەوهەرە) بەلام کەرکوکی لێبترازێ کە لەستراتیژیەتی بەعسدا بوو لە کوردستانی جیاکاتەوە، تەنانەت یەک پاڵاوگەی نەوت لە کوردستان نەبووە، هەروەها هەموو ئەو پرۆژانەی دەچنە خانەی بنیاتنانی ژێرخان وەک پرۆژە زەبەلاحەکانی (کارەبا و وزە بەگشتی، ئاوی خواردنەوە و بەنداو و ئاوەڕۆ و رێگە و بان و پردەکان وفرۆکەخانە و کارگە و...هتد) لە کوردستان ئەنجام نەدراون، بۆیە حکومەتی کوردستان لەسفر دەستی پێکردووە و شتێک نەبووە لە کوردستان بەناوی ژێرخان! ئەم دووخالەی باسمان کرد دەکرێ دەیان هۆ و هۆکاری جیاجیای لێبێتەوە کە هەموویان دەبنە هۆی گەندەڵی کە هەندێکیان بە کورتی باس دەکەین:-

١-ئاستی خوێندەواری بەگشتی نزمە و رێژەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ نەخوێندەوارن.

٢-لەئەنجامی سیاسەتی تەرحیل و تەعریب و ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و کیمیاباران و هەموو سیاسەتە ڕەگەزپەرست و شۆفینیانەکانی بەعس، ڕێژەیەکی زۆری خێزانەکان لێکهەڵوەشاونەتەوە کەئەمەش چەندین دیاردەی خراپی کۆمەڵایەتی لێدروست دەبێت.

٣-ڕێژەیەکی زۆری خەڵک ئاستی بژێویان زۆر نزمە.

٤-جیاوازی نێوان بژێوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ زۆر فراوان بووە.

٥-دادپەروەری کۆمەڵایەتی زۆر کەمە.

٦-بێکاری دەمامکدراو و جۆرەکانیتری بێکاری ڕێژەکەی بەرزە.

٧-کێشەی سیاسی دۆزی کورد تائێستا یەکلانەبۆتەوە و کۆمەڵگا هەست بە نائارامی دەکات.

٨-بازدانێکی جۆری گەورە(ظفرە نوعیە کبیرە) لەبەرەو دیموکراسی بوون ڕوویداوە، بەڵام خەڵکانێک لەمانای دیموکراسیەت نازانن و پێیان وایە دیموکراسیەت مانای ڕەفاهیەتی ژیانە لەسەر حیسابی تاکەکانی کۆمەڵ و بەرژەوەندی گشتی!.

٩-ئینتیمای خەڵک بۆ خاک زۆر لاواز بووە.

١٠-بەداخەوە بەدەگمەن نەبێت لێپێچانەوەی یاسایی بەرامبەر کەسانی گەندەڵ نەکراوە ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ هاندانی گەندەڵی.

ئەمانەی ژماردمانن و چەندین خاڵی تریش دەبنە هۆی ئەوەی دیموکراسیەت وەکو چەمک لەبەرچاوی کۆمەڵ شیرین بێت بەڵام

بۆ پراکتیزە کردن زەحمەت بێ و کاتێکی زۆری بوێت، لەهەمان کاتدا ڕێژەیەکیش لەو خەڵکە چاوی لە گەندەڵییە و ئەوانەی باسی ناعەدالەتی و گەندەڵیش دەکەن بەشێکیان بۆخۆیان گەندەڵن.

ئەو سامانەی لە ڕێگەی گەندەڵەکان بەهەدەر دەڕوات لەداهاتەکانی تاکەکانی کۆمەڵ کەم دەکاتەوە، حکومەت پارچەیەکە یان بەشێکە لە کۆمەڵگا، کۆمەڵگاش بەم شێوەیە بێت بناغە و بنچینەیەکی پتەو بۆ حکومەتێکی گەندەڵ دروست دەبێت، چونکە ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان لاوازە، هەژاری زۆرە، بێکاری زۆرە، یاسا سەروەر نییە و بێسەرپەرشت زۆرە، خەڵک دەیەوێت زوو دەوڵەمەند بێت و لەکۆڵ ژیانی کۆڵەمەرگی بێتەوە جا بەهەر شێوەیەک بێت، هەندێک لەو هۆکارانەی باسمان کردن ڕەنگە چارەسەری هەبێت و هەندێکی تر چارەسەری دەکرێت بەڵام کاتێکی زۆری دەوێت، بۆ بەرپرسە گەندەلەکان دەبێت کار بەیاسای (ئەم سامانەت لە کوێ هێنا) بکرێت و ئەوانەی تریش لەڕێگەی هۆشیار کردنەوە ودەورات بێت، چونکە بەرپرسە گەندەڵەکان داهێنانی نوێ دەکەن لە گەندەلی و بە چاودێری دارایی و ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتی گەندەلیەکانیان ئاشکرا نابێت.

لەکۆتاییدا ئەوە ماوە بیڵێین کەسانی گەندەڵ زۆرینەیان بەتایبەتی وردە فەرمانبەرەکان دەوڵەمەند نابن و سودێکی کەم دەبینن بەڵام بە هۆی ئەوانەوە سامانی نەتەوەیی و بەرژەوەندی گشتی دەکەونە بەر مەترسی گەورە.

# چۆن دەتوانین ئیدارەیەکی دیموکراسی بێ گەندەڵی بنیاد بنێین

د. کەوسەر گەلالی

**بێگومان ئەو توخمە سەرکیانەی کە پێکهێنەری سیستەم و ئیدارەیەکی دیموکراتێکی دوور لە گەندەڵن.. بریتین لە چەندین بایەو توخمی سەرەکی کە هەریەک لەوانە بەدەوری خۆیان توندو تۆڵکەری سیستەمەکن و دەکرێت بەتەواجوودی ئەو توخمانە لەهەر ئیدارەیەکدا.. ناوی لێ بنێین ئیدارەیەکی سەرکەوتووی دیوکراسی کە دەتوانێ بەر بەهەمەوو گەندەڵیەکان بگرێت و ببێتە مۆدێل و نموونەش بۆ دەوروبەرەکەی ئەو بنەچەو توخمانەش بریتین لە:**

- هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادودرانە لەچەشنی هەڵپژاردنە جیاجیاکانی ولاتانی ئەوروپاو رۆژئاوا کە مرۆڤ بەهەمەوو تەوژمک ئازاد لەوی دەچێتە بەر سندوقەکانی دەنگدان یاخود نا. دەنگ بەهەرکەسێک دەدات لەرای خۆی سەربەست وئازاد.

- هەبوونی ئێدارەو ئەزموونێکی کراوە وەڵامدەر بەخەڵک کەسەرجەم وتێکرای مافە کۆمەلایەتی وسیاسی وئابووری ومەدەنیەکانی خەڵک لەبەرچاو بگرێت وزۆر بەچەشنێکی شەفاف وکراوە بەرسڤدانەوی هەبێ بۆ داواکاری هاوولاتیانی جا بۆ ئەوەی

حکوومەت و ئیدارەیەکی شەفاف و کراوە بێتە ئاراوە گەر کە ئەم چەند لایەنەپیادە بکرێت.

یەکەم: نیشاندانی زانیارییەکانی ڕاستەقینە لەباری پلان و سیاسەتەکان لەلایەن خودی دەوڵەت خۆیەو کە ئەم زانیارییانە ڕاستەو ڕاست بەڵگەی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە دەرەنجام کارەکانی ئەوان تێچوونی ئەو سیاسەتانە ئالیەت و میکانزمی بەجێگەیاندنیان دەگرنەوە.

دووەم: دەست پێڕاگەیشتنی خەڵک و چاپەمەنی بەبەڵگەکانی حکوومی، کە ئەم دەستپێڕاگەیشتنەش دەکرێ ڕاستەوخۆ هەم لەرێگای نوێنەرانی پەرلەمانەوە بەئاکام بگات و دۆسیەکانی شەخسی وتاکەکانیش بگرێتەوە.

سێیەمیان: ئاشکرابوونی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و کۆمسیۆنە جیاجیاکانی دی و هەروەها کۆبوونەوەکانی حکومەتیش وئەو ڕاپۆرتانەی کە لەپەراوێزی هەر کۆبوونەوەیەکدا دەردەچن.

چوارەم: بریتییە لەڕاوێژی بەردەوامی حکوومەت لەباری دانان وڕێک ڕەوانەکردنی ڕێبازە جیاوازەکان و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و وەرگرتنی ڕاسپاردە لەخودان و هزرو بیر ڕووناکەکان.

لەدوایی ئەم پێشینەو دەکرێت بزانین کە بۆچی جێبوونی ئیدارەیەکی دیموکراسی دوور لەگەندەڵی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی زەروورەتەو چی بکرێت تاکو ئەم دیفاکتۆیە لەسەر زەوینەدا بچەسپێ ئەگەر چی ئەمرۆکە سیستەمێکی سیاسی و دەسەڵاتێکی نیمچە دیموکراتی لەئارادایەو،ئێمە لە چاو زۆرێک لە وڵاتە دواکەوتووەکان سیستەمە شمولی و دیکتاتۆرەکانی دەورووبەرمان باشتر هەنگاومان بەئاراستەی دیموکراتیزە کردن ڕەونی بە مەدەنی کردن وبەموئەسەسات کردنی دام و دەزگاکانی حکوومەتدا ناو بەڵام بە بەراورد لەگەڵ سیستەمە

پێشکەوتووەکانی وڵاتانی ئەمڕۆی جیهاندا ئێمە هێشتا دوو سەد ساڵ لەپاشەوین و نەمانتوانیوە دیموکراسیەت بەمانای چەمکەکەی پیادە بکەین، بەڵکو هەرکات لەقاڵبێکی تەقلیدیدا خوێندنەوەمان بۆ دیموکراسیزم هەبوو، بەو واتایەی ئێمە تەنها لە بەشێکی دیموکراسی گەیشتووین، ئاگادارنین یان خۆمان بێ ئاگادارکەین لەهەموو ئەو لق و چەمک و بنەمایانەی تر کە بمانەوێ ونەمانەوێ وابەستەن بەدیموکراسیەو بەچەشنێک تۆ ناکرێ بەخۆت بڵێیی خاون ئێدارەیەکی دیموکراتیکم بەڵام نەتوانی ئازادی تاک بەتەواوەتی دەستەبەر بکەیت ونەتوانی پێدڤیەکانی ژیانی ئاسایی بۆدابین بکەیت ئیدعای دیموکراسیەت بکەیت وگەندەڵی لەلۆتکەدا بێت راستە وەک ئاماژەم پێدا ئێمە لەکوردستان ئەمڕۆکە لەئێدارەیەکی یەکگرتوودا مۆدێلێکی جوانمان لەدیموکراسیەت وهەژوانێکی مەدەنیانەی سەربەستانە بنیاد ناو بەڵام جۆرو چەشن و میکانیزمی پیادەکردنی ئەم دیموکراسیزمە لەئەسڵدا کامل نییە، چونکە ساتێ دەتوانین بێژین دیموکراسیەت لەهەر هەموو لوتکەیدایە کەسەرجەم تاکەکانی لەسایەی ئەو ئەزموونەدا کە خۆیان لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە هێناویانەتە سەر عەرشی دەسەڵات هەمووان بەهرەمەندبن بەو دیموکراسیەتەو بێ ئەوەی چینێک پشکی گەورەی بەرکەوێت وئەویتر ژێر دەستەو نابەهرەمەند بێت و دیموکراسیەتی ئەو سنووردار بێت وەک ئەوەی ئەمڕۆکە بەدی دەکرێت کەسی بەرپرس وباڵا دەست زۆرترین ئازادی بەخۆیدا وبەئاسانی دەتوانێ دیموکراسیەت لەخەڵکی خوار خۆی زەفت بکات لێرەو لەم کلاورۆژنەیەدا دەبێ بڵێین کاتێک خەڵک لەڕۆژانی هەڵبژاردندا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەڕۆیشتن وهەرەشەی مەرگ وتیرۆریان لێ دەکرا، کەچی سڵیان لەوەنەکردو نەترسان و دەنگیان دا بەدیموکراسیەت بۆ ئەوەی هاوشانی دەسەڵاتی سیاسی خۆشیان بتوانن لە بەڕێوەبەردنی خۆیاندا دەسەڵاتیان هەبێ و

چیتر دەسەڵات سەردەست نەبێ وخەڵکی بن دەست چونکە حکوومەتی دیموکراتیک واتە دەسەڵاتی گەل بەڵام کاتێ ئەو خەڵکەی تا دوێنێ دەنگێاندا بەڵێنی زل و قەبەیان پێدراو ئەمرۆکەش کە فەرامۆش وپەراوێز دەخرێن ئەوەم گەورەترین بۆشایی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری لەنێوان دەسەڵات وخەڵکدا دێتە ئاراو کە ئەمرۆکە لەئیدارەی حکوومەتی کوردستان تاڕادەیەک بوونی هەیە، کەمە ئینسافەیەک هەیە لەنێوان خەڵکی سادەو دەسەڵاتدا چەندان کەس هەن ئەمڕۆکە مەیلی خزمەت کردنیان هەیە و لەگەڵ دەسەڵاتیشدانین و دەیانەوێ خزمەت و کاروپڕۆژەی جیاجیاو ئەفراندنی گەورە پێشکەش بکەن دەیانەوێ دیموکراسیەت لە بازنەیەکی چەقبەستوودا نەخولێتەوە کۆمەڵگایەکی سڤیلی پێشکەوتوو بێتە ئاراو، بەڵام تا چەند گوێی بۆ ئەوان گیراوە تاچەند توانیومانە سوود لەپسپۆڕیی ئەو کەسانە وەرگرین کەدەتوانن بەڕاستی لەدامو دەزگاکانی دەوڵەتدا سوودو ئەولیەتی کارەکانماندا بەوە دەست پێ بکەین، کەبتوانین سوودو تەجروبە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی تر وەرگرین بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە سیستەمەیان دیموکراسیە وگەندەڵی و دزی تیا کەمە، هەڵبەتە ئەوەش بەرێگای سەردان و ئاشنابوونی سیستەمی ئیداری ئەو وڵاتانەیە لەلایەن لێژنەیەکی باڵاو کە سەردانی ئەو وڵاتانە بکات و کۆمەڵێک خەڵکی شارەزا داوەتی کوردستان بکرێت تاکو بزانین دەروازەکانی بنبڕکردنی گەندەڵی لەکوێدایە، لایەنێکی تری بنبڕکردنی گەندەڵی چەسپاندنی دیموکراسیزم و توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکانی نێوان تاک و دەسەڵاتە بەدیوەکەی داناێ دەسەڵاتی ڕەها بدرێت بەکۆمەڵێک کەس و تەواوی دەسەڵاتیش لەخەڵکی تر بسەنرێتەوە و دەبێ لێرەدا خەڵک بتوانن بەئاسانی دەستیان بگاتە دەسەڵات و قسەی خۆیان هەبێ و بتوانن پێشنیار بکەن وگلەیی ورەخنە ئاراستەی بکەن و بەجدیانەش گوێیان بۆ

دابگیرێ چونکە وەک چۆن بەرپرس پێویستی بە رەفاهیەت وژیان وبەختەوەرییە ئەوها وبەهەمان تەرز هاولاتیش پێویستی بۆیە گەر ئێمە ملکەچی یاسا بین وبمانەوێ دیموکراسیەت فیعلەن بەرقەرار بێت وگەندەڵی نەمینێ دەبێ لێپرسینەوە هەبێ لەسامانی زۆری ئەو کەس و لایەنانەی کە لەکۆن فەیەکونێکدا بەدەستیان هێناوە ناکرێ لێپرسراوێک مووچەکەی حەفتا هێندی فەرمانبەرێک بێت ناکرێ بەرپرسێک هێندە عەرز خانووی هەبێت و هاوولاتیەکی ئاسایش خانوویەکی قورینەی دەست نەکەوێت ساتێ بەئارامی تیایدا بژیت دەبێت حکومەت مووچەی کارمەندانی دەولەت بەشێوەیەکی زانستیانە چاوی پێدابخشێنێتەوە چونکە نابێ کەسێک کارمەندی دەولەت بێت و دەست لە خەڵکی تر پان بکاتەوە و مووچەکەی بەڵێ نیو مانگ بەشی نەکات، چونکە هەر ئەو کارمەندە لەوانەیە لەبەر کەمی مووچە دەرئەنجام بێتە کەسێکی گەندەڵ وبەرتیل خۆر. ئا گەندەڵیەکە لێرەوە دەست پێدەکات لەدووماهیشدا گەر کەلەنێو پەرلەماندا جگەلە نوێنەری لایەن و ئالیە سیاسییەکان نوێنەری خەڵکی ساد وعەشایەریش هەبێ تاکو دەنگی ئەو خەڵکەش زوو بگاتە جێی خۆی بەتایبەتی ئەوانەی کە هەرگافە گلەیی لەدەسەلاتی ئێداری حکومەت دەکەن بەم تەرز بەبۆچوونی من ئەگەر ئەو چەند خالەی ئاماژەم پێدا لەبەر چاو بگیرێ لەوانەیە بتوانین ئەزموونی دیموکراسیەت لەهەرێمی کوردستاندا لەچوارچێوەی قالبێکی پێشکەوتووتردا بەرێوەبەین وتا ئەندازەیەکی زۆریش ڤایرۆسی گەندەڵی کەم بکەینەوە وئیدارەیەکی دیموکراسی بێ گەندەڵ لە واقیعدا دروست بکەین.

# گەندەڵی بریتییە لەئیستغلالکردنی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا

ئەنوەر حسێن*

**"هیچ رژێمێک ناتوانێت داوا لەکەس بکات پەیرەوی یاسا بکات. ئەگەر خۆی دەق و رۆحی یاسا نەپارێزێت" لەم تەوەردا، قسە لەسەر دیاریدەیەک دەکەین، کەکۆمەڵگای کوردستان بەدەستییەوە گیری خواردوەو خودی حکومەتیشی گرتۆتەوە، تەنانەت ئەم چەمکە، هێندە بەربلاو بووە. کەم دەزگاو دامەزراوەی حزبی و حکومی و ئیداری هەیە، کەتووشی ئەم کێشەیە نەبووبێت و مەترسییەکەشی لەوەدایە. تادێت ئەم دیاریدەیە روو لەهەڵکشان دەکات، بەرادەیەک مەترسی لەسەر ئەزموونی حکومەت دروستکردووە، جێگەی پرسیارە.**

### دەکرێت بزانین گەندەڵی چییە؟

لەم بارەیەوە رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی واپێناسەی دەکات" گەندەڵی بریتییە لەئیستغلالکردنی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا.

هەندێکیش واپێناسەی دەکەن کەگەندەڵی رەفتارێکی

بیرۆکراتیانەی چەوتە، ئامانجی هێنانەدی قازانجی شەخسییە بەشێوازێکی نایاسایی و ناڕەوا.

ئەگەر بەپێی ئەم دوو پێناسەیەبێت، لەکوردستاندا ڕێک ئەم واقیعە پراکتیزەکراوە، بەو مانایەی یەکێک لەفاکتەرە ئاساییەکانی گەندەڵی، هێزە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەت و وەزیرو پەرلەمانتاری ئیستغلالی دەسەڵاتەکانیان کردووە، بۆ ئەو مەبەستە، هەربۆیە ئەم دیاردەیە، زیاتر لەناو هێزە سیاسییەکان و بەرپرسەکاندا وەکو لەهەموو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەیە، جاهەندێک لەم گەندەڵیانە بچووکن، وەکو بەرتیلی باوە، لەوەش زیاتر زۆرجار کاربەدەستانی دەسەڵاتەکانی حکومەت و پەرلەمان و دادگا دێنە ناو ئەم گەندەڵییەوە، تابەڕادەیەک ئەم دیاردەیە گەیشتۆتە هەموو ئاستەکانی لایەنی سیاسی.ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی.

بەواتایەکی تر ئەم مەترسییە، تەنها ناوەستێت لەسەر تاکێک و شوێنێک، ئەمەش یەکێکە لەدەرئەنجامی ئەو بارودۆخە کەدیموکراسی تێیدا غائیبە، چونکە ئەوە مەعلومە لەکوێ دیموکراسی گەشەبکات گەندەڵی لەپاشەکشەدایە، دیارە پێچەوانەکەشی راستە؟

بەدەر لەوانە زۆرجار چەند مەسەلەی وارێگا خۆشکەرن بۆ گەندەڵی لەبابەتی (پشێوی ، شیرازە تێکچوون، نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی، بێهێزیی یەکە ئیدارییەکان و نەبوونی چاودێری و کۆنترۆڵی دەزگاکان) کەجاری واهەیە چەند بەرپرسیارو بەڕێوبەری ئیداریی حکومی لێکدەهاڵێن و دەیانەوێت بۆشایەک دروستبکەن و دزەبکەنەناو تۆڕێکی گەورەوە.

لەکاتێکدا بەشێکی ئەم دیاردەیە، حکومەت خۆی

ڕێگاخۆشکەریەتی، بەتایبەتی کە داهاتی بەشێکی زۆر لەفەرمانبەران و موچە خۆران هێندە کەمە کەبەشی بژێوی ژیانیان ناکات و ناچاردەبن پەنا بۆ بەرتیل و گەندەڵی بەرن.

هەربۆیە دەبینی لەناو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمدا، کەمجار بەبێ دیاردەی بەرتیل، کارە سادەکانی خۆت بۆ جێبەجێبکرێت.

باشترین ئەڵتەرناتیڤەکانی دیاریدەی گەندەڵی لەکوردستاندا دەبێ!

- دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت لەخەڵکانی پاک و شارەزا بۆ رووبەرووبوونەوەی دیاریدەی گەندەڵی، وەکو چۆن لەولاتێکی وەکو کوێت، یەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەهێشتنی گەندەڵی هەیە" ئەرکی بەدواداچوون و چاودێری بەرپرسی حزبی و حکومییەکان بێت و لەسامان و داهاتەکانیان بکۆڵێتەوە.

-گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ تەقویەکردنی دیموکراسی و هۆشیاری کۆمەڵگا، کەدەتوانی رۆڵی بەرپرسی هەبێت .

- زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران و رەچاوکردنی بژێوی ژیانیان، تاپەنا نەبەنەبەر گەندەڵی و بەرتیل.

-شەفافیەت لەکارکردنی دەزگاکانی حکومەتدا، سەبارەت بەئامارو خەرجیەکان و لێپێچینەوە لەزیادە رۆییەکان.

-سەپاندی سزا بەسەر کەسانی گەندەڵ و زیندانیکردن و غرامەکردنیان.

-گۆڕینی دەسەلاتەکان.

- دەستکورتکردنەوەی دەسەلاتی حزب و بەرپرسەکان

لەکاروباری ئیداری و حکومیدا، هەربۆیە ئیستا ئەم دیاردەیە، هێندە پەرەیسەندووەو کەجیاوازی داهاتی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانی کوردستان هێندە زۆرە، مەگەر تەنها لەولاتانی ئەفەریقا ئەم دیاریدەیە بەو شکڵە بێ.

ئەمەش واتا دروستبوونی چینێک لەخاوەنی ملیۆنان دۆلار، لەبەرامبەردا خەڵکانی هەژار کەمانگانە کرێی خانووەکانیان پێنادرێ .

گومانم نییە لەو ئامارەی کەدەڵێ لەجیهاندا(١٥٧) ملیاردێر هەن؟ بەلام (١٠٠) ملیۆن کەس بێ سەرپەنان لە کوچەو کۆلانەکان رۆژ دەکەنەوە.

یان دوورنییە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی گەشەی گەندەڵیەوە بکەوێتە ژێر قەرزەوە. وەک ئەو ولاتانەی لەریزی پێشەوەی قەرزدارەکاندان، بەهەمان شێوە لەریزی پێشەوەی ولاتانی گەندەڵن.

بەپێی دوا ئاماری (١٢) یەمین کۆنفراسی دژە گەندەڵی لەگواتیمالا بەشدارن بەئامادەبوونی ، (١٠٠٠) پسپۆڕ، ولاتی (عێراق) دیارە بەکوردستانیشەوە لەریزی پێشەوەی ئەم ولاتانەدابوو کەگەندەڵی تیاندا زۆر لەسەرەوەیەو – پلەی(١٦٠) وەرگرتووەو تەنها(٩،١) خاڵی هەیەو تەنها ولاتی هایتی و میانماری لەپێشەوەن.

بەپێچەوانەوە ولاتانی فنلەنداو ئایسلەندا ونیوزلەندا و دانمارک، لەباشترین ولاتانی دونیا بوون، دیارە عێراق ساڵی (٢٠٠٦)یش بەهەمان شێوە لەریزی پێشەوەبووە.

کەناکرێت عێراق لەکوردستان دابېرێت و بێگومان ئەو ئامارانە کوردستانیش دەگرێتەوە، ئەمەش هەم مەترسی لەسەر حکومەت

هەیەو لەگەڵ ئەو بانگەشەیە نایەتەوە، کەباس لەسیستەمی دیموکراسی و مەدەنی دەکات.

بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێم، جیا لەو خاڵانە پێویستە سود لەئەزمونی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و مۆدێرن وەرگرێت و لەگەڵ ئەم مەترسییە رووبەرووبێتەوە. کەبەرێژەیەکی یەکجار زۆر بەرتیل و پارە وەرگرتن و بەفیرۆدانی سامانی نیشتمان هەیە.

دەبێ یاسا رۆڵی بەرچاوی هەبێ و دادگاکان زۆر دووربن لەم دیاردە ترسناکە.

ئەکتیڤکردنی دەسەڵاتی راگەیاندن. کەلەکوردستاندا رۆژنامەکان رۆڵێکی زۆر باشیان گێراوە لەپێناو دەرخستنی راستییەکان و بڵاوکردنەوەی ئامارو داتاکان، دژی بەرتیل و گەندەڵی ئەمەش وادەکات.

وەکو چاودێر سەیری میدیا بکرێت و رۆڵێکی زۆر باشی هەبێت لەکوردستاندا.

بەبۆچوونی من چۆن چەند هەرەشەی سیاسی و سەربازی لەدەرەوەی سنوورەکان لەحکومەتی هەرێم دەکەن. بەهەمان شێوە دیاریدەی گەندەڵی هیچی لەو مەترسیانە کەمترنییە کەلەناوخۆی هەرێمدان و زۆربەی کارەکترەکانیشی بەرپرسیارو بەرپرسەکانی خودی حکومەتن و هەرەشە لەخەڵکی کوردستان دەکات .

بەڵگەشم بۆ ئەو دووبرە موچەییە کەبەشێکی زۆر لەبەرپرسەکان هەیانە. ئەمەش بەشێکە لەگەندەڵی و رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بەبەشێک لەگەندەڵی دەزانێ، ئەم تەوەرەی رۆژنامەکان زۆر گرنگەو هیوادارم حکومەت بەجددی ئاوڕ لەم مەسەلەیە بدەنەوە.

ئەم خشەتەیە نیشانی دەدات کەعێراق لەپلەی (١٦٢) هەمینە و تەنها (١و٩) خاڵی هەیەو یەکێکە لەگەندەڵترین پێنج دەوڵەتی دونیا ، دیارە لەڕاپۆرتەکەدا باس لەکوردستانیش کراوە وەفدێکی کوردستانیش بەشدار لەکۆنفراسە بووە، بەڵام تائێستا نەمانبینی کەس لەسەر گەندەڵی سزابدرێت و بەقەناعەتی من (ئیدارەیەکی دیموکراسی) هەرگیز بونیاد نانرێت کەگەندەڵی ڕەنگی داوەتەوە و هەموو دەزگاکانی گرتۆتەوەو گەر ئەو ڕێو شوێنانە نەگیرێتەبەر خراپتریش دەبێت.

* سەرنووسەری ڕێبازی ئازادی

## خشتەیەک سەبارەت بەگەندەڵی

| پلە | پاکترین پێنج دەوڵەتی دونیا | ڕێژە |
|---|---|---|
| 1 | فنلەندا | 9.6 |
| 2 | ئایسلەندا | 9.6 |
| 3 | نیوزلەندا | 9.6 |
| 4 | دانیمارک | 9.5 |
| 5 | سەنگافورا | 9.4 |

| پلە | گەندەڵترین پێنج دەوڵەتی دونیا | ڕێژە |
|---|---|---|
| 159 | سودان | 2.0 |
| 160 | کینیا | 1.9 |
| 161 | عێراق | 1.9 |
| 162 | میانمار | 1.9 |
| 163 | هایتی | 1.8 |